ناوی کتێب : جوگرافیایی کەلتووری ناوچەی جەباری

بابەت: لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆژیایی جوگرافیایی کەلتوورییە

ئامادەکردنی: کازم ئەحمەد سەدرەدین (کازم جەباری)

زنجیرە (١٤٧) لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک

سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد عەلی شێخانی – ئاکۆ محەمەد شوانی

چاپخانە: کارۆ

تیراژ: (٥٠٠)دانە

ساڵی چاپ: ٢٠١٣ – کەرکوک

**پرۆژەی چاپکردنی (٢٥)کتێب بە بۆنەی (٢٥) ساڵەی کارەساتی ئەنفال**

# جوگرافیایی کەلتووری ناوچەی جەباری

## لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆژیایی جوگرافیایی کەلتوورییە .

**کازم ئەحمەد سەدرەدین**

**کازم جەباری**

**کەرکوک – ٢٠١٣**

قَالَ تَعَالى:

﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ ﴾.

سورة الروم
الآية(٢٢)

پێشکەش:

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- دایکی بەڕێزم کە وەك پاڵەوانێك لەدوای کارەساتی بەدناوی ئـەنفال خەمەکانی لەکۆڵنا، هەناسەکانی ژیانەوەی پیٚ بەخشیم.
- بە گیانی پاکی باوکی بەڕێزم، کە بەعسییەکان نەیانهێـشت ئـەو مـن ببینێـت و منـیش ئـەو ببیـنم، کەوتـە بـەر شـاڵاوی ڕەشـەبای ئـەنفال، بۆیـە هەمیشە دەڵێم "باوك بۆمن کائینێکی مەعنەوییە".
- پێشکەشە بە تاقانە خوشکەکەم و براکەم و خانەوادەکەم.
- پێشکەشە بە گیـانی پـاکی (٥) هـەزار شـەهیدی هەڵەبجـە و (١٨٢) هەزار کوردی ئەنفالکراو.

ناوەڕۆك


بابەت.

پێشەکی

بەشی یەکەم.

بەندی یەکەم:

چوارچێوەی توێژینەوە.

کێشەی توێژینەوە.

لایەنە تیۆرییەکانی توێژینەوە.

گرنگی توێژینەوە.

ڕێباز (مەنهەج)ی توێژینەوە.

بەشی دووەم.

بەندی یەکەم:

چەمکی کەلتوور.

پێناسەی کەلتوور.

بەندی دووەم:

جۆرەکانی کەلتوور( **type cultural** ).

کەلتووری گشتی.

کەلتووری جەماوەری.

کەلتووری میللی (شعبی).





کەلتووری باڵا.

کەلتووری چینەکان.(گبقات).

بەندی سێ یەم:

توخمەکانی کەلتوور ( **stracture cultural** ).

ئایین.

زمان.

داب و نەریت ( کەلەپور ).

ئەدەب و هونەر

جوگرافیایی کەلتووری.

بابەت.

بەشی سێ یەم.

بەندی یەکەم:

شوێن و مێژووی ناوچەی جەباری.

بەندی دووەم:

تایبەتمەندیە سروشتیەکانی ناوچەی جەباری.

تایبەتمەندیە مرۆییەکانی ناوچەی جەباری.

سنورەکانی خێڵ و کەلتووری ناوچەی جەباری.

بەندی سێ یەم:

تایبەتمەندی توخمەکەلتووریەکانی ناوچەی

جەباری.

ئایین.

زمان.

داب و نەریت ( کەلەپور ).

ئەدەب و هونەر.

پوختەی لێکۆڵینەوە.

سەرچاوەکان.

## پێشەکی

توێژینەوەکە بریتییە لە توێژنەوەیەکی تیۆری مەیدانی، جوگرافیای کەلتووری ناوچەی جەباری، وەك ئاشکرایە ناوچەکە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی پارێزگای کەرکوك خاوەن پێگە و جوگرافیایی دیاریکراوە، دانیشتوانەکەی کوردن. لەدێرزەمانەوە لەم ناوچەیە ژیاون، میراتگری کەلتوور و داب و نەریت و ئەدەبیاتی تایبەت بەخۆیانن. وا دەردەکەوێت مێژووی ناوچەکەماڵوێرانی و کاولکاری زۆری بەخۆوە بینیوە، بۆیە کارکردن لەسەر کەلتووری ناوچەکە تا ڕادەیەك قورس بوو بۆ ئێمە، لەلایەك ئەم ناوچەیە زۆر بەتوندی لەڕووی جەستەییەوە کەوتە بەر گورزی قورسی ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکان بەتایبەت ڕژێمی بەعس، خەڵکی ناوچەکە ژمارەیەکی زۆریان لێ ئەنفالکرا کە خۆی لە(٢٥٠)، کەسدا دەبینێتەوە. لەلایەکی تر ئەم ناوچەیە تا پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی٢٠٠٣ قەدەغەکراو بوو بەمەش چەمکی دابڕانی کەلتووری دروست بوو، بەتایبەت لای چینە بەتەمەنەکان. ئەم دیاردەیە زۆرتر هەستی پێ دەکرێت ئەوان ڕانەهاتوون، لەگەڵ ژیانکردن، لەناو کەلتووری شاری. بەڕای ئەوان ئەم کەلتوورە داهێنانی بەرەنجامی پرۆسەی ئەنفال و



ڕاگواستنی گەلی کوردە، بەدەست ڕژێمی بەعسی. کە دوابەدوای پرۆسەی ئەنفال لە ناوچەکەیان تەبەنی کراوە. لەمیانی توێژینەوەکەماندا زۆرماندووبووین بەدوای کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر ناوچەکە و کەلتوورەکەی، چونکە تا ئێستاش زۆرلایەنی مێژوویی و ژیانی ئەم ناوچەیە دیارنین کەوتوونەتە بەرشاڵاوە دڕندانەکانی بەعس، بەتایبەت سیماکەلتووریەکانی ناوچەکە. توێژینەوەکەی ئێمەش سەر بە مەنهەجی سلوکی (ڕەفتار)ییە، لە جوگرافیایی مرۆییدا، ئەم مەنهەجەش بایەخ بەدیاردە جوگرافی و کەلتووری و ژینگەیەکان دەدات و شیان دەکاتەوە. لە بەشی یەکەمی توێژینەکەماندا جەختمان لەسەر کەلتوور کردووەتەوە وەك چەمك، تیۆر، گوتار. هاتووین لەبەر ڕۆشنایی جوگرافیایی کەلتووری بەسوود وەرگرتن لە زانستە مرۆڤایەتییەکان (سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا و سایکۆلۆژیاو.. هتد). چەمك و مانا و ئاماژە کەلتوورییەکانمان شی کردووەتەوە. هەروەك جۆرەکانی کەلتوورمان هێناوەتە بەر باس خوێندنەوەکانمان لە چەند جۆرێکی کەلتوور"کەلتووری گشتی، کەلتووری جەماوەری، کەلتووری میللی، کەلتووری باڵا، کەلتووری چینەکان"پوختکردووەتەوە.یەکێکی تر لە وێستگە گرنگەکانی توێژینەوەکەمان، شیکردنەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی کەلتوورە. لێرەدا تیشکمان خستووەتە سەر هەر یەك لەو توخمانەی کە بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی کەلتوور دادەنرێ ئەوانیش "ئایین، زمان، داب و نەریت(کەلەپوور)، هونەر و ئەدەب"، پاشان ئەم ڕەگەزانەمان بەستووەتەوە بە جوگرافیایی کەلتووری. لە بەشی سێیەمدا، ئاڕاستەی

کـاره تیۆرییـــەکانی توێژینـــەوەکانمان چـڕکردووەتەوە لەســەر ناوچــەی جەباری، لە ڕوانگەی شوێنی جوگراف و مێژوویی و تایبەتمەندییە سروشتی و مرۆییـــەکانی ناوچـــەکە، دەلاقەیـــەکی نوێمـــان ئـــاوەڵاکردوە لەبـــەردەم پراکتیزەکردنی ڕەگەزە کەلتوورییەکان و جێبـەجێکردنی بەسـەر ناوچـەی جەباریـدا. نەخـشەی پێویـست و وێنـــەی گونجاومـــان وەك بەشـێك لـــە مەبەســـتەکانی ڕێبـــازی توێژینەکـــەمان و ڕوونکردنـــەوەی بابەتـــەکان بەکارهێناوە.

لەکۆتاییـدا پێمـان وایـە جوگرافیـای کـەلتووری کێڵگەیـەکی باشـە بـۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر لایەنە شاراوەکانی جوگرافیا و کەلتووری هەر ناوچە و نەتەوە و هۆزێك، ئەگەر لێتوێژینەوەی لەسەر بکرێت.

کازم جەباری

**گەرمیان**

# بەشی یەکەم



## بەندی یەکەم.

چوارچێوەی توێژینەوە.

کێشەی توێژینەوە.

لایەنە تێۆرییەکانی توێژینەوە.

گرنگی توێژینەوە.

مەنهەج (ڕێباز)ی توێژینەوە.

## بەشی یەکەم

**چوارچێوەی توێژینەوە:**

چوارچێوەی توێژینەوەکە بریتی یەلە توێژنەوەیەکی تێوری مەیدانی، سۆسیۆئەنترۆپۆلۆجیای جوگرافیای کەلتووری ناوچەی جەباری، بە بەکارهێنانی نەخشەی تایبەت بە ناوچەکە ، وەك ئاشکرایە ناوچەی جەباری یەکێکە لەو ناوچانەی کەدەکەوێتە خۆرهەڵاتی پارێزگای کەرکوك خاوەن نەخشە و جوگرافیا و سنوری ناوچەیەکی دیاریکراوە و دانیشتوانەکەی کوردن. لە دێرزەمانەوە لەم ناوچەیە ژیاون و خاوەن کەلتوور و داب و نەریت و ئەدەبیاتی خۆیانن.

**کێشەی توێژینەوە:**

١.چەمکی کەلتوور چەمکێکی فرە ڕەهەندە، بۆیە چۆنیەتی کارکردن لە چوارچێوەی بابەتە کەلتووریەکاندا پێویستی بەخوێندنەوە و سیاغەکردنەوەی تازەیە.

٢.چۆن بتوانین جوگرافیایی کەلتووری، وەك بابەتێکی نویێ لە خوێندنەوەی دیاردە مرۆیەکان، بەسود وەرگرتن لە زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەتایبەت سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا...هتد.بەکاربهێنین لە توێژینەوەکاندا، لەکاتێکدا ئەم بابەتانەش تاڕادەیەك بەزمانی کوردی کەمن بۆیە توێژەر لەکاتی توێژینەوەکەیدائیشکالی بۆ دروست دەبێت و ناچاردەبێت پەنابباتە بەر سەرچاوە ئینگلیزی و عەربی و فارسییەکان.



٣.بەو پێ یەیی توێژینەوەکامان توێژینەوەیەکی مەیدانی و تێورییە لەسەر بابەتێکی وەك جوگرافیایی کەلتووری، ناوچەیەکی دیاریکراو. بۆیە بەهۆی کەمی سەرچاوە لەسەر ئەو ناوچەیە بەگران توێژینەوەکەمان تەواوکرد.

٤.بەهۆی ئەو ماڵ وێرانی و کاولکاریەیی بەسەرناوچەکەدا هاتووە، هێشتا زۆرلایەنی مێژوویی کەلتووری ناوچەکە وونە. ئەمەش کێشە بۆ هەرتوێژەرێك دروست دەکات کە بیەوێت توێژنەوە لەسەر ناوچەکەبکات.

٥. یەکێك لە ئیشکالیەتەکانی توێژینەوەکەم، جگەلە کەمی سەرچاوە، کەمی کەسانی شارەزابوو، تابتوانم لە چاوپێکەوتنەکانیان. سودمەندبم. ئەمەجگەلە کەمی وێنە و نەخشەی پێویست تا یارمەتی دەربێت لە ڕونکردنەوەی مەبەستەکانی بابەتە کەلتووریەکانی توێژینەوەکەم.

**لایەنە تێورییەکانی توێژینەوەکە (تێوریایی توێژینەوە)**

ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی تێوری و مەیدانی یە سەبارەت بە جوگرافیای کەلتووری و کەلتووری ناوچەی جەباری، بریتی یە لە گەڕان بەدوای مێژوو کەلتوور و کەلەپۆری ئەم ناوچەیە، لەژێر وردبینی خوێندنەوەیەکی نویێ ی جوگرافیای کەلتووری، شان بەشانی ناساندنی چەمکەکان و جۆرەکان و توخمەکانی کەلتوور، هاتوین باسمان لە تێوری جوگرافیای کەلتووری کردووە و دواتر ئەم باسانەمان بەسەر جوگرافیایی کەلتووری ناوچەی جەباریدا جێ بەجێ کردووە، لە ڕوی شوێن جوگرافیا و تایبەتمەندیە سروشتی و مرۆیەکانی ناوجەی جەباری و هەروەك گرنگترین توخمەکانی کەلتوورشمان لەسەر جوگرافیای ناوچەکە جێ بەجێ کردووە.

**گرنگی توێژینەوەکە.**

لەڕوی تیۆرییەوە: گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، بە نسبەت بابەتێکی وەك جوگرافیا دیاردەیەکی تازەیە کە لابەلای بابەتێکی گرنگی وەك جوگرافیای کەلتووریدا بکاتەوە، بابەتەکەش لەسەر کەلتووری ناوچەیەك بێت کە بە شێکی زۆری کەلتوورەکەی بەرەو کاڵبونەوە و لەناوچوون دەچێت بە هۆی ئەو سیماداگیرکاریانەی کە ڕژێمەکانی پێشوو بەتایبەت ڕژێمی بەعس دەرحەق بەخەڵکی ناوچەکەو کەلتوورەکەی بەرپایانکرد.

١. ڕەنگە تازەترین توێژینەوەبێت لە ئاستێکی زانستی و بە پشت بەستن بە چوارچێوە زانستی و ئەکادیمیەکان ئەنجامدرابێت.

٢. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زانست بەتایبەت جوگرافیا ئاوڕ لەکەلتووری ناوچەکان بداتەوە، بابەتە کەلەپوری و کەلتووریەکان لە لەنەناوچوون بپارێزێت و هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەبێتەهۆی ئەوەی خوێندنەوەیەکی تازە بۆ کەلتووری ناوچەکە ناوچەی جەباری بکات. کە ئەمەش خزمەتێکە بە پاشخان و کەلتووری مادی و مەعنەوی خەڵکی ناوچەکە و جوگرافیای کوردستان و کەلتووری کوردەواری.

٣. لە ڕووی مەیدانیەوە کاتێك گەشتێك بەناوچەی جەباریدا دەکەیت پتر شارەزای کەسایەتی و داب و نەریتی ناوچەکە دەبیت، هەروەك لەنزیکەوە بە جوگرافیای ناوچەکە ئاشنا دەبیت.



٤. دەتوانین بڵێین جوگرافیای کەلتووری کێڵگەیەکی باشە بۆ ڕوماڵکردن و کۆکردنەوەی زانیاری(داتا) لەسەر لایەنە شاراوەکانی جوگرافیا و کەلتووری هەرناوچەکە ئەگەر لێتوێژینەوەی لەسەربکەین.

٥. ئەم بابەتە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی دەلاقەیەکی نویێ بەڕوی بابەتێکی وەك جوگرافیادا بکرێتەوە ئیتر جوگرافیا لە چوارچێوە تەسکەکەی بهێنرێتە دەرەوە و بکرێت بە کێڵگەیەك مەیدانیەن کاری لەسەر بکرێت، تەنها پەیوەست نەکرێت بە ئاو هەوا و باکور و باشور بەڵکو لایەنە جیاواز و هاوبەشەکانی لە گەڵ زانستەکەکانی تر بەراورد بکرێت و پێکەوە هاوپەیوەند بکرێت تا ووێستگەیەك بێت بۆ خوێندنەوەیەکی نویێ ی جوگرافیاییانە.

٦. دەکرێت بابەتەکانی جوگرافیا تێکەڵ بەزانستە کۆمەڵایەتیەکانی وەك (سۆسیۆلۆژیا و دەرونزانی و ئەنتریۆلۆژیا و ...هتد) و زانستەسروشتیەکانی وەك (بایەلۆجی و گەردونزانی و فیزیا و ...هتد) بکرێت بەمەش خوێندنەوەیەکی نویێ و دەرەنجامێکی تازەمان دەست دەکەوێت، یارمەتی دەرمان دەبێت بۆ داهێنانی نویێ.

**مەنهەجی توێژینەوەکە:**

ئەو مەنهەجەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە مەنهەجێکی سلوکی(ڕەفتاری)یە، کە یەکێکە لە میتۆد و ڕێبازە تازەکانی جوگرافیایی مرۆیی، بەتایبەت پەیوەندیندارە بە جوگرافیایی کەلتووری، هەروەك هەوڵدانە بۆ خوێندنەوەی کاریگەرییەکانی ژینگە(environmentai). لە سەر مرۆڤ و کەلتوورەکەی، کەواتا لەم توێژینەوەیەدا کاریگەری مرۆڤ و بنەما جوگرافیەکان، لەسەر کەلتوور شی دەکەینەوە.

# بەشی دووەم



## بەندی یەکەم:

## کەلتوور وەک

## چەمك، تیۆر، گوتار

## چەمكی كەلتوور.

(چەمك)*ی كەلتوور لەزمانی ئینگلیزیدا لە بنەڕەتدا لە "ووشەی (culture) وە وەرگیراوە، كە هاو واتای ووشەی(الثقافة) ی عەرەبیە، لەزمانی فارسیشدا بە(فرهنگ)نادەبریت، كە ماناكەی لە فراژووبوون (الانما)دا خۆی دەبینێتەوە، سەرەتا بە پەیوەندی(communecation) نێوان كشتوكاڵ(agriculture) و فراژوبوون(ئالوگۆڕكردن) ووتراوە". [(١)] ، مرۆڤ لەكۆندا زۆرتربەكێڵان و كشتوكاڵ و پیشەگەلی سەرەتایەوە خەریك بووە و ژیانێكی تاڕادەیەك سەرەتایی گوزەراندووە، ئەو كۆمەڵگایانەش كەمرۆڤی تیدا ژیاوە زۆرتر كۆمەڵگەیەكی سەرتایی بووە، بەتاقە(وزەی بازو)ی مرۆیی خۆیان پشتیان بە ڕەگەزە سروشتی و جوگرافیەكانی وەك ئاو هەوای گونجاو، سود وەرگرتن لە زەوی و ڕوبار و چاندن و كشتوكاڵ و ڕەگی ڕوەكەكان و گەلای دارەكان و...هتد، بەستووە لە پێناو دابینكردنی پێویستیەكانی ژیان، ئەمەش یەكێك بووە لە ئادگارەكانی مرۆڤی كۆن.

لەبەر ئەوەی كشتوكاڵ ناسراوترین و بەردەسترین پیشەبووە لەكۆنداكە مرۆڤ ناسیبێتی، بۆیە مرۆڤ هەمیشە بیری لەوە كردۆتەوە نەوە لەدوای نەوە بەردەوام لەبیر(thought)ی پێشكەوتن و گەشەكردن و پەروەردەكردن و فراژوبونی ئەم پیشەیەدابێت، ئەمەش سەرنجمان بۆلای



بابەتێك ڕادەكێشێت كە پێدەچێت لە دەرەنجامی كارلێكی نێوان قۆناغە یەك لەدوایەكەكانی ژیانی مرۆڤ لە گەڵ سروشت و ژینگە و ڕەگەزە جوگرافیەكان بەرهەم هێنەری چەمكیك بیت بەناوی (جوگرافیای كەلتووری) كەلە هەمان جیهانبینی و نمایندەی بیری مرۆڤەوە سەری هەڵدابێت.وەك لە سیاقەمێژوییەكەشدا ووشەی كەلتوور لە ڕەگی ووشە یۆنانیەكەیدا بە واتای نزیك لە كشتوكاڵ كە "كێڵان یان (گەشەسەندن) هاتووە لەسەرەتاوە مەبەست لەم ووشەیە بەتایبەت لەڕووی ڕێزمانی و زمانەوانیەوە تەنها وەبەرهێنان و گەشەپێدانی زەوی و بەربووم بووە، بەڵام لەسەردەمی سەرەتاكانی شۆڕشی فەرەنسی واتا لەسەدەی هەژدەهەمدا چەند فەیلەسوف و بیرمەندێكی وەكو (ڤۆلتێر) ووشەی كەلتووریان بەواتای گەشەپێدانی عەقڵ و ڕەوشت بەكارهێناوە پاشان بەهەمان مانای گەشەپێدانی عەقڵ ئەم ووشەیە گوازراوەتەوە بۆ ئەڵمانیا و چەند شوێنێكی تر". [(٢)]

---

* مەبەست لەچەمك(comprehension):كۆمەڵێك سیفەت و چوارچێوەبەندەكە مانایەكی هەمەكی یان گشتی دەستەواژەیەك ڕوون دەكاتەوەلەسەر بنەڕەتی ئەو پێناسە و پۆلێنكردنەی كە ئەنجام دەدرێت، لەڕوی فەلسەفیشەوە چەمك ناسینی شتێكە بەو شێوەیەیی خۆی هەیە.

(١) سەروەر محەمەد عبدولا، ، لێكۆڵینەوەیەك لەسەر كۆسپەكانی كەلتووری بەشداری كردن، گۆڤاری هێشتا، ژمارە(٧بۆ٨) ساڵی ٢٠٠٦لاپەڕە(٦)

(٢) چالاك عەلی، ، لێكۆڵینەوەیەك لەسەر (كورتەیەك دەربارەی كەلتوور)، گۆڤاری متمانە، ژمارە(٨) ساڵی ٢٠٠٥لاپەڕە(٨)

بەپێ ی تێپەڕبوونی قۆناغەکانی ژیانکردن، چەمکی کەلتوور خوێندنەوەی جۆراو جۆری بۆ کراوە و لێکۆڵەران و بیرمەندانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و سەرنجی کەلتوورناسان و سۆسیۆلۆژستان و ئەنترۆپۆلۆشتەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، هەرلەساتی سەرهەڵدانیەوە بەتایبەت دوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئەنجامی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتدا هاتۆتەکایەوە، بەشێوەیەك "هیچ زانستێك بەبێ گەشەکردنی کەلتووری داهینانی فیکری ڕەوتی دەوڵەمەندی ڕێنسانسی ڕۆشنبیری نەهاتۆتەگەشەکردن". [1]

مێژووی بیری مرۆڤایەتی مێژوویەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە و هەر چەشنە ڕاجیایەك لە گوزارشت کردنی مرۆڤ بۆ چەمکە مێژوییەکان ئەچێتە چوارچێوە و سیاقە مێژوییەکەی بەریەك کەوتنی بیری مرۆڤ لە گەڵ ڕووداوەکان و چۆنیەتی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆچەمکەکان و دیاردەکان، مێژووی چەمکی کەلتوور بەو شێوەیەیی ئەمڕۆ لە زانستدا بەکار دەبرێت ، باس لە سەرهەڵدانی چەمکێکی نوێ دەکات لە نێو کۆمەڵە واژەیەکی جۆربەجۆردا ڕەگ و ریشەی واژەی کەلتووریش دەچێتەوەسەر "زمانی کلاسیك لەوانەیە لە زمانی پێش کلاسیکی لاتینیەوە هاتبێت لە بنەڕەتدا مانای کشتوکاڵ یان پەروەردەکرن بدات.

---

د. فازل جاف، ووتارێك لەسەر(سیاسەتی کەلتووری)، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(١١٧٤)، لاپەڕەی فەرهەنگ لاپەڕە(١٥).



ئەم واتایە هێشتا لە واژەکانی (agriculture) وەرزێری(horticulture) باخەوانی و (cult) و(cult us)ئایین لە جێ ی خۆیدایە و لە فۆرمی تازەی وەك(bee culture) بەخێوکردنی مێشەهەنگ (oyster culture) بەرهەمهێنانی کوێچکە ماسی ( pearl culture) بەرهەمهێنانی مرواری (bacillus culture)بەرهەمهێنانی باسیل، هەر هەمانا بەکاردەبرێت واژەی کەلتوور بۆ یەکەمجار لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە مرۆیەکاندا لە ساڵی ١٧٥٠ز، لە زمانی ئەڵمانیدا بەو مانایە بەکاربراوە.

زمانە (ڕۆمیکییەکان)*. و زمانی ئینگلیزی تاماوەیەکی زۆر واژەی(civilization) شاری ئاینی یان ژیاریان لە بری (culture) بەکار هێناوە مەبەستیان لە بەکاربردنی ئەو واژەیەش (education)پەروەردە کردن، چاکسازی(reform)، پێشخستن، یان پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بووە... پێدەچێت ئەم واژەیە لە سەردەمی ڕێنسانسەوە سەری هەڵدابێت. ئەگەری ئەوەش هەیە کە فەرەنسی بێت و لە کرداری civilizer بە مانای وەرگرتنی داب و نەریتی خەڵکی شارنشین هاتبێت"[2]

---

* romance languages ئەو زمانانەن کە لە زمانانی ووڵاتان جیابونەتەوە وەك زمانی پورتوگالی و ئیسپانی و فەرەنسی و ئیتالی و ڕۆمانی.

(٢) داریوش ئاشوری، کەلتوور چەمك و پێناسەکان. وەرگێڕانی کۆسار فتاحی، چاپی یەکەم، سلیمانی ٢٠٠٨ لاپەڕە١٣ـ١٤.

چەمکی کەلتووریش وەك پێدراوێکی مرۆیی و "چرکەساتی دوای حاڵەتی سروشتی... مانا بەژیان دەبەخشێت، ئەوە کەلتووره دەبێتە قۆناغی ئیدراککردنی شتەکان و زانین لە بارەیانەوە، ئەوە زانین و ئیدراککردنە لە میانی بەرهەمهێنان و دروستکردنی ووینەی زەینی لە بارەی شتەکانە وەتیکەڵ بەیەك دەبیت، وێنەی زەینیش دێت و مانا بەشت و دیاردەکان دەبەخشێت پێوەری تازە دادەهێنێت بۆ تێگەیشتن و ڕێکخستنی توخمەکان". [1] لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی نوێ و پێشکەوتنی زانست و دەرکەوتنی زانستەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی مرۆیی لە ژێرناوی زانستەمرۆییەکانی وەك سۆسۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا و ئیکۆلۆژی و ئارکیۆلۆژی و ...هتد،چەمکی کەلتوورناسیش وەك بابەتێکی زانستێکی نوێ و سەربەخۆ لە پاڵ زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا دەرکەوت.

(ئیدوارد بارنت تایلەر)ی بەریتانیش "لە سەدەی نۆزەهەم و لە ساڵی ١٨٧١ز دەست پێشخەری دەکات لە ناسنی چەمکی کەلتوور و لەیەکەمین بەشی کتیبەکەیدا(کەلتووری سەرەتایی)، primitive cultre کەلتوور بە موزایکێکی پێکهاتوو لە مەعریفە، دین، هەنەر، یاسا، مۆڕاڵ و هەرچەشنە توانایی و خووخدەیەك کەمرۆڤ وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە بەدەستی دەهێنێت"دەناسێنێت. [2]

---

(١) ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر (بەها وەك پێدراوێکی کەلتووری)، گۆڤاری کۆمەڵناسی، ژمارە (٣ـ٤)، لاپەڕە (٨٦).

(٢) داریوش ئاشوری، سەرچاوەی پێشوو.



بەمەش دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی چەند قۆناغێکی مێژوویی ئەم چەمکە گەشەکردنی بەخۆوە بینیوە بەو پێ یەیی کەلتوور لە زەمینەی سەرخان و ژێرخانی مرۆیی پێك دێت کە خۆی لە "ژێرخانێکی روحی و سەرخانێکی زەینی بۆماوەییدا دەبینێتەوە" [1].

هەموو کۆکەڵگەیەکیش بە بێ کەلتوور توێکلێکی ناوەڕۆك بەتاڵی بێ ئیدراکە و گشتێتی ڕەهەند و توخموکانی کەلتوور لەدەست دەدات، مانایەك بۆ بەهاو پێوەر و سەرخان و ژێرخانی مرۆیی ناهێڵێتەوە وەك ئەوەی کەلتوور لە چوارچێوە گشتێکەیدا بەوەناسراوەکە کە"گشتێکی ئاڵۆزە، توخم و ڕەگەز، ستراکچەر(پێکهات)ەیەکی جیاواز و دژبەیەکی وەك و داب و نەریت، بەها و پێوەر زانست، یاسا زۆر لایەنی ماتریاڵی وەك جل و بەرگ، خانوبەرەی لەخۆ گۆتووە". [2]

(ئەنتۆنیۆ گیدنز) سۆسۆلۆژستی بەریتانی کەلتوور بە چەمکی کۆمەلگاوە دەبەستێت و بەپێداگری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لەسەر ئەو ڕایەشە کە چەمکی کەلتوور( لەوبەهایانەپێك دێت کە ئەندامانی گرۆپێکی دیاریکراو هەیانە، لەو ئاکارانەی پەیڕەوی لێدەکەن و ئەو کاڵامادییانەی کە بەرهەمی دەهێنن). [1]

---

(١) بەختیار عەلی، کەناڵی NRT، شەوی٥/١٢/٢٠١١.

(٢) هیوا حاجی دێلۆیی، ووتاریك لەژێرناوی(پێناسەکردنەوەی کەلتووری)، گۆڤاری کۆمەڵناسی، ژمارە(١) لاپەڕە(١٣).

(٣) ئەنتۆنیۆ گیدز، کۆمەڵناسی، و: حەسەن ئەحمەد، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم هەولێر٢٠٠٩، لاپەڕە(٦٤).

بەڵام هەندێکی تر لە زانایان چەمکی کەلتوور لەگەڵ چەمك گەلێکی وەك سروشت ناو دەبەن، وەلێ قسەکردن لە سروشت لە چوارچێوەی کەلتووردا ئاماژەیەکی بەربڵاو ترمان پێدەدات کاتێك (سروشت وەك یەکەمین لانکەی مرۆڤایەتی)دەرگیربێت لەگەل کەلتوور، کلتوریش سەرجەمی بەرهەمی مرۆیی بێت بەرامبەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی سروشت، بەم پێیەش سروشت دەبێتە بەشێك لەکەلتوور، کلادیۆشتراوس ئەنترۆپۆلۆجیکی بونیاد گەر پێ ی وایە "جیاکاری لە نێوان کەلتوور و سروشت جیاکاریەکی کورت برە..هەروەك هەموو بۆچونیك دەربارەی سرووت، بۆچونێکی کەلتووری و مرۆییە و هەربۆیەش دەتوانین بڵێین تەنانەت زانستی سروشتیش، زانستی مرۆیی و کەلتوورین".[1] رەنگە لێرەوە بگەینە ئەو ەی کە پەیوەندی نیوان سروشت و کەلتوور پەیوەندیەکی ئیشکالاوی بیت، جۆریك دژیەکی(ناوکۆك) لە چەمکی کەلتووردا ئەفرانـدبیت، دوالێزمی کەلتووری لەگەڵ سروشدا دروستکردبیت، بەو پێ یەیی کەلتوور گشتێکی ئاڵۆزە لە کۆمەڵێك ستراکچەری جیاواز پێك دێت. ئەمەش وای لە (جاك دریدا) داهێنەری تێوری هەڵوەشاننەوە(deconstruction)*. کرد.

(١) د. حەسەن بەشیرییە. تێوری کەلتووری.وەرگێڕانی مەنسور تەیفوری. چاپخانەی بینایی چاپی یەکەم ٢٠٠٦لاپەڕە(٤ـ٥).

* تێوری هەڵوەشاندنەوە لە بنەڕەتدا لە سەربنەمای دژیەکی و بەرهەمهێنانی پرسیار هاتۆتەکایەوە، کاتیك قودرەتی پرسیار گومان لە پرنسیپەکانی پرۆسەی دامەزراوەیەکی میتافیزیکی دروست دەکات، وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەکەوێتە ئەستۆی میتافیزیکا، کاتێکیش میتافیزیکا ناتوانێت وەڵام بۆ پرسیارەکان دابنێت، لەناوخۆیدا دووچاری دژیەکی دەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە جاك دریدا دێت تێوری هەڵوەشانەوە ڕادەگەیەنێت.



دوای جیابونەوەی لە بونیادگەرەکان، وەك داهێنەری چەمکی هەڵوەشانەوە، لەمیانی تێورەکەیدا خوێندنەوەی تایبەتی هەبێت بۆ پەیوەندی دوالێزمی نێوان سروشت و کەلتوور.

میتافیزیکش وەك توخمێکی بان مرۆیی و مەعنەوی بهێنێتە بەرباس و بیکات بە دەسکەلای خۆی تێورەکەی لەسەردابرێژێت، پێ ی وابێت" چەمکی سروشت و کەلتوور بەرهەمهێنەری ئەو دژکاریەییە کەلە چرکەساتی لەدایکبونی میتافیزیکدا هاتۆتەبوون،ئەو دژکاریەش بەردەوام لە سەر زنجیرەیەکی یەك لەدوایەکی بێکۆتای گۆڕینی سێنتەرێك بە سێنتەرێکی دی دامەزراوە، ئەوەش بەردەوام ئەوەمان دێنێتەوە یاد کە سێنتەرێك لە نێو چەمکی سروشتدا دێتەبوون، لەبەرامبەر ئەوەشدا سێنتەرێکی دی لە شێوەی دەزگای هونەری و یاسایی لە سایەیی زنجیرەیەکی مێژویی ناکۆتا دادەمەزرێت".[1] لە ئەنجامی شیکار و خوێندنەوەی جۆراو جۆر و ڕەخنە ئامێز بەتایبەت لەدوای سەدەی بیستەم، چەمکی کەلتوور بەرەو پێشڤەچونی باشی بەخۆوە بینی و ئەمەش بووەهۆی سەرهەڵدانی ئەدەبیاتێکی فرەچەشنی بەربڵاو، بەمەش زیاد لە هۆکار و پاڵنەرێك کاریگەریان لەسەر بەرەو پێشڤەچوونی چەمکی کەلتووردا بینی بۆنمونە"یەکەم: لە ئەنجامی کۆچی بەربڵاو پێکدادان (لێککەوتن) و پەیوەندی کەلتووری بۆتەهۆی دەرکەوتنی کەلتووری جیاواز و جیاوازی لە نێوان کەلتوورەکان.

(١) ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، جاك دریدا و هەڵوەشاندنەوە. چاپخانەی کەمال، سلێمانی٢٠١٠، لاپەڕە٨٤.

دووەم: لە وولاتانی ڕۆژئاوا شانۆی کەلتووری لە بنچینەوە وەرچەرخانی بەخۆوە بینی پیشەسازی کەلتووری (industry culture)جۆرە تێکەلاویەکی لەنێوان بازرگانی و کەلتووردا دروستکرد.

سێ یەم: بەدەرکەوتنی تۆڕەکانی پەیوەندی لە ئاستی جیهانیدا وایکرد میدیاکان دەورێکی گەورە لەبلاوکردنەوەی کەلتووری مۆدێرنەدابگێڕن.

چوارەم: فرەڕەنگی کەلتوورەکان بوبەهۆی کەلتووری جەماوەری( masses culture)، کەلتووری گەنجان، کەلتووری ئەتنی، کەلتووری پۆست مۆدێرنە، دوایەمین شتیش پرۆسەی بە جیهانی بوونی کەلتوورە، کە هەندێك دژەکردەوەی بەرەنگاریکاری گرژکردەوە هەر ئەمەش بوە هۆکارێك بۆ لێکدانەوەی پەیوەندی لە نێوان (کەلتوور و هێز)، لەئاستی نێونەتەوەیدا".[1]، بەرمەبنای ئەمە چەندین تیۆری وەك پێکدادانی کەلتوورەکان( culture clash) ئەوەی (کارل پۆپەر)* باسی دەکات یان وەك ئەوەی (سامیۆل هانتنگتۆن) بە (پێگدادانی شارستانیەکانیەکان) گوزارشتی لێدەکات دێتەکایەوە. لێرەدا کەلتوورەکان لەسەربنەمای هێز، دەبن بە کۆنکرێت و کار لەسەر سڕینەوەی یەکتر دەکەن لەپێناو مانەوەیاندا، خۆیان بەسەریەکتردا فەرز دەکەن. وەك بلاتفۆڕمێکیش چەمکی شوناس و کەلتووری نەتەوەیی دەردەکەوێت، دەبێتە ئەلتەرناتیڤێکی فۆرمەلەبوو لە ئەنجامی ئەو پەرچەکردارانە قوت دەبیتەوە و شەرعیەت وەر دەگرێت.

---

(١) د.حەسەن بەشیرییە، سەرچاوەی پێشوو.

* کارل پۆپەر زانا و فەیلەسوفی بەرگەز نەمساویی _ بەریتانییە.لە بیست و پێنجەمین سالیادی پەیمانی دەولەتی نەمسا لە ڤیەنای پایتەخت وتارێکی لەژێرناوی(دەربارەی پێکدادانی کەلتوورەکان) پێشکەشکرد بۆیەکەمینجار وتارەکە لەسالی ١٩٨١بلاوکرایەوە.بڕوانە گۆڤاری سەردەم ژمارە(٥٠)ی نیسانی٢٠٠٧ز.لاپەڕە٨٦



## پێناسەی کەلتوور

کەلتوور وەك ئەوەی، چەمکێکی ئالۆز و فرەڕەهەندە و دەتوانرێت لە چەندین ڕەهەندی فکری و مێژوویی و سۆسیۆلۆژی و ئەسنرۆپۆلۆژی و تەنانەت سایکۆلۆژیشەوە پێناسی جۆراو جۆری بۆبکرێت، نەسکدار بکرێت. (ئیدوارد تایلۆر) tylor یەکەم کەس بوو کە لە کتیبەکەیدا (کەلتووری سەرەتایی) پێناسەی کەلتووری کرد بەوەی "کەلتوور بریتی یە لە پێکهاتەیەکی ئالۆز لە مەعریفە و بیروباوەڕ و هونەر و یاسا و ترادسیۆنەکان... هەرتاکێك وەك ئەندامێك لەکۆمەلگەوە فێریان دەبیت، هەر ئەو تایبەتمەندیانەش مرۆڤ لە ئاژەل جیادەکاتەوە، (ئیبن خەلدون)یش پێ ی وایە مرۆڤ بە هۆی توخمە مرۆیەکانیەوە لە ئاژەل جیادەکرێتەوە"[1]

"هەرچەندە لەڕابردوودا ووشەی کەلتوور بە شێوەیەکی ئاوەلناو بەکار دەهێنرا بۆ نمونە دەیانگوت(فلانەکەس مرۆڤێکی خاوەن فەرهەنگە)*هەندێکجاری دیکەش بە مانای مەعاریف یان ئەدەب تەنانەت فێرکاری بەکار دەبرا"[2].

---

(١) فواد بەعلی، ئیبن خەلدون و کۆمەلناسی نویێ، وەرگێڕانی زیرەك ئەحمەد و سنور عەبدولا.چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر٢٠٠٦ لاپەڕە(٦٠)

* لە زمانی فارسیدا ووشەی فەرهەنگ لە بری کەلتوور بەکار دەهێنن، وەك ئەوەی عەرەبەکان ووشەی(**الثقافة**) بەکار دەهێنن. کەواتا ووشەی فەرهەنگ هەمان مانای ووشەی کەلتوورە.

(٢) هەڤپەیڤینێك لەنێوان جەمشیدی بێهنام و ڕامینی جیهانبەگلوو. ژیار و تازەگەری، وەرگێڕانی هیوا عەزیزی، چاپخانەی ڕوون، چاپی دووەم سلێمانی٢٠٠٦لاپەڕە(٦٤).

لەدیدی کۆمەڵناسیشدا هەموو مرۆڤێکی پێگەیشتوی ئاسایی خاوەن کەلتوورە، بەوەی" کەلتوور کۆمەڵێك تایبەتمەندی ڕەفتار و بیروباوەڕی بەدەسهاتووی ئەندامانی کۆمەڵگایەکی تایبەتە"[1]

لیرەوە کەلتوور شتێکی بەدەس هاتووی پاشخانی دەوڵەمەندی فکری و مێژووی مرۆڤایەتی بە جیاوازی جڤاك و ڕەفتارەکانیان، زمان و نەریت و ئاینەکانیان، لە دەستپێکی سەدەی بستەمدا زۆربەتۆخی جەخت لەسەر ئەم گوتەزایەکرایەوە، کەلتوور"بەکەلتووری نەتەوەکان و کەلتووری خەڵك و کەلتوورە بۆ ماوەکان، پێناس کرا، لەوێدا نووسەر و ئەکادیمیە بۆرژوازیەکان باسیان لە فراژان و ریسکانی کەلتووری ژیاریان کرد بەمەش هەوڵیاندا کەلتووری جڤاك و نەتەوە بیانیەکان و غەیرە ڕۆژئاواییەکان بە دواکەوتوو سەرەتایی پێناسەبکەن"[2].

(فەرهەنگ)*ە، جۆربەجۆرەکانیش ڕۆڵ دەبینن لە ناساندنی ئەم چەمکە، لە فەرهەنگی نوێدا پێناسی کەلتوور بەستراوە بە هەردوو ڕەهەندی ماددی و مەعنەوی لەسەر بنەڕەتی پەیدابوونی مێژوویی تێیداهاتووە"

---

(١) بروس کۆهین، سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی هێمن شەریف، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٠. لاپەڕە(٤١).

(٢) هەندرێن. زمان ئاسۆیەکە لە نێوان ئاسمان و زەویدا، چاپخانەی بابان، سلێمانی ٢٠١٠، ل(١٩٠).

* فەرهەنگ لێرەدا بەواتای قاموس یان موسوعە.دێت، لەزمانی ئینگلیزیدا بە(dictionary) ناودەبرێت جیایە لەکەلتوور.



کەلتوور بریتی یە لە کۆمەڵە بەهایەکی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵگەی ئادەمیزاد، لە ئەنجامی گۆڕینی کۆمەڵایەتی و مێژوویی پەیدا دەبێت کەلتوور هەموو چالاکیە بونیادنەرەکانی ئادەمیزاد دەگرێتەوە هەمیشە هەردوو لایەنی بەیەکەوە پەیوەندی داری هەمیشەیی، کەلتووری ماددی و مەعنەوی دەگرێتەوە. کەلتووری مادديش بریتی یە لە کۆمەڵە هۆیەکی بەرهەمهێنان، تەکنیك، تاقی کردنەوەی بەرهەمهێنان، بەهەموو بەها ماددیەکانی تر ی کۆمەڵ لەهەر قۆناغێکی پێگەیشتنی مێژوویی خۆیدا بەخۆیەوە ئەگرێ،و هەرچی کەلتووری مەعنەوی یە کۆمەڵە دەسکەوتێکی زانستی و هونەری و ڕەوشتی و فەلسەفەی کۆمەڵە"[1] زۆرجار لە ناوەندە فکری و زانستیەکاندا لەبری ووشەی کەلتوور ووشەی ڕۆشنبیر بەکار دەهێنرێت، کە ئەمەش هەڵەیەکی زانستی گەورەیە، چونکە خودی کەلتوور جۆرێك لە گشتێتی تێدایە لەماناادا و کەچی ووشەی ڕۆشنبیر تەنها کارە زیهنیەکانی مرۆڤە لەگەڵ بە شێك لە کایە مەعنەویەکان، بەمەش کەلتوور دەشێت ماددی بێت یان ناماددی وەیاخود زیهنی"هەرچی ووشەی کەلتوورە لە زمانە ئەو روپیەکاندا دابڕاوەلە ووشەی(intellectual) کە بەرامبەر ووشەی ڕۆشنبیربەکار دەهێنرێت، ئەم ووشەی ڕۆشنبیرە واتایەکی هاوبەشی نی یە لەگەڵ ووشەی کەلتووردا لە یەك ڕیشەی زمانەوانیدا" [2].

---

(١) داریۆش ئاشوری و د.بەهادین پازارگاد، فەرهەنگی نوێ، و: لەفارسیەوە بورهان قانع، چاپی چوارەم،سلێمانی ٢٠١١ل(١٢٨)

(٢) عەلی کەریم محەمەد، عەقڵی کوردی و گۆڕان، ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، چاپخانەی سیما، لاپەڕە (١٥٥).

سەرەڕای ئەمەش "کەلتوور لایەنی ڕوحی(spiritual) و لایەنی ماددی (material)ی هەیە، کە هەردوو پێکەوە بەشێك لە پێکهاتەی عەقڵ و عەقڵیەت و کەلەپوری نەتەوە پێك دەهێنن".[1]. لێرەوە دەتوانین بڵێین "چالاکیەکانی ڕۆشنبیری هۆکارێکی گرنگە بۆ زەمینە سازی کەلتووری یان لایەنی کەم گرنگترین هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی، بەڵام گشتێتی کەلتووری بەدەست ناهێنێت" [2] لە فەرهەنگی سیاسیدایشدا، جگەلە توخمی ماددی و نامادی، ڕێکخراو(ئۆرگان)ە کۆمەڵایەتیەکانیش باس کراوە و"کەلتوور بە کۆمەڵێك توخمی ماددی و نامادی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان دەگوترێت کەلە جیلێکەوە بۆ جیلێکی دیکە دەگوێزرێتەوە".[3] بیریارێکی وەکو(محەمەد عابد الجابری)، کەلتوور بە دەمامکێك بۆ پاراستنی شوناسی ژیاری ناودەبات و پێی وایە"کەلتوور تێکەڵەیەکی فرە ڕەگەزە لەو یادەوەری و ئایدیا و بەها و نیشانە( symble) و دەربڕین و داهێنانانەی بۆ هەرکۆمەڵێکی ئادەمیزاد، لە شێوەی میللەت یان هاوماناکەی شوناسی ژیاری دەپارێزێت".(٤)

---

(١)سەلام ناوخۆش، زەردەشتیەتی نوێ لەنێوان کەلتوور و ئایین و نەتەوەدا (خوێندنەوەیەك بۆ چەند بابەتێکی کەلتووری و دژە کەلتووری ناو کۆمەڵگەی کوردی)، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر٢٠١٠، ل(١٥٩).

(٢) بابەکی ئەحمەدی، لەمەڕ ڕۆشنبیر، (هەوڵێك بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کاری ڕۆشنبیر و کەسێتی و ئەرکی ڕۆشنبیر) وەرگێڕانی ئەحمەد حوسێن، ڕۆژنامەی یەکگرتوو، بەشی سێ یەم، لاپەڕە(١٤).

(٣) زاهیرمحەمەدی و یاسین حاجی زادە، ئامادەکراو، فەرهەنگی سیاسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٠٦، ل(٥٤٠بۆ٥٤١).

(٤) **د.محەمەد عابد الجابري، المسالة الثقافية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩٤ ص(١٨).**



(ماك ئەیفر) پێناسەی کەلتوور دەبەستیتەوە بە گۆڕانکاری لە شێوازەکانی ژیان و پێ ی وایە" کەلتوور پەیوەستەبە گۆڕانکاری لە شیوازەکانی ژیان (expression de lavie) لەڕوی بیروباوەڕ(ئایدۆلۆژیا)، دین، ئەدەب...هتد".[1] کاتیك کەلتوور دەبیت بە بەرهەمی بیرکردنەوە چەمکی گۆڕانکاری دیتەکایەوە، قۆناغ دوای قۆناغ بەرەو بالابون هەنگاو دەنیت.لێرەدا کەلتوور ناوزەند دەکریت بە" بەرهەمی بیرکردنەوە و تیکۆشانی مادی و مەعنەوی مرۆڤە، ئەو بەرهەم و بابەتەیە کە لەگەڵ گۆڕانی مرۆڤ و پێداویستیەکانیدا دەگۆڕێت و نوێ دەبیتەوە و گەشەدەکات، قۆناغ دوای قۆناغ دەبڕێت و لە بالا بونێکی بەردەوامدا"[2]

هەندێکجار پێناسی کەلتوور لە زانستی (ئەنسرۆپۆلۆژیایی کەلتووری)* وەك یەکێك لە بەشەکانی مەعریفەی مرۆڤ ووێنا دەکریت لە پاڵ کۆمەڵێك چەمکی مەعریفیدا دەرگیربوونی ژیانی تێدا دەئاخێنرێت. لەکاتێك" فەلسەفە و ئەخلاق و ئەدەبیات، لایەنی چاك و گەورەتری

---

(١) **د.سعدي ضاوي، مدخل الي علم اجماع الادب، دارالفكر العربي بيروت، ١٩٩٤ص (١٩٧).**

(٢) خەسرەو میراودەلی، ئاین و کەلتوور، ڕۆژنامەی چاودێر لاپەرە (٤)، لاپەرەی ڕوانگە و رەخنە ژمارە(٧٣).

*چەمکی مرڤناسی کەلتووری شان بەشانی زانستی کۆمەڵناسی تایبەتمەندی خۆی وەرگرت کە بایەخ بە لێکۆڵینەوە لەتایبەتمەندیە سروشتیەکان و ڕەفتارە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتووریەکانی هۆزە جیاوازەکان و تاکەکان دەدات هەوڵ دەدات کەسێتی مرۆڤ بەرەو ئاقارێك بەرێت بەمەبەستی بەرەو باشتر کردنی ژیان، کاری سەرەکی مرۆڤناسی کەلتووری خویندنەوەو لێکۆڵینەوەی سەرهەڵدان و گۆڕانکاری و کاریگەری کەلتوورە لە ژیانی مرۆڤدا.

لەخۆگرت، وەك ناسینی بەهاكان و یاساكۆمەڵایەتیەكان و ...هتد"[1]

ئەمانەش وەك ڕەگەزانێكی گرنگ هەمان گوزارشتگای كەلتوورین، كەجۆرێك لە گشتگیری بە پێناس و كۆنسێپتی كەلتووری دەدەن وەك ئەوەی كە كەلتوور بریتی بێت لە

"دەستەیەك لە كردەوەكان، بیروباوەڕەكان، ئەدەب و ڕەوشتی تاك، یان بنەماڵەی نەتەوەك، پابەندییان بەو چەمكانە، كەلوپەلی جیابوەوەیان لەگەڵ نەتەوە و هۆزەكانی تر دەردەخات، كە لتور وەك دەستە بیروباوەڕێكی تاكی یان گروپی تایبەتی و لەبەر ئەوەی كە بیروباوەڕەكانی زەینین..، بۆیە كەلتوور فێری مرۆڤ دەكرێت"[2]

ئەگەر دابەشكاریەك لە چەمكی كەلتووردا بكەین، بەپێ ی ڕیزبەندی قۆناغە مێژوییەكان دابەشی بكەین ئەوا كەلتوور بریتی دەبێت لە " (قۆناغی سەرەتایی و پێش كات و دوای كات و هاوچەرخ) هەروەك دەبینین پێش لە دایك بوونی كەلتوور قۆناغێك هەیە ناوی لێنراوە(پێش كەلتووری) ئەویش ئەو ماوە زەمەنیەیە كە لە ڕوی كات و شوێنەوە دەكەویتە نیوان دوو كەلتووری جیاوازەوە، لەو قۆناغەدا خەڵكی دەژین و

---

(١). دكتۆر ئیبراهیم قاسم پالانی، پێكدادانی شارستانیەتەكان لای هانتنگتۆن، لێكۆڵینەوەیەكی جۆپۆلەتیك، وەرگێڕانی مستەفا سەعید، چاپی یەكەم ٢٠١٢. سلێمانی. چاپخانەی چوارچرا، لاپەڕە(١٤).

(٢). جەواد یوسفیان، كاریگەری كەلتوور لەسەرچەمكی مرۆڤ ناسی، ووتار، وەرگێڕانی دێرین ئادەم، ڕۆژنامەی یەككرتوو ژمارە(٨٧١) لاپەڕە (١٤).



كاردەكەن، بەڵام سیستەمی كۆمەڵگا سیستەمێكی ڕێكو پێك و ڕێكخراو (تۆكمە) بەخۆوە نابینێ، بۆیە هیچ ئاینێك یان هونەرێك یاخود زانستێك بەرهەم ناهێنێت"[1]. ئەم ئاماژەیەش شتێكمان پێدەڵێت بە گوزارشتە مەعریفیەكەی (چەقبەستنی كەلتووری) پێ دەڵێن، كە تێیدا ژیانی مرۆڤایەتی جۆرێك لەمەنگی بەخۆیەوە دەبینێت چالاكیەكان مرۆڤ بەرەو پوكانەوە پەك دەخرێت.

گرنگە ئاماژە بۆ ئەو پێناسەیە بكەین كە بژاردەی ڕێكخراوی یونسكۆیە، لەساڵی ١٩٨١لە كۆنفرانسی جیهانی لە شاری میكزیكۆ دا پێناسێكی پەسەندكرد كە هەڵگری گشت توخمەكەلتووریەكان و خاڵە هاوبەشەكانی ئەو پێناسانە بوو كە لەوەو پێش بۆ كەلتوور كرا، بە گوێرەی ئەم پێناسەیە.كەلتوور "بریتی یەلەوخەسڵەتە مەعنەوی و مادی و فیكری و سۆزمەندییانەی شوناس دەبەخشێتە گروپێكی كۆمەڵایەتی یاخود كۆمەڵگەیەك. ئەم كەلتوورە هونەر و وێژە و باوەڕ و شێوازی پێكەوەژیان و مافەبنەڕەتیەكانی مرۆڤ لەخۆدەگرێت".[2] ئەم پێناسەش تاكو ئیستا بە پێناسێكی هەمەگیر و گشتگیر دێتە گۆ. كەتێیدا كۆدەنگیەكی ئۆرگانی لەسەربێت. وەك دوایەمین داهێنانی دەستەجەمعی لەناساندنی كەلتووردا ستانداردی خۆی پاراستوە.

---

(١). حوسێن جەوادی، مرۆڤ بۆ شارستانیەت، شارستانیەت بۆ مرۆڤ، وەرگێڕانی عومەر قادری، چاپخانەی ڕۆشنبیر، چاپی یەكەم هەولێر٢٠١١. لاپەڕە(٨٤)

(٢). (ژیار و تازەگەری، هەڤپەیڤینێك لە نێوان جەمشیدی بێهنامی و ڕامینی جیهان بەگلۆ)، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## بەندی دووەم:

## جۆرەکانی کەلتوور ( type cultural ).

١. کەلتووری گشتی.

٢. کەلتووری جەماوەری.

٣. کەلتووری میللی(شعبی)

٤. کەلتووری باڵا.

٥. کەلتووری چینەکان



### ١. کەلتووری گشتی(فۆلکلۆر). (folk culture).

فۆلکلۆر مۆزەخانەی مێژوە و خاڵی هاوبەشی گەلانە و دەتوانین بە کەلتووری گشتی گەلان ناوی ببەین، کە پێکهاتەیەکە هی گەلەو هەموو گەل تێیدا هاوبەشن،نەك تەنها گروپێك لەگەل ڕەنگدانەوەی خەسڵەتە مرۆیەکانی گەلە جیاجیاکانە و کەڵەکە بونێکی کەلتووریە بە کەلتووری کلاسیکی گەلان هێمای بۆ دەکەین . بەو پێ یەش فۆلکلۆر "کۆمەڵە داهێنانێکی گەلە، کەسەری هەڵداوە لەگەڵ بەرەو پێشچونی مێژوودا لە مەیدانی بیروباوەڕ و ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەر و بیناسازی و پیشەگەری و داب و نەریت و وێژە و جل و بەرگ و ...تا، کە ئەچیتە ناو قوڵایی ژیانی گەلانەوە، دەبیتە کەلە پوری گیانی و هونەری و مێژویی..ئاوینەیەکە ژیانی ڕابردوومان نیشان دەدات"[١] هەندێکجار کەلتوور دەبێتە ئۆرگانێکی گرنگ بۆ گەل وەك "زمانحاڵی گەل و لە ژیان و بەسەرهاتی گەل ئەدوێ"[٢] هیچ کەسیش بۆی نی یە خۆی بە خاوەنی کەلتووری گشتی بزانیت جگەلە گەل.لە سادەترین ماناشدا "بەشێکی زۆری فۆلکلۆر لەپاشماوەی هەست و نەست و هەموو بارودۆخەکانی ژیانی و گوزەرانی زۆربەی چین و توێژەکانی میللەت پێکهاتووە"[٣].

---

(١) تۆفیق سعیدمحەمەد.فۆلکلۆر ووتار. گۆڤاری کەلەپوری کورد، ژمارە (٤) ساڵی ١٩٩٤ گۆڤارێکی کەلەپوری و فۆلکلۆری وەرزیە. کۆمەڵەی کەلەپور و فۆلکلۆری کورد لەسلێمانی دەریدەکات.لاپەڕە(٥).

(٢) عەلی شارەزوری شۆڕشی کورد و مێژوەکەی ووتار، گۆڤاری کەلەپوری کورد ژمارە(١٦) هاوینی ٢٠٠٢ سلێمانی.لاپەڕە(٣٨).

(٣)بوارنورەدین،ڕەنوکەوتن لەکەلتووری کوردیدا.چاپخانەی شڤان،چاپی یەکەم سلێمانی٢٠٠٥.ل(٢٣٧).

کە ئەمەش بەبەشێك لە هاوماناکانی کەلتوور دەژمێردرێت، کەلتووری گشتی پێ دەڵێن. کەواتا کەلتووری گشتی گوزارشتە لە خەڵکە سادەکەی کۆمەڵگە ئەو خەڵکانەی لە پێش قۆناغی پیشەسازی خاوەن تایبەتمەندی کـەلتوورین، ئـەم کـەلتووره "خـاوەن پێکهاتـە(سـتراکتۆری)یـەکی تایبـەتی خـودی و هاوبەشێتی ڕاستەوخۆی ژیانی خەڵك و تاکە، بـەوە وەسـف دەکرێت "حیـث تبرز الاعشاب من الج\ور)، واتـا (وەکـو گیایـەك دیـارە لەسـەروی ڕەگـەوە). نمونـە لەسـەرئـەم جـۆرە لـە کـەلتووری گـشتی گۆرانیەکۆنـەکان و چـیرۆکی گێـڕاوە(دەمـاودەم) لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیـەکی تـر.ئـەم کـەلتووره تایبەتمەندی گشتێتی هەیە و لەناخی کۆمەڵگەوە دێتە دەرەوە"[(1)].

## ٢.کەلتووری جەماوەری (mass culture)

کەلتووری جەماوەری بە چـەمێکی هاوچـەرخ ووێنادەکرێـت کـە لـە ڕێگەی کۆمەڵێك کەناڵـەوە دەرکەوتـەکانی لـە واقیعـدا دەبینرێـت، ڕەنگـە بەجیهانی بوون یەکێك بێت لـە هـەرە ئادگارەکـانی کـەلتووری جـەماوەری شان بەشانی ڕۆڵی میدیا، هەروەك ئەم کەلتووره ناودەبرێت بە کـەلتووری میـــدیاکان "بـــریتی یـــە لـــەو کـــەلتوورەی میـــدیاکان، ئامرازەکـــانی کۆمنیوکەیـشن(پەیوەنـدی) بـەردەوام ڕەواجـی پێـدەدەن، ئـەم چـەمکە گوزارشتە بۆ ئەو فاکتەرە یەکخەرانەی لە نێـو کۆمەڵگەیـەکی گـەورەی نـا هاوشێوە(فرە ڕەهەند و فرە ڕەگەز)دا گەشە دەکات، وەك بەکارهێنەرە

---

(١) هـالمبس وهولبـورن، ترجمـه، حـاتم حميـد محـسن، سوسـيولوجية الثقافـة و الهويـة، طبعـة الاولي٢٠١٠دیمەشق،سوریە. ص(٩)



جۆربەجۆرەکانی گۆرانی و سەما و جل و پۆشاك جۆرەکـانی ڕەفتـار کەلـە میـــدیا جەماوەریـــە گەشەســـەندوەکانی ڕاگەیاندنـــەوە شوناســـی پـــێ دەدرێت"[(1)].

لەمـەر پەیوەنـدی نێـوان کـەلتوور و میـدیا دەتـوانین ئـەوە ببێـژین کە"کەلتوور بریتی یە لـە ڕەسـیدی ڕوحـی هـەر شارسـتانیەتێك کەلـە پـور و وزەی نوێبونەوەیـەتی بـۆ بـەردەوامی و داهێنـان، هێـزی بەرەنگاربونـەوە و مانەوەیـە، واتـا واتـا کـەلتوور عـەقڵ و ویـژدانی نەتـەوە دروسـت دەکـات، لەبەرامبەردا میدیا بریتی یە لە چۆنیەتی گەیانـدنی ڕاسـتیەکان بـۆ خـەڵکی، گۆڕینەوەی بیروڕا و بەرگریکردن لـە بـیر و بـۆ چـون، ئەگـەر کـەلتوور دراوە قورسەکە بێت ئەوە میدیا نانی ڕۆژانەیە بۆ خەڵکی"[(2)]

کەواتا گەورەترین دەسکەلای کەلتووری جـەماوەری میدیایـە، میـدیاش کەناڵکی گرنگی بەجیهانی بونە لێرەوە پەیوەندی ئاڵوگۆڕکـاری دێتەکایـەوە لـە نێـوان کـەلتوور و بـە جیهانیبونـدا کـە بـەجیهانی بـونی کـەلتووری پـێ دەوترێت.وەك ئەوەی کە "کەلتووری جەماوەری، بەدەست نایات هەتا ئـەم کـەلتووره لـە ناوچـەکانی جیهانـدا بڵاونەبێتـەوە، کـە ئەمـەش هـاو مانـای بەجیهانی بونی کەلتووری یە.

---

١- پ.د.سمير ابـراهيم حـسن كلتـور و کۆمـەڵگا، وەرگێڕانـی عەبـدوڵڵا مـەحمود زەنگەنـە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی/ چاپی کەرکوك ٢٠١١، لاپەڕە(٥٣).

٢- عبدالرحمن مونيـف، (کلتـور و میـدیا)، وەرگێڕانـی شاسـوار کـەمال مـەحمود، گۆڤـاری ئایدیا والا گۆڤارێکی فکرییە دوو مانگ جارێك دەزگـای والا بـۆ ڕاگەیانـدن بـڵاوی دەکاتـەوە، ژمارە (٢٩) تشرینی یەکەمی ٢٠١١. لاپەڕە(٢٠٤).

بە پێی گوزارشتی پلەبەندیەکانی ڕۆژ، مرۆڤایەتی نەوەستاوە لە بەرهەمهینانی جیاوازیە کەلتووریەکان، لە راستیدا ئەگەر هاتوو بەجیهانی بوون ئامادەگی هەبوو ئەوە بە جیهانی بوونی بازاڕەتەواو کاریەکان دەبیت بەکەلتوور شوناسێکی جەماوەری پێ دەدرێت وەك لە لێکۆڵینە نوێیەکاندا دەردەکەوێت" [١]

کاتێك کەلتووری جەماوەری دەبێتە ئەو کەلتوورەی کەدەتوانین بە کەلتووری لەخەڵکەوە بۆ خەڵك ناوی ببیەین وەك ئەوەی "یەکەم: ئەم کەلتوورە بۆ خەڵك بەرهەم دەهێنرێ. دووەم: ئەم کەلتوورە هی خەڵکە. سێ یەم: ئەم

کەلتوورەیە خەڵك بۆ خۆیان بەرهەمی دەهێنن، لە مانای یەکەمدا خەڵك بەشێکە لە بازار، یان بەرخۆرە و کەلتووریش کۆمەڵێك بەرهەم و کالآیە. بەم شێوەیە لەم پێناسەیەدا جەخت لەسەر بەرهەم هێنان و کەرەستەی پیشەسازی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمهاتوی کەلتووری دەکرێت، توخمە گرینگەکانی ئەم بۆچوونە ئەمانەن، بەرهەمهێنان، فرۆش و بەرخۆری. لەمانای دووەمدا کەلتووری جەماوەری بریتی یە لە کۆمەڵێك بەرهەم و کردار کەخۆی لە بیر و باوەڕ و بەها و ویستەکانی زۆربەی خەڵکدا دەبینێتەوە و فۆرمیان پێ دەبەخشێت،

(١) دنیس کوش، ترجمة د.منیر السعیداني. مفهوم الثقافة في العلوم الاجتیماعیة، الطبعة الاولي بیروت مارسي٢٠٠٧ ص(١٣٠).



کەواتا ئەوەی جەخت لەسەر بەرهەمی کەلتووری بە جەماوەری دەکاتەوە، شوناسی بەرخوران نی یە، بەڵکو چۆنیەتی تەعبیر و مانای ئەو بەرهەمانەیە. لەمانای سێیەمیشدا کلتوری جەماوەری هەمان ژیانی ڕۆژانەیە و کردار و مۆدی کردەوەیی ئایدیایەکانی زۆربەی خەڵکە. [١]

هەرچەندە نەیارانی کەلتووری جەماوەری، ئەم کەلتوورە بەنرخێکی کەمتر لە کەلتووری گشتی ناودەبەن، "ئەگەر واسەیر بکرێت کە کەلتووری گشتی کەلتووری پێش سەردەمی مۆدێرنە و پێش کۆمەڵگەی پیشەسازیە. ئەوا کەلتووری جەماوەری دەرهاویشتەی کۆمەڵگای پیشەسازیە. بەمەش پێویستی بە کەناڵ گەلی بەرفراوانی ڕاگەیاندن دەبیت بۆ پەخش و وەشاندن. لە نمونەی زنجیرە تەلەفزیۆنیە ناوچەییەکان و مەرج گەلی مۆسیقای پۆپ. هەندێك لە ڕەخنەگران پێیان وایە ئەم کەلتوورە لە بایەخی تاکەکان کەم دەکاتەوە (کەلتووری سەرقاڵ کردنە) دەبێتە هۆی تێکشکاندن و وێرانکردن و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە، تاکەکان دەبن بەتاکێکی بەکارهێن و ناتوانن بیرلە خۆیان بکەنەوە. [٢]

(١). د.حسەین بەشیرییە، سەرچاوەی پێشوو، ل١١ بۆ ١٢

(٢). هارلمبس وهولبورن، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠

### ٣. کەلتووری میللی(شعبیة)

کەلتووری میللی یان کەلتووری گەل کە هەمیشە شوناسپێدەری تاکەکانی کۆمەڵگەیە، وەك ئەوەی هەرنەتەوەیەك شانازی بەو جۆرە کەلتوورانەوە دەکات کە بۆیان ماوەتەوە و ئەوان دەبن بە ماتڵی پارێزگاری لێکردنی، بۆیە "پێویستە لەسەر جوگرافیای کەلتووری پارێزگاری بکات، لە مانەوە و بەردەوامی دەزگا کەلتووری و ڕۆشنبیرییەکان، دەتوانین بڵێین خودی ئەمەش دەمانباتەوە بۆ گۆشەنیگایەك وەك ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکان و لە قوتابخانەکاندا ڕەواجی پێدەدرێت بۆنمونە ڕەنگدانەوەی ئەم بابەتە لە مێژوو ئەدەب و کەلتووری کەسایەتی منداڵە دیارەکاندا بەدەردەکەوێت، دەبینین لە لێکۆڵینەوەکەدا کاریگەری گشتگیر و جیاواز سەرهەڵدەدات، هەتا ئەگەر پێویستمان بە بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك ڕموز(هێما) هەبێت لە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن ئەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو سروت و بۆنانەی کە شوناسێکی کەلتووری میللیان هەیە"(١).

ئەم بابەتە دەمانباتەوە بۆ ئەوەی کە لامان مەحاڵ نەبێت، لەنێو کۆمەڵەی کەلتوورەکاندا باس لە کەلتوورێکی دیاریکراوی وەك کەلتووری میللی بکەین، کە چۆن لە فەرەنساوە هاتۆتەنێو کایەی زانستی کۆمەڵناسی، "لە پێشدا و لەسەرتایی پەیدابوونی چەمکی کەلتووری میللی

**(١). مایك كرانغ، الجغرافيا الثقافية، ترجمة: د.سعيد منتاق، عالم المعرفة نطابع السياسة الكويت يوليوي ٢٠٠٥ .صحيفة(١٦).**



بە شێوەیەکی ڕێژەیی خوێندنەوەی بۆکرا کاتێك لە فەرەنساوە پەلی هاویشتە نێو کایەی زانستی کۆمەڵناسیەوە لە سەرەتای سەدەی نۆزدە، فەرنسا گەمارۆدرابوو بە ئەدەبی میللی و هەرلەوکاتەدا شیکردنەوە ئەدەبیەکان تایبەتمەندی و خۆی وەرگرت، بەتایبەتی ئەدەبی کڕین و فرۆشتنی گەڕۆك(colbortage) کە کۆمەڵێك پاشماوەی ئەدەبی گەلانە، ڕەواجی پێدەدرا لەلایەن تیمە گەڕۆکەکان بۆماوەیەکی دوورودرێژ لە سەدەی شازدە بۆ سەدەی نۆزدە،کە ئەمەش ئەچێتەخانەی فۆلکلۆرەوە تێیدا دیدگا وەلا دەکرا بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت وەك بەشێك لە خەون بینین بە سەرفرازیەوە لاسایی کەسە سەرفرازەکان بکەنەوە"(١). وەك چۆن کەلتوور بەشێکەلە "کەسایەتی و ناسنامەیەکە کۆمەڵ بەگشتی و مرۆڤەکان بەتایبەتی خۆیان لەوەی دی پێ جیادەکەنەوە کەواتا کەلتوور چەند هۆکارێکی خۆناسیە دەشێت هێندەش هۆکاری خۆجیاکردنەوە بێت لەوەی دی یان لەوەی تر" (٢)

ئەم گوتەزایە دەرگامان لەبەردەمدا وەڵادەکات بۆ مامەڵەیەکی دوالیزمانە لە گەڵ کەلتوور و تۆخکردنەوەی شوناسی کەلتووری میللیمان، لە چوارچێوەی ئینتیمامان بۆ پارێزگاری کردن لە کەلتووری میللی کە زۆرجار وەك ڕەهەندێکی نیشتیمانی سەیردەکرێت، ئەمەش سەرنجمان بەلای پێناسەیەکدا ڕادەکێشێت کە بە فۆرمە میللیەکەی دەتوانین بە گروپی یان شوناسی نەتەوەیی ناوی بنێین.

(١). دنیس کوش، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٢

(٢) . هێرۆ جمیل، کۆمەڵناسی و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، چاپی یەکەم، کوردستان ٢٠٠٨، لاپەڕە(٢٣).

هەروەك (تیودۆرسن) لە فەرهەنگە نوێیەكەی بەناوی (فەرهەنگی نوێ ی كۆمەڵگەناسی) بەگروپی نەتەوەیی ناوی دەبات بەوەی "گروپێكە داب و نەریتێكی فەرهەنگی و كلتوری هاوبەش و هەستكردن بە شوناسێك كە ئەو بە شێوەی لاوەكی لە كۆمەڵگەیەكی گەورەتردا دیاری دەكات، ئەندامەكانی هەر گروپێكی نەتەوەیی لە ڕوانگەی تایبەتمەندیە تایبەتە فەرهەنگی و كەلتووریەكانی لە باقی ئەندامانی دیكەی كۆمەڵگای خۆی جیاوازن"[1].

كەواتا كەلتووری میللی وەك بەشێكی گرنگ لە كەلتووری نەتەوەیی وێنا دەكرێت و دیسانەوە ئەوەی شوناس بە مرۆڤ دەبەخشێت كەلتووری میللیە، ئەم كەلتوورەش بۆ خەڵكە ئاساییەكەی كۆمەڵگەیە و ئەو كەلتوورەیە كە"هەر چەشنە بەرهەمێك لەخۆ دەگرێت، كە سەرنجی خەڵكی ئاسایی ڕادەكێشێت، بێ ئەوەی هیچ ئامانجێك و مەبەستێكی شارەزایی كەلتووری بەدەست بهێنێت، بۆنمونە گێڕانەوە میللیەكان و چیرۆكی پۆلیسی...هتد"[2] لای خۆشمان داستانی لەیلەومەجنون و شیرین و فەرهاد و خەج و سیامەند ..هتد ئەمانە تابعێكی میللیان هەیە و جۆرێكن لە گێڕانەوە میللیەكان، سەربە كەلتووری میللین.

(١). د.حمید ئەحمەدی، ( پۆلێنكردنی چەمكی نەتەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا)، وەرگێڕانی مودریك عەلی عارف، گۆڤاری هەژان ژمارە (٢٢) چاپخانەی سسما ـ سلێمانی لاپەڕە(٢٣٥).

(٢). هارلمبس وهولبورن، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠



دەكرێت هەندیكجار كەلتووری میللی بەپارێزكاری كەلتووری تەقلیدی ناوببەین، بە ئاستێكی باڵای شارستانێتی، بزانین، بەوەی "پارێزگاریكردن لە كەلتووری تەقلیدی.. ئاماژەیەكە بۆ ئاستێكی باڵای شارستانێتی، چونكە ئەمەیان پارێزگاریكردن دەگەیەنێت لە داهێنانە تەقلیدیەكانی گەل (پیشەسازی، پیشەدەستیەكان، بیناسازی، جل و بەرگ، موزیك، شایی (ئاهەنگ)و بۆنەكان، ئەدەب، یاری و گەمەكان، بۆنەو ئاهەنگەكانی هاوسەرگیری..)تا لە بیرنەكرێن و ترسی دابڕان لە مێژووی دێرین و ڕەگ و ڕیشەی ناسنامەكەیان تیانەچێت...لێرەدا كەلتووری تەقلیدی بە مانای ئەو كەلتوورە دێت كە دەكرێت بە كەلتووری میللی ناوی ببەین بە مانای ئەو نەریت و شتومەكانەی گروپ یان كۆمەڵگەیەك هەیانەو مامەڵەیان پێ دەكەن و لەگروپ و كۆمەڵگەكانی تریان جیادەكاتەوە"[1]

## ٤. كەلتووری باڵا

ئەم جۆرە كەلتوورە زادەی كۆمەڵگە دیارەكانی مێژووە ئەو كۆمەڵگایانەی خاوەن كەلتوورگەلی ئەرستۆقراتین، و نۆرمەكانی ژیانیان لەگەڵ یەكدا هاو ئاهەنگ بووە. وەك تایبێك لە كەلتووری تایبەتمەند بەخۆیان ناسراون، بەمەش چینە باڵاكان جیاوازی خۆیان لە چینەكانی تری كۆمەڵگە بەدەر خستووە، ئەگەرچی لیڤی شتراوسی سۆسیۆلۆژشتی

(١) پ.د.سمیر ابراهیم حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦

فەرەنسی باوەڕی بە یەکسانی کەلتوورەکان هەیە و پی ی وایە "بە هیچ جۆرێك کەلتوورێك بەناوی کەلتووری باڵا، کەلتوورێکی تر بەناوی کەلتووری نزم لە ئارادا نی یە، بەڵکو هەموو کەلتوورەکان یەکسانن و پێویستە ڕێزی تایبەتمەندێتی و خاڵە لێك جوداکانیان بگرین، هەموویان شایستەی نازناوی شارستانین"[1].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمەجۆری کەلتووری یاخود کەلتووری جیاواز دەبیتەهۆی زاڵبونی جۆرێك لە کەلتوور بەسەر جۆرێکی تری کەلتوور کە هاوسەنگی کەلتووری لە نێوان کەلتوورەکاندا لاسەنگ دەکات، بەمەش کەلتوورێك خۆی بەسەر کەلتوورێکی تردا فەرزدەکات وەك ئەوەی "زاڵبونی کەلتووری ڕۆژئاوایی بەتایبەت کەلتووری ئەمریکای ماکدۆناڵد و جینز و کۆکاکۆلا بۆ سەر کەلتوورەکانی دیکەی دونیا، وەك دەرکەوتەی سەردەمی مۆدێرنە، بەها بەخۆی دەدات"[2] وەك کەلتووری باڵا خۆی پیشان دەدات.

ئەگەرچی دابەشکردنی کەلتوورەکان کەلتوور لە دۆخێکی تەسکدا نیشان دەدات، ئەمەش کاتێك ڕودەدات کە" ڕوناکبیرە بۆرژوازییەکانی ڕۆژئاوا، جەختیان لە چڤاکە خاوەن کەلتوورە مۆدێرن و دەوڵەمەندەکان و چڤاکە خاوەن کەلتوورە کۆن و لاوازەکان دەکردەوە، لەکاتی لە دایك بوون و باڵادەستبوونی چینی بۆرژوازیی لە ڕۆژئاوادا.

---

(١) هاشم صالح، (خەمەکانی ڕۆشنگەری)، وەرگێڕانی ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی٢٠٠٦، ل(١١٢).

(٢) (ژیار و تازەگەری، هەڤپەیڤینێك لە نێوان جەمشیدی بێهنامی و ڕامینی جیهان بەگلۆ)، سەرچاوەی پێشوو



پێناسەیەکی دیکەی جیاواز بۆ چەمکی کەلتوور هاتەکایەوە، پاشان کەلتوور لە ئاستێکی بەرتەسکتردا چڕکرایەوە، لێ ئەوناوەڕۆکەی جارانی هەرمایەوە، لەوێدا کەلتوور وەك نەریتێکی باڵا و جوان و چاندن وێنە دەکرا، بەواتایەکی دیکە کەلتوور لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە بە ئەدەب، شانۆ میوسیك، هونەر پێناسەدەکرا"[1]. ئەگەربمانەوێت دەرەنجامگیریەك بۆ چەمکی کەلتووری باڵا بکەین ئەوە دەبێت بیروبۆچونمان لەم گوتەزایە کۆبکەینەوە وەك ناساندنێکی خێرا بڵێین "کەلتووری باڵا ئەو پێداراوە کەلتووریانەن کە خاوەن شوناس و تایبەتمەندی جیاکەرەوەن بە پلەیەکی باڵا کە جۆرێك لە جوانی و سەلیقەی تایبەتی پێوە دیارە وەك داهێنانێکی بەرزی مرۆڤایەتی ئەژمار دەکرێت"[2].

کەواتا دەتوانین بڵێین کەلتووری باڵا، کەلتووری چینی ڕاقی و دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگەیە بەپێ ی تایبەتمەندیە مێژویی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکانیان، کە لەم کەلتوورەدا کارە هونەری و زەوقیەکان ئامادەگیەکی بەردەوامی هەیە، هەروەك "ئەم جۆرە بابەتەکەلتووریانە ڕەنگدانەوەی دیدێکی نوخبەوی و بە دەسنیشانکردنی بابەتە کەلتوورییەکان دەناسێنرێت"[3]

---

(١) هەندرێن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠

(٢) هارلمبس وهولبورن، سەرچاوەی پێشوو، ص٩

(٣)پ.د.سمیر ابراهیم حسن، سەرچاوەی پێشوو.ل٦٦

ئەگەربمانەوێت نمونەی بۆ کـەلتووری بـاڵا بهێنینـەوە، ئـەوا دەبێـت بگەڕێینەوە بۆ بابەتـە(چێژبەخـشەکان) ئـەو بابەتانـەی کـە مـرۆڤ چـێژی تایبـەتی لێوەردەگرێت و خـاوەن ئاسـتێکی هونـەری بـەرزن، "لەنمونـەی ئۆپێراکان و سەمفۆنیا کلاسیکیەکان و کەخۆی لەبەرهەمەکانی بتهۆڤن و مـۆزارت تـابلۆ هونەریـەکانی لیۆناردۆداڤینـشی و بەرهەمـەکانی شکـستپیر وو..هتد، ئەوەی کەباڵای بەم کەلتوورەدەدات ئەوەیە کە واسـەیردەکرێت، ئـەم چـێژە لـە کـەلتووری بـاڵادا، شـێوەیەکی جـوانتر بـەراورد بـە کەلتوورەکانی تر خۆی ووێنادەکات" [1].

### ٥. کەلتووری چینەکان.(طبقات).

دەتـوانین ئـەم جـۆرە لـە کـەلتوور بـە وردە کـەلتوور ناوببـەین، بە"گروپێکی بچوکترکە سەربە کۆمەڵگایـەکی گـەورەترن، ئـەمان بەشـێکن لە نۆرمەکانی کۆمەڵگای گـەورە، بـەڵام لـەویادا کـە هـەر وردە کـەلتوورێك نـۆرمی تایبـەت بـەخۆی هەیـە، لـە کـەلتوورێکی گـەورەتر جیادەکاتـەوە، ئەنـدامانی وردە کـەلتوورێك لـە کۆمـەڵگای گـەورە جیـانین، چـونکە بـە شـێوازی جۆراوجـۆر لەگـەڵ دامـەزراوە نەریتیـەکانی چـینی ناوەنـدا لـە پەیوەندیدان بـە ئەگـەرێکی زۆر کەسـانی پەیوەسـت بـەوردە کـەلتوور بـە زۆری ڕووبـەڕوی ڕەتکـردن یـان قبوڵنـەکردنی ئـەو کەسـانە دەبنـەوە کـە بەهاکانیان زۆرجار کەلتوور دروست دەکات"[2].

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦

(٢) بروس کۆهین، سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٦).



لەم جۆرەکەلتوورەدا تاکەکان و گروپ و توێـژەکان، جـارێکی تـر لـە ڕێگەی پەیوەندیەکانیان بە خەڵکی ترەوە بە لە بەرچـاوگرتنی گۆڕانکـاری لە ڕەفتـار و شـێوازی ژیانیـان جۆرێك لەکـەلتووری تـر بەرهـەم دەهێـنن، "ئیدی میوزیك و شـێوازەکانی تایبـەت بـەخۆیان بەرهەمـدێنن، شـەقام و کوچە و کۆڵانەکانیشیان بەو ناوانەوە ناو دەنێن کە ئینتیمان هەیە بـۆی و خۆشـیان دەوێـن، سـیمبوڵ و پاڵـەوانی هاوچـەرخی خۆشـیان دروسـت دەکەن"[1]لە زانسـتە کۆمەڵناسیـشدا ئـەم زاراوەیـە بـەکاردەهێنرێت بـۆ "گوزارشت کردن لە گروپێك لەخەڵك کە لە شتێکدا هاوبەشـن، وەك ئـەوەی گروپێکـی کەمینـە لـە کۆمەڵگـەدا هاوشـێوەبن لـە جـۆری ژیانـدا، نزیکایەتیـەکیان هـەبێت، لـە هەنـدێك ڕەفتـاری هاوبـەش واتـا جۆرێك لـە ڕێژەیی تێدابیت، کە کۆمەڵێك گەنج خولیایەکی موسیقی هاوبەشیان هەیە کە زەوق و چێژ و ئارامیان پێ دەبەخشێت، یـان کۆمەڵەیـەکی ئیـتنی کـە جۆن تاکەکانی پەیڕەوی خودی مەراسیمیەدینیەکان دەکـەن..."[2]. ئـەم جۆرە کەلتوورە کارلە سـەر خـاڵی هاوبـەش دەکـات لـە نێـوان کـەلتووری گروپ و چینەکانی نێوکۆمەڵگە وەك بەدیلێك لەبەردەم لێکترازان و دابڕانی کەلتووری.

ڕەنگە ئەم دابەشکاریە بەڕونی لە شارەقەرەباڵغ و چڕەکاندا بەدی بکرێت کاتێك کە کەلتوورە جیاوازەکان بەیەکدا دەچن، ئیدی ئـەم دابەشکارییە

---

(١) پ.د.سمیر ابراهیم حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل (٥٢).

(٢) هارلمبس وهولبورن، سەرچاوەی پێشوو، ص(١١).

بەسەر چینەکانی کۆمەڵگەکەدا دابەش دەکرێت " شارەکان لە هەندێك باردا لەسەربنەمای بارودۆخی ئابوریی تاکەکانی بونیاد دەنێن، کە دەوڵەمەند و خاوەن کار و سیاسەتوانان، لە گەڕەکی تایبەتمەنددا نیشتەجێ دەبن و گەڕەکی تریش هەن بۆ توێژ(چین ـــ گبقە)ی ناوەند و هەژاران و هەموو ئەو توێژانەیش کەلتووری لاوەکی خۆیان هەیە دەچنە نێو کەلتووری گشتی کۆمەڵگەوە"[(١)]

(١) پ.د.سمیر ابراهیم حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل(٥١).



## بەندی سێ یەم

## (توخمەکانی کەلتوور) stracture cultural

١. ئایین.

٢. زمان

٣. داب ونەریت(کەلەپور).

٤. ئەدەب و هونەر

**١.ئایین**

ووشەی دینی یان ئایین "لە( دان یان دەین)ەوە وەرگیراوە کە بە واتای ملکەچی بۆ هێزێکی تر یان ئایندار سەردابنەوێنیٚ بۆ هێزێکی تر بە بۆچوون(اعتیقاد) یان بەرەفتار(عمل)"[1] وەك ئەوەی زۆرجار دەوترێت بەسروشت "مرۆڤ، کائینێکی ئایندارە"[2]،چونکە "ئایین بنەڕەتێکی ئەنتۆلۆژی(وجودی) هەیە پەیوەستە بە پێکهاتەی مێشکی مرۆڤەوە"[3].

هەربۆیە ئایین لەژیانی مرۆڤدا ڕەنگدانەوەیەکی قوڵی هەیە، بەشێکەلە (بیروباوەڕ ) religion وزەی روحی و لایەنی مەعنەوی مرۆڤ، بەجۆریك هیچ کۆمەڵگەیەك نی یە لە مێژوودا، بیٚ ئاین بیت، کەوایە ئاین "کۆمەڵێك بیروباوەڕ و پەرستشی پیرۆزە کە کۆمەڵێکی دیاری کراو بڕوایان پیٚ یەتی پێویستی تاك و کۆمەڵگە وەکو یەك پڕدەکاتەوە، بناغەکەی وویژدانی یە "[4] لیٚ ووێنابوونی ئایین موتوربەکردنی و چواندنی بە بناغەی وویژدان دەمانباتەوە بۆ ئەو بابەتەی کە لای فەیلەسوفێکی وەکو کانت بە ( زانینێکی خۆبەخۆ ) پێناس دەکریت بەوەی "وویژدان هێزێکی ڕەسەنە، هەمووکەسێك وویژدانی هەیە..

---

(١). ڕێبەست سەیفەدین سادق، (مەزارە ئاینیەکان لە شاری هەولێر...)گۆڤاریk٢١، جوت ژمارە لەدوو بەرگدا(١/١٢_٢/١٤)١٢/٢/٢٠١٢،ل٦٠٥

(٢). توانا خەسرەو، گۆڤاری هەژان، ژمارە(١٩) لاپەڕە(١٨٩).

(٣). ئازاد قەزاز، سەرەتایەك بۆ فەلسەفەی ئایین، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠١٠. ل ٦١

(٤). محەمەد چیا(فەرهەنگی فەلسەفی) چاپی سێیەم چاپخانەی مەهارات تاران ٢٠٠٦، لاپەڕە(٢٠٦).



لە بنەڕەتدا مەبەست لەوویژدان هێزێکی هەڵسەنگاندنی ئەخلاقیە.. کەبە زانینێکی خۆبەخۆ "[1] پێناس دەکرێت، ڕەنگە خاڵی جیاوازی ئاین و وویژدان ئەوە بیت، لەلایەك ئایین مەسەلەیەکی بان مرۆییە و وابەستەیە بە میتافیزیك بەتایبەت لە( ئایینە ئاسمانیەکان)دا،ئەمەش خۆی لە ئەوەدا دەبینێتەوەکە"سەرەتای ئایین ناسینی خودایە، تەواوی ناسین و باوەڕ پێکردنی، بەتاك ناسینێتی تەواوی یەکتابوونی دڵسۆزیەبۆی، تەواوی دڵسۆزی نەچواندنیەتی بە سیفەتەکانی دروستکراوەکانب خۆی"[2]

لەلایەکی تر، ئەوە ڕونەکە هەمووکەس خاوەن وویژدانە، بەڵام ڕەنگە لە بابەتێکی تایبەتدا بیٚ وویژدانی بکات. کە ئەمەش پێك نایەتەوە لەگەڵ ئایین، چونکی ئایین سەرباری لایەنە روحی و مەعنەویەکەی لە سادەترین مانایدا ئاین وەك ئۆرگانێکی گرنگ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ گرتووە" ژیانی کۆمەڵگە و تاکەکانی ڕێکخستوە، ئەحکام و ڕێنمایی و ڕیٚ وشوێنی وردی بۆ دیاری کردووە"[3].

پۆلینکردنی ئایینەکان لەسەر بناغەی سەرهەڵدان و ڕەگ و ڕیشە مێژوییەکانیان، هۆیەکانی پەیدابونیان، هیمایە بۆ ئەو پرسیارەی ئایە ئایین

---

(١). ڕێبین هەردی، (چەند تێکستێکی وەرگێڕلو)، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم ٢٠١١، لاپەڕە(٧٤)

(٢). ئیمامی علی کوڕی ئەبوتالیب، (نهج البلاغه) و: مەلاعبدول لەتیف بامۆکی، نوسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم ٢٠١١، ل٣٨

(٣). هادی علی، (نوێکردنەوەی فیکری ئیسلامی و ڕۆڵی لە چاکسازی سیاسیدا). چاپخانەی پێنوس، چاپی یەکەم ٢٠١٠، ل(٨٤)

چیە ؟ فیورباخ، یەکێکە لە فەیلەسوفەکانی ئەڵمانیا، چەمکی دین دەبەستێتەوە بە کەلتوور و پێ ی وایەئایین" "بریتی یە لەو بیروباوەڕ و بەهایانەی کە بەهۆی مرۆڤەکانەوە لەمەڕ پێگەیشتن و کامڵبونی کەلتوورەکانیان دروست بونە"(١) ئەمەش هەمان پێناسی مێژووییە بۆ ئاین وەك ئەوەی سەرەتای دروست بوون و سەرهەڵدانی ئایین دەگەڕێتەوە بۆ کەڵەکەبوونی ئەو بیروباوەڕانەی کە بە پێ ی قوناغە یەك لەدوایەکە مێژوویەکان وەکو نەریت بۆمان ماوەتەوە و بەرەو بەدەق بوون چونە بونە بە بەشێك لە زەین و باکگراوندی ئایینی مرۆڤەکان.

بیریارێکی بەریتانی وەکو جیمس فرێزەر، لایەنی تیۆری و لایەنی پراکتیکی لە دیندا دەبینێ و پێ ی وایە"دین بریتی یەلە کردەوەیەکی فێرخوازانەی خۆڕازیکارانەی مرۆڤ لە هێزێکی سەرەوەی خۆی کەپێ ی وایە فەرمان بەسەر سروشت و مرۆڤەکاندا دەکات، ئەو کردەوەیەش لەدوو ڕەگەز پێکدێت کە یەکێیان تیۆرییەو دەوەمیان پادەکردنیەتی بەکردەوەیەتی" (٢).

لەلایەکی دیکەوە ئەوەی ئێمە باسی دەکەین دەربارەی ئایین، بڕیاری یەکلاکەرەوە نی یە بۆ ئایین، ( شیکردنەوەی ئێمە بۆ ئایین بریتی یە لە تێگەیشتنی ئێمە لە ئایین نەك خودی ئایین) مەعلومە بۆ چونی زانایەك بۆ زانایەکی تر جیاوەزە لە بارەی ئایینەوە ئەمە ئەوەمان پێ

---

(١). ئەنتۆنیێ گیدز، سەرچاوەی پێشوو، ل(٦٠٢)

(٢). سەرۆقادر، (کۆمەڵگا، دین و توندوتیژی)، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم/ هەولێر ٢٠٠٨، لاپەڕە(٥).



دەڵێت کە تێگەیشتن لە ئایین تێگەیشتنێکی ڕێژەییە، هەروەك ئەوەی دەکرێت بڵێین"ئایین لەسەر گۆی زەوی بە ئەندازەی کۆنی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی و ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە کۆنە، دیاریکردنی ئەمەش چ لە ڕووی کات و چ لە ڕووی شوێنەوە شتێکی مەحاڵە، وەك چۆن بەهەمان شێوە گەیشتن بە پێناسێکی ڕەها لەبارەی ئاینە ئەمەش هەرمەحاڵە"(١)

لە فەلسەفەینیندا کە ئەم فەلسەفیە بریتی یەلە شتەڵکردن و ڕاڤەکردنی دین بە دیدێکی عەقڵانیانە، و بە چاوێکی ڕەخنەیانە خوێندنەوە بۆ دەقەکان دەکات، بەسێ گوتەزای وەك "١. تجروبە(ئەزمون)ی دیینی، ٢. سیستەمی بیروباوەڕی دیینی، ٣. عەمەل(کردە)ی دیینی ، ئیمانی دینی(ئایینی) پێناسکراوە، کە هاومانای شیکاری چیەتی ئیمانە"(٢).

ئەمیل دۆرکهایمی کۆمەڵناس ئایین دەبەستێتەوە بەوبیروباوەڕانەی ڕۆڵیان بینیوە لەکۆیادی مرۆڤدا، دەڵێت"ئایین، چەندین بیروباوەڕی دروستکردووە، کەڕۆڵی گرنگیان لەدروستبوونی کۆیادەوەری مرۆڤدا هەبووە، وێنا کاریە ئاینیەکان لەبنەڕەتدا ووێناکاری کۆمەڵێن و فکری ئایینی کاری لەسەر ڕێکخستنیان لە یەك ووێنا بۆ گەردوون و غەیب ڕێکخستووە.

---

(١). موزەفەر جەبار عەبدولا، ووتارێك لەسەر(سەرەتایەك دەربارەی ئایین) گۆڤاری کۆچ، ژمارە(١٥)، لاپەڕە(٥٠).

(٢). مەولود بەهرامیان، ووتارێك دەربارەی(ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە فەلسەفەی دین و ئەزمونی دینی)، گۆڤاری چاوی هەژان، ژمارە(٣)،لاپەڕە(٥)

چەندێتی ئەو چەمکانەی کە ئایین فیکری مرۆڤی پێ دەولەمەند کردووە نابێت فەرامۆش بکرێت"[١] لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئایین لەدیدی کەلتوورناسیەوە "هەوڵدانە لە پێناو چێژ وەرگرتن لە هەندێك تابۆ و تەقسی ئایینی، تەنها مەبەست لێ ی دووپاتکردنەوە لە سەر ئەو جیاوازیانە و ڕاکردنە لە ئازار.. ئایینیش ئەو پەرستگایەیە کە لە لوتکەی چیایەکدایە، پەناگەیەکە لەسەر مرۆڤ پێویستە بڵندبێتەوە بۆی"(٢) ڕەنگە نهێنی جەوهەری ئایین هەر ئەوەبێت کە مرۆڤی کەمەنکێش کردوە بۆ کۆششێکی بەردەوام لە پێناو گەیشتن بە دەرەنجامێك کەخۆی لەکۆشش و بەدواداچوونی مرۆڤەکاندا دەبینێتەوە لە پێناو ڕێ خۆشکردن بەرەو ئاراستەکردنی خۆیان بەرەو لای خوا ئەنجامی دەدەن" [٢]. لەدیدی ئەنترۆپۆلۆژییەوە، مەبەست لە ئایینی سەرەتاییە کە"تێیدا زیاد لە خوداوەندێك دەپەرسترێت، ئەمەش جیاوازە لە ئایینی ئاسمانی کە خاوەنی تەنیایەك خوداوەندە"[٤] ڕەنگە گرفتەگەورەکانی بەردەم ناسینی ئایین، هەمیشە لە ئاشنانەبوون بە کەلتوورەوە سەرچاوەیان گرتووە، "بۆ ئەوەی بزانین کام زانیاری مرۆییە و کامەیا بان مرۆییە، دەبێت بۆ کەلتوور بگەڕێینەوە.. ئەمەش دەمانباتەوە ئەو پرسیارە دیالێکتیەیی کە ئاخۆ کەلتوور ئایین ئاراستەدەکات یان ئایین کەلتوور ئاراستەدەکات؟..."[٥]

---

(١) ئارام ئەمین شوانی، ووتارێك دەربارەی(عەقڵ گەرایی لەگەڵ ئەمیل دۆرکهایمدا)، گۆڤاری کۆمەڵناسی ژمارە(٨)ی ساڵی پێنجەم، لاپەڕە(٣٩).

(٢) عەلی عیزەت بیگۆڤیچ، (ئیسلام لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) وەرگێڕانی محەمەد چیا، چاپخانەی سیما چاپی سێیەم/ سلێمانی٢٠٠٦، لاپەڕە(٢٣٦)

(٣) میشێل مالرب، مرۆڤ و ئاینەکان وەرگێڕانی عمران هاواری، چاپخانەی ڕەنج چاپی یەکەم سلێمانی٢٠٠٩، لاپەڕە(٣٥).

(٤) ڕێبین ڕەسوڵ و دیار عەزیز شەریف،(ئەنسرۆپۆلۆژیا)،چاپخانەی ڕەنج،هەولێر،چاپی یەك،٢٠٠٤، لاپەڕە ١٦٣

(٥) خەسرەو میرلودەلی، ڕۆژنامەی چاودێر،پاشکۆی چاودێری ڕوانگەو ڕەخنە ژمارە(٨٢) لاپەڕە(١).



کاتێکیش ئاین وەك مۆرکێکی هەمووکۆمەڵگاکان ووینای بۆ دەکرێت ئیدی فاکتی ئاین، لە سیۆسۆلۆژیایی مارکسدا پێدەنێتە "حساب کردن بۆ ئایین وەك سۆپەر ستراکتۆر دەرەنجامی ماندووبوون و توێژینەوەی چەندین ساڵەی مارکس..

چونکی بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵگەی بێ ئایینمان نەبووە، وەك هنری دێرۆشی دامەزرێنەری سۆسیۆلۆژیای ئایینی دەڵێت (بەدرێژایی مێژوو ئاین مۆرکی هەموو کۆمەڵگاکانە)، ئێمە کۆمەڵگایەکی بێ ئایینمان دەستناکەوێت کۆمەڵگای بێ ئایین بوونی نی یە" [١]، هەر ئایینە مرۆڤەکان، هاندەدات تاوەکو ئەرکەکانی ڕۆژانەیان ئەنجام بدەن، ئامادەشیان دەکات بۆ ئەو چارەنوسەی کە خۆیان نایانەوێت.. لای بڕواداارانیش ئایین ڕێگە نیشاندەرەی مرۆڤە بۆ ئاخیرەت"[٢]

ئایین هێشتا مانایەکی قوڵتر لە خۆدەگرێت لە چاو ئەونرخاندنەی کە لە تێڕوانینی مرۆڤەکاندایە، بۆیە گرنگە لەبنچینەی ئایین تێبگەین، وەك ئەوەی لە "مانا لاتینیەکەیدا بەهاتووە( religio= bonds of relation= ) واتا ئەو شتەی دەمانبەستێتەوە سنوردارمان دەکات،

لەبارودۆخی ئاسایی و نائاسایی کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەیوەندیە سیاسیەکان و کەلتووری هاوبەش و بەها و باوەڕەکان و ئایدۆلۆژیاکان یان

---

(١). سەلام عبدالکریم، گفتوگۆلەگەڵ عادل باخەوان دەربارەی سۆسیۆلۆژیای ئایین، گۆڤاری کۆمەڵایەتی سەردەم ژمارە(١٠)ساڵی٢٠٠٩، ل(١٥).

(٢) سەباح عەلی جاف، (چاکسازی ئایینی)، گۆڤاری ئایدیا والا ژمارە(٣١)ی ساڵی ٢٠١٢، ل٨٨

تیۆرییەکان ئەمانە پێکهاتەی کرۆکی ئاینن، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مانادار پێکدێن[٢] ڕەنگە ئەم پێناسەیە بمانباتەوە بۆ جەختکردنەوە لە پەیوەست بوونی ئایین وەك توخمێکی کەلتووری بە رەچاو کردنی هاوبەشیەت و بەهاکان و ئایدیاکان و تیورەکانی ئاین. کاتێك (پێکهاتنی روحی گەل، دەبێتە بەشێکی کاری ئاینینی گەل"[٤] لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئایین توخمێکی"هەرە گرنگی کەلتوورە لە کۆمەڵگەدا دەزگای خۆی هەیە و مەعریفەی دینی بەرهەم دێنێت و پیادەی دەگات و دەورێکی گەورەشی هەیەلە پرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا.. فکر و عەقیدەیەك ئەوسا دەبێت بە ئایین کاتێك ببێتە بەشێك لە کەلتوور و بنەماکانی خۆی دەخاتە ناو هەموو بەشەکانی تری کەلتوور.. بۆیە هیچ کەلتوورێك نی یە بەبێ ئایین، لەگەڵ ئەوەشدا نەکەلتوور و نەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بریتی نین لە تەنیا ئایین، ئایین توخمێکە لە کەلتوور"[٥] کاتێك قسەلەسەر ئایین دەکرێت لەسەر بنەمای پەرەسەندنە مێژووییەکەی ئەوا دەبێت بوترێت" ئایین وەکو سیستەمێکی بیروباوەڕ دیاردەیەکی مێژووییە و لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بووە ئەمەش گۆڕانی بەسەرداهاتووە لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا لەکۆمەڵگاسەرەتاییەکان ئاینی سادە هەبوون وەك تەوتەمیزم(پەرستنی ئاژەڵ) فیتیشیزم(بت پەرستی)، شامانیزم(رووح پەرستی)،میترایزم(ڕۆژ پەرستی)"

(٣) فاروق رەفیق، سێکۆلاریزم و ئاین، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٢، ل٦٨.

(٤) شیدان وپیق، لاییسیتە چیە، وەرگێڕانی فازڵ مەحمود وەلی، چاپخانەی یاد، سلیمانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٩.ل٩١

(٤) دکتۆر ڕەشاد میران گفتوگۆ: سازدانی کەوانە، گۆڤاری کەوانە ژمارە(٤)تشرینی یەکەمی ٢٠١١ساڵی یەکەم ل١٣٨

(٥) د. ڕەشاد میران، چەند بابەتێکی ئیتنۆ_ کۆمەڵایەتی.بەرگی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆك. چاپی یەکەم و ٢٠١٠، ل٥



**٢.زمان.**

زمان" فاکتەرێکی گرنگی پەیوەندی(communication) کردنە، ڕەنگە زمان نەبایە گەشەی شارستانیەت و کەلتووری مرۆڤ بەم ئاستە نەگەشتبا، پرۆسەی ژیان کردن و لیکگەیشتن ئاسان نەدەبوو، ڕەنگە بایەخی کەلتووری و ئەنترۆپۆلۆژیایی زمان ئەوەبیت کە"زمان" هۆیپێکەوەلکاندنی تاك و خێڵەکانی کۆمەڵە، یەك لەبنەما گرنگەکانی ناسنامەی هەر گەلێك، زمانە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پێکهێنانی ناسنامەی کەلتووری نەتەوە و گەل، ڕۆڵی زمان پڕبایەخ و گرنگ و کاریگەرترە. مەرگی زمان قەیرانی بوونی نەتەوەیی و سڕینەوەی ناسنامە و قڕانی کەلتووری بەدواوەیە. نمونەی ئەو نەتەوانەی بە مردنی زمانەکەیان چونەتە گۆڕخانەی فەرامۆشی و لە بیرجونەوە زۆرە.."[١] کاتێك زمان" تایبەتمەندیەکی مرۆڤانە وەردەگرێت و لە ئاماژە و مانا و دەربڕین پێك دێت، وەك ئەوەی لە سادەترین پێناسەیدا بریتی بێت لە"سیستەمێك ئاماژە و هێما و دالی ڕێکخراو، هەر ئاماژە و دالێکیش خاوەنی مانای دیاریکراوی تایبەتی خۆیەتی و لە سایەی نەسەقی دامەزراوی زمانەوە مانا بەخشن و شێوازێکە لە شێوازەکانی دەربڕین و گەیاندن و تێگەیشتن لە نێوان مرۆڤدا و تایبەتمەندییەکی مرۆڤانەیە، لەبەر ئەوەی زمان مۆرك و سیمای مرۆڤ دیاری دەکات، بۆیە بە بوونەرێکی زیندوو دادەنرێت.

(١). ڕەوف مەحمود پوور، (بنەماکانی بزاڤ نەتەوەیی و ڕەهەندی ڕۆشنبیری)، چاپحانەی لەریا، سلێمانی ٢٠١١.ل٢٢

(٢). ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل و دیار عەزیز شەریف، (ئەنترۆپۆلۆژیا)، چاپخانەیرەنج، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، ل١٧٠

واتا زمان بونەورێکی زیندووە بۆخۆی لەسایەیی مرۆڤەوە لە دایك دەبێت و سیستەمی تایبەت بەخۆی دادەرێژێت، بە پێ ی ئەم سیستەمەش ڕەفتار دەکات و بە پرۆسەی گۆڕانی بەردەوامدا تێپەڕ دەبیت، مادام زمان بونەوەرێکی زیندووە و گەشەدەکات، ئەوە دیارە دوچاری لەناوچون و مردنیش دەبێت"[٢]. مەبەست لە سیستەمی ڕەفتار و هەڵسوکەوت ڕێك "سەنگی دەست پێوەگرتنی زمان دەربڕینە..، گەوهەری بونیاتی زمان پەیڤاندن(گوتن)ە وەك روحێك لە نیشاندان...زمانیش بەو پەیڤانە دەوترێت کە دەنگ بڵاودەکاتەوە، ئەو ووشانە دەبێژێ و بەدەریان دەخات کە بێدەنگیەکان رووت دەکاتەوە" [١]

هەرچی پەیڤاندن(parole)ە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەزمان و دەربڕینەوە هەیە" جیاکردنەوەی زمان و گوتن..، پەیوەستە بە گشت و بەبەشەوە، زمان گشتیە و گوتن(پەیڤاندن) بەشە، بەلای دی سۆسێرەوە زمان سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی نەستیە و لە ژێر دەسەلاتی تاکدا نی یە، بریتی یە لە کۆمەڵێك ڕیسا و یاسای گشتی، دەست بەسەر بەرهەمهێنانی گوتندا دەگرێت، زمان دەستێکی پەتی باڵا دەنوێنێت، کە گوتن هەڵبژاردنە.. کارەکییەکانی لێوە وەردەگرێت. بەڵام گوتن پەیڕەوکردنی کارەکیی یاسا و ڕێسا گشتیەکانەوە و ئاستی تاکەکەسیی زمانە، هەر بۆیە گوتن بە پێ ی تاکەکەسەکان دەگۆڕێت"[٢]


---

(١). هەندرێن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

(٢). د.بەسام قتوس، (دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ) وەرگێڕانی د.محەمەد تاتانی، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم ٢٠١١، ل١٦٣



هێلکاری بەشەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا




«وەکو ئەوەی لەم نەخشەیەدا دیارە، ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری کراوەتە سێ بەش، ئەتنۆلۆژیا، زمانزانی، ئەرکیۆلۆژیا، بەپێی ئەم دابەشکردنە، زمانزانی بریتییە لەتوێژینەوەیەکی تایبەت بەشێوەزارو موفرەدات و لێکۆڵینەوە لەزمانە بەرایی و کۆنەکان»[١]

(١) ڕێبین ڕەسول و دیار عزیز، ئەنترۆپۆلۆژیا، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، ل ١٦٩

٣٢

زمانیش بۆ ئەوەی وەك دیاردەیەکی مرۆیانە گوزارشتی لێ بکەین پێویستی بە چەند توخمێك هەیە تا پێ ی بوترێت زمان لەوانە:

١. عەقڵ یان هزر کە شتەکان پۆلێن دەکات و هزری ڕێکخراو بەرهەم دێنێت، پەیوەندی نێوان شتەکان دیاری دەکات، دواتر ڕەمزی فۆنەتیکی دەخاتە سەر خودی ئەو شتانە.

٢.بوونی ئامرازی قسەکردن لە نێو جەستەی مرۆڤدا کە لە ئامرازەکانی هەناسەدان و دەم و مێشك و زمان پێکدێت، لەگەڵ ئەوەی گیاندارانیش زۆربەیان ئەم ئامرازانەیان هەیە بەڵام لە سەر شێوەی ئامرازی مرۆڤدا نی یە و بە قەبارە و بارستایی ئەو نی یە دەوتوانین ئەم ئامرازانە بە ئامرازە بایەلۆجیەکانی توخمەکانی زمان ناو ببەین.

٣.ژیان و گوزەرانکردن لە نێوان کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیانە، چونکە مرۆڤ لەکاتی منداڵیدا لەنێو خێزانی خۆیدا، بە بۆ ماوە فێری زمان دەبێت، خۆ ئەگەر بەتەنیا و دورە پەرێز ژیا، ئەوە فێری قسەکردن و زمان بژاندن نابێت، بەڵکو بۆخۆی بەتەنیا هەندێك دەنگ دەردەبڕێت.ئەم سێ توخمەش پێکەوە تەنیا لەنێو مرۆڤدا بونیان هەیە لەسەر زەوی تایبەتمەندی خاسیەتی مرۆڤایەتین" [1] ژان بۆردیۆسۆسیۆلۆجیست و ئەنترۆپۆلۆجستی فەرەنسی زمان نەك بەکەلتوور بەڵکو بە سامانی کەلتووری ناودەبات و دەڵێت"سامانی کەلتووری لە کۆمەڵە سەرچاوەك پێکهاتووە کە بریتی یە لە پەروەردە و ئەدەبی نوسراو، لەلایەن گروپگەلێکی بەرچاوەوە بۆ پێشکەوتنی ئابوریی و کەلتووریی



بەکاردەهێنرێت" [2] کەواتا پێشکەوتنی هەرکەلتوورێك پەیوەستە بە سامانە کەلتووریەکەی کە خۆی لە زماندا دەبینێتەوە، ئەمەش پەیوەستە بە قۆناغە مێژووییەکەیەوە کە هیگڵ بە (مێژووی نەتەوە ناوی دەبات و زمانیش بە رو حی نەتەوە) ، ئەم فەیلەسوفە ئەڵمانیە چەمکی زمان دەبەستێت بە روحی نەتەوەوە پێ ی وایە"ڕوحی نەتەوە زمانە، زمان روحی نەتەوە ڕادەگرێ و ڕوحی نەتەوەش بریتی یە لە مێژووی نەتەوە" [3]

تەنانەت ڕەنگدانەوەی چەمکی زمان لەکایەیەکی تری وەکو کایەیی رۆشنبیری کەمەبەست پێ ی کارە زەینیەکانی کارەکتەری رۆشنبیرە دەبیتەوە ناوەرۆك وەك ئەوەی" هەموو رۆشنبیریەك هەلگری کەلتووریەتی، زمانیش بە خودکاریەوە ناوەرۆکە بۆ ئەم رۆشنبیرییە، کە ناکرێ زمان لە کەلتوور جیابکەینەوە، لەهەمان کاتدا کەلتووریش ناوەرۆکە...بەم پێ یەش وردەکاریی لە زمان و پێناسەکردنی تەواو بۆی و بۆ دارشتنی و بۆ تێکەکانی، کردارێکە یارمەتی لە دروستی هەردوو تەواوکاری و زرنگی و بنیاتنانی عەقڵی بەوردی دەدات" [4]

---

(١). ڕێبین ڕەسوا ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

(٢). کامیار سابیر، (ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی کوردیی و پرۆسێسی ستاندەربوونی)، چاپخانەی ئاوێنە، چاپی یەکەم/سلێمانی ٢٠١١، ل٢٨

(٣). ڕەوف مەحمود پوور، (بنەماکانی بزاڤی نەتەوەیی و ڕەهەندی ڕۆشنبیری)، چاپخانەی لەریا، سلێمانی ٢٠١١.ل٢٢

(٤). ارزج عمر،(گرفتەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی، زمان و کەلتوور و دیموکراسیەت)، گۆڤاری کۆمەڵایەتی تاو، ژمارە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١١، ل٩٦.

لێرەوە دەکرێت لە هەر کەلتوور و کۆمەڵگەیەکدا زمان بەدوو شێوە خۆی ووێنابکات، زمانی سروشتی و زمانی دەستکرد، بەم پێودانگەش "زمانی سروشتی" زمانی ڕۆژانەیە وەکو شێوازێك بۆ بەردەوامبوون لە نێوان خەڵك و شێوازێك بۆ دەربڕینی هزر بەکاردێت، زمانی دەستکردیش زمانێکە مرۆڤ بۆخۆی لەبەر هەندێك پێداویستی ژیاری تایبەت دروستیکردووە و دایهێناوە وەکو: زمانی ڕەمزی ماتماتیکی، زمانی تیۆرە فیزیاییەکان، سیستەمە جیاجیاکانی ئاماژە و ڕینمایکردن"[1]. لێرەوە ئەوە بەڕونی بەدەردەکەوێت کە "زمان گرنگترین توخمی کەلتوورە ئەو ئامرازەیە کەبەهۆیەوە کەلتووری نەتەوە خۆی دەردەبڕێت، یان ئەو قاڵبەیە کە کەلتوورەکە لەناویدا دەخەملێت بۆیە زمان ناوەڕۆکی پێناسی هەرنەتەوەیەك پێك دێنێت، ئاستی پێگەیشتنی عەقڵی و شارستانی و کەسایەتیەکەی نیشان دەدات. لەهەمان کاتدا زمان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتەوە هەیە چارەنوس و ئایندەی، ڕەوشی پێشکەوتنی بە سیاسەتەوە بەندە هەروەها خۆیشی وەك هەڵگری ئەزمونی نەتەوە و دەربڕی سیستەمی عەقڵی و کەلتووری کار لە سیاسەت دەکاتەوە"[2]، بۆیە زمان وەك پێشمەرجێك دەبێتە فاکتێکی گرنگ بۆ کەلتوور، هەندیکجار خۆی بەخاوەنی کەلتوور دەزانێ، زمان و کەلتوورش چەمکێکی پێکهاتەیی و یەکتر تەواوکەرە لە پاڵ توخمەکانی تری کەلتوور

---

(١). ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل و دیار عەزیز شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠

(٢). د.ڕەفیق سابیر، (کەلتوور و ناسیۆنالیزم) چاپخانەی تیشك چاپی سێ یەم/ سلێمانی ٢٠٠٨، ل١١٢



بۆیە "زمان خاوەن کەلتوورە و هەموو کەلتوورێك دەبێت بە زمانێك دەربڕێ، زمان ئەگەرچی بەشێکەلە کەلتوور بەڵام کەسایەتیی تەواوی خۆی هەیە و لەبەرئەوەشە زۆرجار دەوترێت (زمان و کەلتوور)لەم ڕووەوە گەلێك کەس و میللەتان هەن لەبەر هەر هۆیەك بێت بە بەزمانی نەتەوەیی خۆیان ناپەیڤن، کەچی خۆناسی و هۆشیاری نەتەوەییان هەیە و خۆیان بە ئەندامی میللەت و نەتەوەی خۆیان دەزانن، بەڵام ئەمانە لەبەرئەوەی بە زمانی نەتەوەیی خۆیان قسەناکەن، ئەوا بێگومان بەڕادەیەکی زۆر دورن لە کەلتووری میللەتەکەیانەوە، بەمەش چونکە کەلتوور بەگشتی نەتەوەییە و گرنگترین و بەر چاوترین ماکی نەتەوەش زمانە، نەك ئەوەش بەڵکو کەلتوور بەلایەنی مادی و مەعنەوەییەوە بەهۆی زمانەوە لە ژیانی ڕۆژانە پیادەدەکرێت"[1].

بونی ئەو ژمارە زۆرەی زمان لە جیهاندا هاو واتایە لەگەڵ فرەڕەهەندی کەلتوور، هەرچەندە هەزارەها کەلتوور و زمان هەن کە دەسەڵاتێکی سیاسی نییە پارێزگاریان لێبکات بۆیە دەبینین"نزیکەی شەش بۆ هەشت هەزار زمان هەیە لە جیهاندا کەچی تەنیا نزیکەی دووسەد دەوڵەت هەیە، بەم مانایەش بە هەزاران زمان و کەلتوور هەن دەسەڵاتێکی سیاسی نی یە پارێزگاریان لێ بکات.

بەمەش پێشبینی دەکرێت لەماوەی نیوسەدەی داهاتوودا نزیکەی نیوەی زمانەکانی دونیا لەناوبچن لەم دۆخەشدا زمان و کەلتووری نەتەوەیی هەر

---

(١). د.ڕەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

وڵاتێك ناتوانێت لەبەرامبەر لێشاوی زمان و کەلتووری بیانی، بەشێوەی جۆراوجۆر لە کەناڵی جۆراوجۆرەوە دێن خۆ بەدوربگرێت"[١].

لێرەدا وەك پێویستی یەکی هەنوکەیی و کەلتووری گرنگی سیاسەتی زمانەوانی خۆی مەیسەردەکات بەوەی کە چۆن پلان دابنێین بۆ پارێزگاریکردن لەمانەوەی زمان وپاراستنی ئەم کەلتوورە نەتەوەییە تاوەکو زمانەکەمان لە لێشاوی پەراویزکەوتن و لەناو چوون بپارێزین نەخشە بۆ دانانی زمان (language planning) یان سیاسەتی زمانەوانی(language polaticy)مەبەست لەم واژانەش تێکەڵاوێکە لە بنەمازانستی و تێورییەکانی زماننانسی لەگەڵ بنەما و رێچکەکانی سیاسەت و ئیدۆلۆگی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت، بە پێچەوانەی زۆر لایەنی تێوری زمانناسیەوە کە بنەماکانی تارادەیەکی زۆر نەگۆڕن، نەخشە بۆدانانی زمانیش بە پێ ی کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکان دەگۆڕێت، لەم ڕووەوە ئەزمونی کۆمەڵگە و نەتەوەکانی جیهان نەخشەیەکی گرنگیان لە گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردن و قوڵکردنەوەی ئەم بابەتەدا هەیە."[٢].

ئامانج لەم جۆرە سیاسەت و پلانانە مانەوە و درێژەدانە بە پاریزگاریکردن لە زمان و کەلتووری میللەتان.

(١). د.رەفیق سابیر، سەرچاوەی پێشوو ،ل١١٠

(٢). فەرهاد شاکەلی، (زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی نوێدا)، چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٩ل ٧



**٣. داب ونەریت، (کەلەپور)**

"داب و نەریت کە مانایەکی نزیك لە کەلەپور یان هاومانا لەگەڵ کەلەپور(التراپ)ی عەرەبی و (ترادیشن ـــ tradidition)ی ئینگلیزی دێت، سەبارەت بەریشەیی زمانەوانی و گرامەری ئەم ووشەیەش ئەوە هاتووە کە ئەم ووشەیە لەبنەڕەتدا لەیاسای ڕۆمانیدا بەکارهاتووە، "ماکی ووشەی نەریت لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ووشەی لاتینی(tradere)دەگەڕێتەوە، ئەم ووشەیەش بە مانای (گواستنەوە)، یان پێدانی شتێك بە کەسێك بەمەبەستی پاراستنی. (ئەم ووشەیە لە بنەمادا لەیاسای ڕۆمانیدا بەکارهاتووە)، وەك ئاماژەیەك بۆ یاسای میراتی، ئەگەری ئەوەی بۆکرا موڵکێك لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەمیراتی بەجێدەما، پشتی بە متمانە بەستوو، واتا دەبوایە میراتگر بیپارستایە و ئاگای لێبوایە"[١]

هەروەك لەزمانی ئینگلیزیشدا، "لەبەرامبەر ووشەی (ترادیشن ـــ tradidition)ووشەی فەرەنسی(ترادیسیۆن ـــ tradition)دا، کە بەهەمان مانای ڕاگواستن(انتقال) گویزانەوە دێت، واتا ئەوەی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگویزرێتەوە"[٢].

(١). ئەنتۆنیۆ گیدنز، جیهانی لەدەستچوو، وەرگێڕانی ئاوات محەمەد، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٧، ل٤٥

(٢). (ژیار و تازەگەری، هەڤپەیڤینێك لە نێوان جەمشیدی بێهنامی و ڕامینی جیهان بەگلۆ)، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠

لەلایەکی ترەوە "نەریت(عادە ــ habit)، بە توانایەکی بەدەستهاتوو دادەنرێت، جیاوازە لە غەریزە کە بۆماوەییە جیاوازیشە لە نەریتی کۆمەڵایەتی لەوەدا کە دەکرێت ئەم فەردی بێت بەڵام نەریت زیاتر پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆییە، دابە ئەخلاقیەکان کۆمەڵێك ڕەفتار و نەریتی باون لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا"(٣).

هەرچی "خوو(خلق ــ character)ە، بە بارێکی دەرونی چەسپێنراو دادەنرێت، کردەوەکان لێیەوە سەرچاوەدەگرن، بەبێ هیچ پێویست بونێك بە بیرکردنەوە و تێڕوانین"(٤).

هەروەك دەتوانرێت چەمکی کەلەپور یان داب و نەریت بە پشت بەستن بە چەند ڕەگەزێکی کەلتووری پێناس بکرێ بەوەی" مەبەست لە کەلەپور" بیروباوەڕ و شەریعەت(یاسا)، و زمان و ئەدەب و عەقڵ و زەینکاری و فەنتازیا و ...هتد، بەمەش کەلەپور هەموو شتانەیە کەلە ئێستاماندایە و لە ڕابردووشدا لەگەڵمان بووە، ئیدی ڕابردووی خۆمان بێت یان هی خەڵکی دی، نزیك بێت لێمان یاخود دوور"(٥)

لە پێناسێکی تردا داب و نەریت بە کەلەپوری نەتەوە و شێوەی شارستانی چالاکی کەلتووری ناوبراوە بەوەی کە "بەو کەلتوورە نەتەوەییە دەوترێت کە جیاوازە لە شێوەی ژیاری و چالاکی کەلتووری

---

(٣) محەمەد چیا،فەرهەنگی فەلسەفی، چاپخانەی مەهارات، تاران،چاپی سێ یەم٢٠٠٦، ل١١٠

(٤). محەمەد چیا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

(٥). عەلی کەریم محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢



بەدرێژایی مێژووەکەی، لەمانەدا ووێنادەبێت" دین و زمان و ئەدەب و زانست و هونەر و دیاردە جۆربەجۆرەکان کە شان بەشانی کەلەپوری نەتەوەیی مرۆڤایەتی ڕێگەدەکرێتەبەر "(١). ڕەنگە بەکارهێنانی هەردوو چەمکی داب و نەریت و کەلەپور، جگە لەو هاوبەشەکیەی کەهەیانە جیاوازیش لە نێوانیاندا هەبێت بەوەی "چەمکی (کەلەپور، کۆمەڵێکە لەنەوەیەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر، بەڵام لەوانەیە ئەو قورساییە ئایدۆلۆژیەیی نەریتی نەبێت، واتا زەحمەتە بتوانرێت کەلەپور بکرێتە ئایدۆلۆژیا"(٢)

دەتوانین ئەوە بڵێین کە،چەمکی داب و نەریت و هاوماناکانی وەك توخمێکی مەعنەوی سەرەکی کەلتوور ناودەبرێت ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە پەرەپێدانی کەلتووری، کە هەندێکجار ئەم چەمکە وەك یاسایەکی دەق گرتووی مرۆیی و بان مرۆیی ووێنادەکرێت، داب و نەریتیش"دیوی دووەمی کۆمەڵێك بیروباوەڕ و بەهای کۆمەڵایەتی و باوەڕی ئاینی و پەیڕەوی سیحری و ئەدەبی میللی و ئەفسانە و خورافیات و زانیاری گشتیە، کەلە سایەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسانەوە توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی بەدییان دەکات، هەروەك داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ناچێتە ژێربالی لۆژیك، هەروەها ملکەچی بەهانەی عەقڵانیەت نابێت، بەڵکو تەنیا زانراوێکی وەرگیراوە لەشێوەی پیرۆزیشدایە، ئەگەر کۆمەڵگا بچوك و لەناو یەکدا بێت" ئەوا داب و نەریت باڵادەست دەبێت وەکو ئامرازێك بۆ بڕیاردان لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی"(٣)،

---

(١). خليل ابراهيم محەمەد، (شخصية المسلم بين التراث والوافد ضوابط و معايير)، مركز البحوث والدراسات الاسلامية، الطبع الاولي ٢٠٠٨ ص٢٤.

(٢). (ژیارو تازەگەری، هەڤپەیڤینێك لە نێوان جەمشیدی بێهنامی و ڕامینی جیهان بەگلۆ)، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

(٣). ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل و دیار عەزیز شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦.

نمونه گەلی وەکو مانگا پەرستی لە هندستان و لەبەرکردنی هەندێك جل و بەرگی میللی و هێشتنەوەی هەندێك لە جۆری خواردن و خواردنەوە و شێوازی ژن و ژنخوازی و پەیڕەوی کردن لە هەندیك سروت و یاسای کۆمەڵایەتی وەك لە نێوان هەندێك لە هۆزەکان و میللەتەکاندا دەبینرێت لە هەندێك لە ئادگارەکانی فۆرمی ژیانکردنیاندا بە گەواهیدەرێکی نەرتی ناودەبرێن، ئەگەرچی "سەدەی ڕۆشنگەری بە تێکشکاندنی دەسەڵاتی نەرتی ئامانجی وەرگرت، بەڵام بە شێوەیەکی کەمینەیی سەرکەوتوو بوو، نەریت بۆ ماوەیەکی درێژ لە ناو کۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا بەهەمان هێزی خۆی مایەوە، لە هەندێك کۆمەڵگاکانی تری جیهاندا چوە دۆخی جێگیربونەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە نەریت دووبارە دۆزرانەوە، نەریتی نوێش دامەزرێنران، کۆمەڵێك هەوڵدانی جدی بۆ پاراستنی یان سەپاندنی نەریتی کۆن هەبوون

ئەمانەش بوونە جەوهەری بابەتی فەلسەفەی پارێزکاران(کۆنسێرڤاتیەکان)، لەوانەیە چەمکی نەریت گرنگترین چەمکی کێشەی پارێزگاران بێت، لەبەر ئەوەی پارێزکاران، ڕایان وایە نەرت حیکمەتێکی ئەنبارکراوی تێدایە"[1]. ئەوەی ئەمرۆ لە سایەیی گلۆبالیزەیشندان ڕودەدات هەوڵدانێکە بۆ سڕینەوەی و تێکشکاندنی تۆڕەکانی داب و نەریت لە کایە کۆمەڵایەتیەکەیدا.

(١). ئەنتۆنیۆ گیدنز، جیهانی لەدەستچوو، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨



نەك ئەوەش بەڵکو شوناسی تاکەکانیشی خستۆتەژێرپرسیارەوە، بۆیە "تێکدانی نەزانانەی کەلەپوری بەشەری تەفروتوناکردنی جوانیەکانی ژیانە، جائەمە لەسەر دەستی دەوڵەتەکانەوە ئەنجام بدرێت، یاخود بەیارمەتی خەڵك. ئەم جوانیانە کەبەمیراتی بۆمرۆڤایەتی ماونەتەوە بەتەنها چاونگە ڕوحی و زەینیەکانی ئێمەنین، بەڵکو خودانبونگەلێکی ژیارین، کەسەرچاوەی ڕوحی میتافیزیکیانەی مرۆڤن، کەواتە ئەوەی دەبێتە مایەیی ئەوەی مرۆڤەکان لەنێو چوارچێوە ژیارییەکەیدا لەمانای (مرۆڤایەتی) تێبگەن هەر ئەم خودانبونگەلە کەلەپوریانەن کەلە فۆڕمی ئاسەوارگەلێکی نەناسراوتری وەکی چوارێنە گوندییەکان، یان ئاسەوار گەلی بەناوبانگی وەك تەختی جەمشید، ئاکرۆپۆلیس یاخود سەمفۆنیای سێ (گۆستاڤ مالێر)دا دەرکەوتوون، بەدەربڕینێکی تر کەلەپور چەمکێکە لە ڕەوتی مێژوویی هۆشیاری و مرۆیی ئاگادارماندەکاتەوە، ڕەنگە ئەرکی مرۆڤ لەهەر چاخێك لە ئەزمونە مێژووییەکەی خۆی بازبێری ئەم کەلەپورەبێت"[1].

ئەگەربمانەوێت سیمایەکی گشتی کۆمەڵگەی نەریتی(ترادیسیۆن) بزانین ئەوە پێویستە گوزەرێکی خێرابکەین بە نێو ڕەهەندەکانی ئەو ژیانە تەقلیدیەیی کەلە کۆمەڵگە نەریتیەکاندا ووێنادەبێت، بەبەراورد بە کۆمەڵگەی مۆدێرن جیاوازی زەق دەبینرێت لە ڕوی جۆر(کوالێت)ی ژیان و چۆنێتی ژیانکردنەوە لەو کۆمەڵگایەنە لە چەند ڕویەکەوە، لەوانە:

(١). (ژیار و تازەگەری، هەڤپەیڤینێك لە نێوان جەمشیدی بێهنامی و ڕامینی جیهان بەگلۆ)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥

"ا. لەڕوی نیشتەجێبونەوە:

١. کۆمەڵگەی ترادیسیۆن نیشتەجێبوەکانی گوندین، (لەنیشتەجێبوندا پەرش و بڵاون و جێگیربوونی جوگرافیان لاوازە).

٢. لەڕوی دیمۆگرافی(سەرژمێری دانیشتوان)ەوە: ڕێژەیەکی زۆری لەدایکبون، ڕێژەیەکی زۆری مردن، هیوابوون بە ژیان کۆمەڵگەی گەنجان لەوێدا زۆر کەم بەرز دەبێتەوە، خەڵکی ئەکتیڤیان زۆرکەمە.

ب. لەڕووی تەکنەلۆژیاوە:

١. کەرەستەی تەکنیکی، سەرەتایی پشت بەستن بە وزەی گیاندار و مرۆڤ.

٢. تەکنیکی ڕۆشنبیری، زانیاری کۆن و بەسەرچوو، زیاتر زارەکیە.

٣. تۆڕی گەیاندن و زانیاری لە ئاستێکی نزمدایە.

ج. لەڕوی ئابوریەوە:

١. پیشەوکارکردن: کشتوکاڵ، پیشەکاری، دابەشکردنێکی لاوازی کار.

٢. دابینکردنی پێداویستی تایبەت.

٣. یاساکانی بەڕێوەبردن: ئاڵوگۆڕپێکردن، دووبارە دابەش کردنەوە.

٤. هۆیەکانی بەرهەمهێنان لاوازە.

٥. یەکەکانی بەرهەمهێنان: کێڵگەودوکان و جوتیاری و پیشەگەری یەک بەرهەمهێنەر، یان ئەندامانی خێزانی و درهاوسێکانی هاوکاریی دەکەن.



٦. بزربونی جیاوازی ڕون لەنێوخاوەنداریێتی کەرەستەی بەرهەمهێنان وکارکردن.ئاستی ژیان بەگشتی لاوازە.

د. لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە:

١. باوەڕی ڕێکخستنی پایە و شوێنی تاك: لەسەر بناغەی پلە و پایەیە، تاك پێگیری ڕێکخستنی پێشینەیی سەروەری کۆمەڵگەکەیەتی کە دەسەڵاتداریەتیە.

٢. خەسڵەتەکانی باری کەسێتی پایەکەی: ناڕێکخستەیە، نایەکسانی بوون لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا سەپاندنی لۆکاڵی بوون بەهۆی داب(نەریت)ەکانەوە.

٣. پێوەری چینایەتی تاك:خێزان ولەدایکبون.گەیشتن بەپایەی کۆمەڵایەتی داخراوە، تایەفە دەسەڵاتداریەتی.

٤. جۆری دەسەڵاتەکان یان تایەفەکان: پیاوی ئاینی، خانەدانەکان(نەجیبزادە)کان، کۆیلایەتی.

٥. ملکەچکردنی ڕەگەزی مێینە لەلایەن نێرینەوە، خێزانی گەورە. و بایەخدان بە گروپە کۆنەخوازەکان.

ه. لەڕوی ڕۆشنبیریەوە:

١. سەرچاوەی بەهاکان: داب و دەستوری کۆمەڵایەتین. باوەڕی یاسا و ڕێساکان پیرۆز(موقدس(ن.

٢. ڕێکخستنی بەها کۆمەڵگاییەکان: بەهایەکی ڕەوشتی دەستەجەمعی ڕێکخراوە(بەهایەکی ڕەوشتی داخراو و کارپێکراو بەهۆی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیەوە)، دەسەڵاتی ئایین.

٣.بناغەی بیرکردنەوە: ڕێکەوتنێکی تاك ڕەهەندی هەیە. ئامانجەکانی خەسڵەتێکی یەك ئاراستەیی لە بیرکردنەوە و ڕازی بونێکی هەمیشەیی و سوپاسگوزاری هەمیشەییدا هەیە.

٤. بەکارخستنی چەسپاو کۆنکرێتی زەین: کەبەهۆی داب(نەریت) و دەستورێکی زارەکیەوە بەهێز دەکرێت.

٥. ڕێگاکانی گوزارشتکردن لەکەلتوور: داهێنانی دەستەجەمعیانە (فۆلکلۆر)ی داهێنانی ئەرستۆکراتیانەی هونەری(کەلتوورێکی باڵادەست)، دابڕان لە نێوان گەل و ئەرستۆکراتەکان، شێوازی کەلتووریانە ئەفسانەییە.

**لەڕوی سیاسیەوە:**

١. باوەڕەکانی دەسەڵات، خودا، یان هەموودەستەباڵایەك. شێوازی دەسەڵات: ئیرادەی سەروەك، نوێنەری خودا.

٢. باوەڕەکانی شەرعیەت پێدان:ترادیسیۆن، سامان، کەس، سامانی تایبەتی سەروەك.

٣. بەناوەندی کردنی دەسەڵات: زۆرجار دەکەوێتەدەست یەك کەسەوە، (ڕەهایی بوون) بەڵام ناوەندێتی لەبەڕێوەبردندا ( زۆرجاریش بەش



بەشکردنی خودی دەسەڵات)ە، دەرەنجامیش بزربوونی تەکنەلۆژیا، بەکارهێنانی سیاسەتێکی توندوتیژ.

٤. ڕۆڵی سیاسیانە زۆرکەم جیاوازی تێدەکەوێت، بەرەودەست بەسەراگرتنی گشتی ئاراستە دەکرێت، (لەسوپاسالاری، بودجە، دادوەری، حکومڕانی، بەکەمی لێك جیادەکرێنەوە).

٥. پۆلێنی سیاسیانە: زۆرلاوازە و زۆرکەمیش فرەڕەنگە.(درێژەدان بەدەسەڵاتی باوك)، بیرۆکراتیەت لە ئیمتیازات و پایە. پێوەری حکومەت: داب و دەستور و یاسای جیاکارییە.

٦. دیاریکردنی حکومڕان: لەدایك بون، داب(نەرت)، هێز، ئەرستۆکراتیەت، ئۆلیگاریشی، ڕەهایی گەرایی بون"[1]

---

(١). لیۆن دیۆن، (کۆمەڵگای ترادیسۆن و کۆمەڵگای مۆدیرن)، گۆڤاری تاوی کۆمەڵایەتی ژمارە(٢٨)حوزەیرانی ٢٠١١.ل٩بۆ١٣.

## ٤. هونەر و ئەدەب.

تێهەڵکێشکردنی هونەر و ئەدەب لە بۆتەیەکدا، وەك یەکێك لە ڕەگەزەتێۆرییەکانی کەلتوور، لەو بۆچونەوە چاوگی گرتووە کە هونەر و ئەدەب بەشێکن لە کەلتووری زەینی مرۆڤ مامەڵەلەگەڵ دیوە مەعنەویەکەی مرۆڤ و کەلتوورەکەیدا دەکەن.شوێنگەیەکە لەلایەن هونەرمەندەوە بەرەو باڵابون مەوجێدات، هونەر" گۆڕەپانێکە لە تێڕوانینی هونەرمەندەوە حەقیقەت لەوەوە هەڵدەقوڵێت و ئەم پرسەش پەیوەندی لە تەك تەواوی دیاردە جیاجیاکانی ئەو گشتەدا هەیە کە دەزگای کەلتووری بونیاد دەنێت"[1] دواجار هونەر "هەوڵ و کۆششی مرۆڤە بۆ بەرخورداربوون و بەهرەوەربوون لەوەی کەدەبێت ببێت، بەڵام نییە... مرۆڤ کاتێك کە خۆی تەنها دەبینێتەوە بەهۆی هونەرەوە دەیەوێت بەسەر ئەم زەوی و ئاسمانەدا، بەو شتانەی هۆگری نین، لە گەڵیدا بێگانە و نامۆن، ڕەنگی ئاشنایەتی و لێکگەیشتنی بکات، .. هەستی نامۆبوون و غوربەتی لەسەر سوك بکات ".[2] بێگومان ئەمەش ئەو دیوەیە کە مرۆڤ بۆ درێژەدان بە ژیان هەمیشە دەیەوێت لە ئازارەکانی سەر شانی سووك بکات لێرەوە وەزیفەی هونەر بەدەردەکەوێت،

(١). داریوش شایگان، ئاسیا لەبەرامبەر خۆرئاوا، و:شۆڕش جوانرۆیی و مامەند رۆژە، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل١٢٨.

(٢). د.عەلی شەریعەتی، ڕامانێك لە چەمکەکان، ئامادەکردنی: محەمەد باخەوان، چاپخانەی گەنج، ساڵی چاپ ٢٠١٠، ل١٣٠.



ڕۆڵ دەبینێ لە ئەفراندن و جیهانبینی مرۆڤ. ئیدی چ میوزیك و گۆرانی بێت یان شانۆ یان سینەما یان وێنەکێشان یان..هتد.دیارە "لەدیدی ئەنترۆپۆلۆژییەوە، مەبەست لە هونەر هونەری سەرەتاییە کە نیگارکێشان و وێنە و چنین و کوتاڵ و دوستکردنی سەرپۆش و جوانکاری جەستە و ئەندازیاری بینا و سەما و مۆسیقا و شێعر پێکدێت تایبەتمەندی هونەری سەرەتایی لەوەدایە کە بەرهەمهێنراوی کەسانی ناپسپۆڕن، ئەمەش لە ساتی بە تاڵیدا ئەنجام دەدرێت و لە سەرەخۆ پێشدەکەوێت، ملکەچی داب و نەریتی ناوخۆیی دەبێت، بەتوندی بە ژیانی کۆمەڵایەتیەوە گرێدراوە"[1]. بۆیە دەبینین لە پاڵ ئەو ڕوحیەتە خۆ خاڵیکردنەوەدا کە هونەر خولقێنەریەتی ،گرنگترین فرمانی هونەر "بەشداریکردنە، لە بونیادنانەوەی دەزگا شارستانییەکان، ئەمەش بۆ پاڵپشتی کردنی بەها کۆمەڵایەتیەکانە، هونەری سەرەتایی زۆرتر لایەنێکی ئاینی لە خۆگرتوە، زۆربەی وێنەکانیان بینای پیرۆز یان پەیکەری کەسایەتییە ئاینی و ڕوحییەکانە، ئامانج لەمەش دروستکردنی کەشێکی سۆزداریە تا ئەنجامدانی سروتە ڕوحیەکان ببێتە پێداویستیەکی ژیاری"[2]

پەیوەندی پتەوی هونەر و ئەدەب کاتێك دەردەکەوێت کە"جێگای تایبەت لە ناو لقەکانی هونەردا هی ئەدەب و داهێنانی ئەدەبی وەکو(شێعر، چیرۆك، ڕۆمان، دراما)یە، بەهۆی زمان وەك کەرەسەیەکی گەردوونی ئەدەب لە توانایدایە بە شێوەیەکی فراوان و قوڵ ژیان لە بزوین و گۆڕاندا نیشان بدات ...

(١). ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل و دیارعزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.

(٢). ڕێبین رسول و دیار عزیز، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦

ئەدەب کاردەکاتەسەر جۆرەکانی تری هونەر بۆ نمونە هونەری شانۆ و سینەما کە بە هونەری ئامێتە (ئاوێتە) ناودەبرێن. چونکە بێ نوسین نە شانۆ پێکدێت نە سینەما"(١). وەك لەو هێڵکاریانەدا دەردەکەوێت هەروەك ئەدەبیش لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت کە ئەویش شێعر و پەخشانە دیارە شێعر کۆنترین ژانراوی ئەدەبیە. لە پێشدا "ئەدەب تەنیا بەرهەمی شێعری بوو، هەرلەوکاتەشدا شێعر یان هونەری هەستی ناوەوەی ئادەمیزادە بەرامبەر بە سروشت...شێعریش شەپۆلێکی نهێنی گیانە کزە بایەك یاخود خورپەیەکە لە مێشکەوە هەڵی دەتۆقێنێ لە پێچ و پەنای دڵ و دەرون شنە دەکا، شێعر بینینی تایبەتی ووێنەی (بوون)ە، چاوی شاعیر هەستی پێ دەکات، ئەمە ڕوداوە، ڕووداویش لە جێگە و کات پەیدا دەبێت، لە پاشانا لە جێگە و کات دەچێتە دەرێ و دەبێت بە بونێکی هەمیشەیی هەردەم بەکاردەهێنرێ و کۆن نابێت و لە کەڵکیش ناکەوێت"(٢) جا کۆنی و جاویدانی ئەدەب و شێعر بەندە بە زمانەوە بۆیە کاتێك "زمانێك دەکرێت خەزێنەیەکی گرانبەها لە فۆلکلۆر، ئەفسانە، گۆرانی، داب و نەریتی کۆن و ئاینی و گەلێك پەند کە بەرپەرچدەرەوەی تێڕوانینی تایبەتی قسەکەرەکانی ئەو زمانەبووە دە نێژرێت و نامێنێت"(٣) بەمەش دیسانەوە ئەدەب و هونەر دەبنە هۆکارێکی گرنگی پاراستنی بەها کەلتووری و زمانەوانیەکان. وەك توخمێکی گرنگ دەبن بە بەشێك لە بونیادنانی شارستانیەت.

(١). پیتەر هاڵبێرگ، تیۆری ئەدەب و شێوازناسی، ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ساڵی ٢٠١٠، ل٢٤.

(٢). د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٠، ل١٥١.

(٣) ئیسماعیل زراعی،زمان، وەرگێران و پەیوەندی کولتورەکان.چاپخانەی ئاراس،چاپی یەکەم ٢٠٠٧، ل١١٢.



## جوگرافیایی کەلتووری:

پێشتر وا لە جوگرافیا گەیشبووین کە جوگرافیا زۆرتر باس لە دیاردەسروشتیەکانی ئاوو هەوا و گەردون (هەستارە و زەوی و خۆرهەڵات و خۆرئاواو باکور و باشور و ...هتد، دەکات)، لە سەرتاشدا بوونی چەند هۆکارێکی سەرەتایی جوگراف، (زەمینەی یارمەتیدەر) بەسبوو بۆ گردبونەوەی خەڵك و پەیدابوونی شارستانیەت، "بوونی زەمینەی یارمەتیدەری جوگرافیایی، وەك خاکی بە پیت، ئاوی زۆر، شوێنی بەرگری گونجاو و هەرێمی یارمەتیدەر، لە پەیدابوونی شارستانیەتە سەرەتاییەکان"(١). ڕۆڵیان هەبوو، بەڵام ڕاستیەکەی جوگرافیا کێڵگەیەکی فراون و فرە ڕەهەندە، دراوێکە چەندین ڕووی هەیە، وەك لە زانستی جوگرافیادا هاتووە، "لە جوگرافیادا بەردەوام کارمان بە دوو ڕەگەزی گرنگ هەیە، کە ڕەگەزی یەکەم، هۆکارە سروشتیەکان و ڕەگەزی دووەم، بریتی یە لەو دیاردانەی کەلە ئەنجامی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەدا دەردەکەون"(٢) ئەمەی دووەمیان زۆرتر خۆی لەجوگرافیای کەلتووریدا دەبینێتەوە، بەدیدە ئەنسرۆپۆلۆجیەکەی، کە پێ ی دەڵێن ئەنسرۆپۆلۆجیایی کەلتووری، "لە هەموو ئەو شتانە دەکۆڵێتەوە، کە هەستیان پێ دەکرێت و دەستیان لێ دەدرێت وەك، پۆشاك و خۆراك و خانوو بەرەو کەل و پەلی ڕازاندنەوە و بەرهەمهێنان، لە ڕوی مەعنەوی)گیانی)یەوە، لە بیروباوەڕ ئاینیەکان، خوڕەوشت داب و نەریت و دەستور و نەریتی کۆمەڵایەتی، دەزگا

(١) د.نورە میرحیدر(مهاجرانی)، بنەماکانی جوگرافیایی سیاسی، وەرگێڕانی، هاوڕێ یاسین محەمەد، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٠، ل٦٠.

(٢) د. حوسێن شکوئی. جوگرافیا و فەلسەفەی جوگرافیا، وەرگێڕانی، ئاسۆ عبدالرحمن، چاپەمەنی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٩.ل١١.

کۆمەڵایەتیەکانی وەك عەشیرەت و هۆز، تۆڵەسەندنەوە و ژن و ژنخوازی و جیابونەوە"[٣] ، کاتێك جوگرافیای کەلتووریش"گرنگی دەدات، بە کۆکردنەوەی زانیاری جیاواز، لە سەر شوێنە تایبەتیەکان و ئەوشتانەی لە گەشەپێدانی ژیانی خەڵك ڕۆڵ دەبینن، جوگرافیایی کەلتووری واتا هەمەڕەنگی لە جۆراو جۆریەتی ژیان، بەهەموو زەخرەفە دەوڵەمەندەکەیەوە، کەلتوور تەنها شتە نامۆکان(غەریبەکان)ی نەتەوەکان نی یە، بەڵکو کەلتوور ئاوێنەیە کە ئێمە خۆمانی تیا دەبینینەوە"[٤]. بەمەش ژینگەی سروشتی ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە جوگرافیای کەلتووریدا، دەبێتە زەمینەیەکی باش لە ئاراستەکردنی جۆری ژیان و تایبەتمەندیە کەلتوریەکانی هەر شوێنێك، بۆیە کاتێك باسی جوگرافیای کەلتووری دەکەین ئەبێت بە پوەستبین بە سێ چەمك (جوگرافیا، کەلتوور، ژینگە)، بەمەش لەخوێندنەوەکانماندا جۆرێك لە تەواوکاری بەدەست دەهێنین، سەبارەت بە بابەتەکەمان(جوگرافیای کەلتووری).

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین"جوگرافیا و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە جوگرافیای کەلتوورییە، لێکۆڵینەوە لە کردار و دژەکردارەکانی مرۆڤ دەکەن، لەسەر زەوی، ئەمەش لە ڕێگەی هەندێك دەزگای وەك (شار و شارۆچکەکان و کێڵگەکان..هتد ئەمانە کە چەندین شێوەی ئەندازەیی دروست دەکەن و ئێمەش تێیدا دەژین و کاروبارەکانی خۆمانی تێدا ڕێك

(٣) دکتۆر عەبدوڵلا عەتەوی، و.د.جەزا تۆفیق و ئەحمەد عەلی، چاپخانەی ڕەنج، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٧،ل٤٨.

(٤) مایك کرانغ، الجغرافیاالثقافیة، ترجمة، د.سعید منتاق، مطابع السیاسة_کویت، یولیو٢٠٠٥.ل ١٥.



دەخەین، لەگەڵ ژینگەکەماندا خۆمان دەگونجێنین"[١].

ئەوەی کە گرنگە لە خوێندنە وە و شرۆڤەکردنی جوگرافیایی کەلتووریدا ئەوەیە کە "لە جوگرافیایی کەلتووریدا کارێکمان بە تاکە کەس نی یە، بەڵکو لە جوگرافیایی مرۆیدا زیاتر سەرنج دەدرێتە ناوەندە کەلتووریەکان، لە هەریەکەیەکی جوگرافیایدا کە ئامانج لیێ ی گروپ و کۆمەڵەگە مرۆیەکانە... ڕێبازی لێکۆڵینەوەش لەسەر بنەمای گشتی لێکۆڵینەوە جوگرافیەکان (چ شتێ؟ کەی؟ چۆن؟ دامەزراوە، بە پیێ ی ئەم پرسیارانەو بابەتە کەلتووریەکان و ناوەندە کەلتووریەکان و دیمەنەکەلتووریەکان و ئیکۆلۆجی کەلتووری وەڵامی پرسیارەکان دەدرێتەوە"[٢]. کەوایە بۆ تێگەشیتن لە ڕواڵەتەگشتیکەکانی چوارچێوە کردارەکیەکانی جوگرافیایی کەلتووری پێویستمان بە خوێندنەوەی تایبەتمەندیە سروشتی و مرۆیەکانی ئەو کۆمەڵگا و ناوەندانەیە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.

(١). د. فوزي سهانة، مدخل الي الجغرافیا، الطبعة الثانیة، دار وائل، عمان٢٠٠٤.ل ١٥٣.

(٢). د. حوسـێن شـکونی، سەرچـاوەی پێـشوو، ل١٠٠

# بەشی سێ یەم

# شوێن و مێژووی ناوچەی جەباری

## بەندی یەکەم

## شوێن و مێژووی ناوچەی جەباری



### شوێنی جوگرافی و مێژووی ناوچەی جەباری

شوێن بایەخێکی گرنگی هەیە لە ڕووی جوگرافیەوە "شوێن یەکێکە لەگرنگترین پێکهاتەکانی فەلسەفەی جوگرافیا، ناتوانین لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی جوگرافیا بکەین، ئەگەر نەیبەستینەوە بەشوێنەوە، لەبەر ئەوەی جوگرافیا وەکو زانستەکانی تر، گرنگی دەدات بەدیاردەکان شوێنیش سەبارەت بە جوگرافیا بەمانای دابەش بوون و پەیوەندیەکان دێت"[(١)]
ناوچەی جەباری یەکێکەلەو ناوچانەی کە دەوکەوێتە "بەشی باشوری کوردستان، لەبەری خۆرهەڵاتی کەرکوك "[(٢)]. "ئەم هۆزە خاوەن ئەو زەوییە بوون کەلەناویدا دەژیان زیاتر لە (٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر لەلایەن عوسمانیەکانەوە پێیان بەخشراوە"[(٣)]. "لەسەردەمی سوڵتان مرادی سێهەم لە ساڵی (١٥٧٨ز)"[(٤)]، جەباریەکان "لەبنەڕەتدا یەکێکن لەو هۆزەگەورانەی شاری کەرکوك و دەوروبەری"[(٥)]. "تەکییەیی جەباری مەکەزی ئیدارەکەیەتی"[(٦)]. ئەم تەکییەییە "پێشتر ناوی سەڵباتوو بووە..

---

(١). هاوریێ مەلا ڕەئوف، (شوێنی جوگرافی)، شوینی بڵاوکردنەوە تێبخانەی هەورامان، چاپی یەکەم ٢٠١٢.ل ١٩

(٢). احمد رشيد بياتي، كركوك الجريحة، مطبعة وزارة الثقافة، الطبعةالاولي، سليَمانية ٢٠٠٤

(٣). هينري فيلد، (جنوب كوردستان)، ترجمةي جرجيس فتح اللة، مطبعةي اراس، الطبعة الاولى/ اربيل ٢٠٠١ ل٦٩.

(٤). سەردار جەباری، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە(٧)جوزیرانی١٩٩٨.ل٦١.

(٥). د.گیو موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم. هەولیر١٩٩٩،ل٢٧٥.

(٦). د.عەبدوڵلاغفور (فەرهەنگی جوگرافیایی کوردستان)، چاپخانەی خانی(دهۆك) چاپی سێ یەم.هەولێر٢٠٠٨. ل٨٧

ناوی تەکییەیی جەباریش بەناوی سید عبدالجباروە ناونراوە، ئەم ناوە (جەباری)* هەرلەناوی ئەم سید عبدالجبارەوە هاتووە ئەو(ی)ە ئامرازی لکاوە بۆدانەپاڵە ئەوەی لە بەرەبابی سەیدعبدالجباربێت پێ ی دەڵێن جەباری"[(1)] پێش هاتنی ئەم سید عبدالجبارە سەڵباتوو سەیدەکانی پرخدری و زەنگەنەیەکان و شێخانیەکانی لێ نیشتەجێ بووە.[(2)]

جەباریەکان بەشێکی زۆری کوردی کەرکوك پێك دەهێنن، و زۆربەیان لەکەرکوك نیشتەجێن"[(3)] ناوچەی جەباری کە شوێنی هۆزی جەباریە، دەکەوێتە"ناوچەیەکی پان و بەرینی خۆرهەڵاتی شاری کەرکوك خواروی شارۆچکەی چەمچەماڵ"[(4)] سنوری نەخشەی جوگرافی ناوچەکە زۆرتر لە شێوەی مەیلە و لاکێشەدایە و لە "باکوری خۆرهەڵاتەوە شاری کەرکوك، لە باشورەوە ناحیەیی قادرکەرەم، لەباکوری خۆرئاواوە قەزای چەمچەماڵ، لە خۆرهەڵاتەوە ناحیەیی سەنگاو لە باشوری ڕۆژئاواوە ناحیەیی لەیلان"[(5)]،

* سیدعبدالجبار: لەدانیشتوانی شاری (حما)یە لە شام، پاشای عوسمانی ئەو سەردەمە چوارە سەدە لەمەوپێش چەند پارچە زەویەکی دیاری کرلوی لە ناوجەی جەباری پێ ئەبەخشێ بۆ ئەوەی خزمەتی تەکییەی جەباری پێ بکات، ئەویش بەمال و خێزانەوە هاتۆتە ناوچەکە، جێ نشینی (دێ) گوندی تەکییە ی جەباری بووە، خەڵکیش خومەتی بێ ئەندزەی ئەم زاتە ئاینی یەیان کرلووە. لەپاش ماوەیەکی کورت خۆی گەڕلوەتەوە بۆ (حما)، شێخ شرف الدینی کوڕی لە جێ ی خۆی بە جێ هێشت، بڕوانە دیوانی مەلای جەباری.

(١). سەردار جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

(٢). سید محەمەد سید ئەمین سید عەلی جانی، چاوپێکەوتن، کەرکوك بەرواری ٢٠١٢/٤/١.

(٣). زاهیر ڕۆژبەیانی، مێژووی عەشیرەتی جەباری، گۆڤاری هاواری کەرکوك ژ٣٠، هەولێر١٩٩٩/ل٥.

(٤). ئەسعدجەباری، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە(٧)جوزیرانی١٩٩٨.ل٥٨.

(٥). احمد یاسین حمة امین، سردار محمّد عبدالرحمن و عدنان کرکوك، اطلس کرکوك، الطبعة الثانیة،اربیل ٢٠٠٦، ص١٣.



لەسەردەمی حکومەتەکەی مەلیك مەحمودا، لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقی تازە، بۆ ماوەیەك (چەم سورخاو) مەرکەزی ناحیەیی جەباری بووە، بارەگای ناحیە. دوای کوژرانی مدیرناحیەکە لەچەم سورخاوەوە گواستراوەتەوە بۆ قادرکەرەم"[(1)]، لەپێش ئەو ماوەیەدا "سێ بەڕێوەبەری ناحیە گۆڕاوە لەناوچەکە یەکێك لەو بەڕێوەبەرانە (باپیر ئاغا)بووە، ماوەیەکیش لەبەر ناسەقامگیری ناوچەکە لەروی ئەمنیەوە بارەگای ناحیە گواستراوەتەوە بۆ قەرەچێوار"[(2)] ئەوەش ڕونە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا، بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە ڕاستەوخۆ لکێنراوە بە"پارێزگای صلاحەدین ــ قەزای گوزخورماتو، خراوەتەسەر ناحیەیی قادرکەرەم*"[(3)]، لەلایەکی ترەوە سنوری خێڵەکی ئەم ناوچەیە. "لەباکورەوە خاسەی شوان و لە بەشی باشورەوە لەیلانە لە ڕۆژهەڵاتیەوە چەمچەماڵ و لە بەشی ڕۆژئاوای کەرکوکە" [(4)] ئەمەو بە پێ ی فەرمانێك کە تەولیدی پێ دەڵێن نەخشەی ناوچەی جەباری بەم شێوەیە دیاری کراوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە"شەرقی کەرکوك، جادەی کەرکوك چەمچەماڵ، کەل قامیش وەیس، گوندی تاڵەبان، چوار گۆل خوێیەکەی مەملەحە، نهری ڕۆخانە، گوندی تەپە سەوز، وادی لەیلان"[(5)]

(١). د.عەبدوڵلاغفور، سەرچاوەی پێشوو ل٩٥.

(٢). سەید مراد سید ئەمین هەنارەیی، چاوپێکەوتن، کەرکوك ٢٠١٢/٤/١

(٣). فەرید ئەسەسەرد، ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان ١٩١٤بۆ ٢٠٠٥. سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردستان٢٠١٠.ل١١٨، بەنەخشە رونکرلوەتەوە.

*قادرکەرەم: (ناحیەیەکە لە قەزای چەمچەماڵ شارۆچکەی قادرکرم مەرکەزی ئیدارەکەیەتی، لە باکورەوە قرحسن، لەباشورەوە تیلەکۆ لەڕۆژهەڵاتەوە چمچماڵ و سەنگاو، لەڕۆژئاوە نوجول پانتاییەکەی ٧٠٢اکم". هەمان سەرچاوەی ژمارە(٢).

(٤). مێجەر ئی بی سۆن، هۆزەکانی کوردستانی خوارو. وەگێڕانی نەجات عبدوڵلا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٧، ل٦١

(٥). سید محەمەد سید ئەمین سید عەلی جانی، چاوپێکەوتن، کەرکوك، بەرواری٢٠١٢/٤/١






ناوچەی جەباری لە"٣٤ گوند"[١]. یان "٣٢ گوند"[٢] پێکهاتووە.بەڵام د.مارف خەزنەدار پێ ی وایە "ناوچەی جەباری لە(٢٨)گوند پێکهاتووە"[٣].کەچی هەندێکی تر پێیان وایە "ناوچەکە لە(٤٤) گوند پێکهاتووە"[٤].

هەرچی "ڕووبەری گوندەکانی ناوچەی جەباری (٤٧)کم٢ یە"[٥]، خۆئەگەر ئەم ڕووبەرە بەراورد بکەین بە پاریزگای کەرکوك ئەوا لەکۆی ڕووبەری هەموو پاریزگای کەرکوك کەدەکاتە(٢٠١٣)کم٢"[٦] ڕووبەری ناوچەی جەباری دەکاتە(٪١،٢٣) لەکۆی ڕووبەری گشتی پارێزگای کەرکوك"[٧]

هەرچی گوندەکانی ناوچەی جەباریە بریتین لە گوندەکانی"ئالیاوە، تەکییە، گۆلەمەو، بانگۆل، شیخ محەمەدی خوارو، شێخ محەمەدی ژورو، داوڵ، سۆران، گۆران، قۆچەلی، زەوج، تەپەکورە، جانی، زنەخۆر،

---

(١). سمکۆ جەباری، کۆی بەرهەمە چاپکراوەکانی شەهید جەبار جەباری، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٤ل ٢١٠.

(٢). بڕوانە ڕۆژنامەی چەرموو ژمارە (١٢)ی ساڵی دووەمی ٢٠٠٨/٦/١٠چاوپێکەوتن لەگەڵ سەروەك عەشیرەتی جەباری. سیدتاهیرسیدحوسێن.ل٦.

(٣). د.مارف خەزنەدار، (مێژووی ئەدەبی کوردی)، بەرگی سێ یەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٣ ل٣٣٩.

(٤). ئاری یاسین عبدالله، (چەندلایەنێکی مێژوویی و ئەدەبی لەناو عەشیرەتی جەباری، ئەتروحەی بەکالۆریۆس، ٢٠٠٤ بۆ٢٠٠٥ل٧

(٥). بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ناحیەیی تەکییەی جەباری، بەرواری ٢٠١٢/٤/١.

(٦). فاتح عەبدوڵا شوانی، پارێزگای کەرکوك لە ساڵانی ١٩٥٧ ـ ١٩٧٧، چاپخانەی ڕامان/سلێمانی ٢٠٠٥ ل٥٩.

(٧). ئارام ڕەزا عەزەدین و بەهرۆز ساڵح حەسەن، ئەنفالی ناوچەی جەباری، چاپخانەی ئارۆ، چاپی یەکەم ٢٠١١ل١٣.

مۆردانە، جافان، کوڵەبان، حەمەشەریف، هەنارەی محەمەدامین، هەنارەی حەمە سعید، شێردەرە، سەوزکە، هەفتاچەشمە، حسن خانە، چیمەن، تاوێربەرز، پاریاوڵە، علی مستەفا، زەردە، محمود پەریزا، قەڵاوێرز، حەمك، پوزڵ"[١]. جگەلەم گوندانەی ناومان هێنا، لەناوچەکەدا چەند گوندیکی تر هەن لە عەشیرەتەکانی زەنگەنە و شێخان، (باسەرەو ڕۆخانە) لێکیان جیادەکاتەوە، لەنمونەی گوندەکانی"(چنگنی، وەستاخدر، بەکرباجەلان، قایتەوەن)، ... چەند گوندێکی تری وەك"(قەشقە، قەلامیکایل، هەردەکە، چەم سورخاو، وێڵە، ئاخنی گەورە)، کە سەربە عەشیرەتی شێخانن، بەڵام لە سنوری ناوچەی جەباریدان"[٢]

هەرچەندە ناوچەی(جەباری) "لەڕووی ئیداریەوە بەسترابووەوە بە شاری کەرکوك بەڵام دەسەڵاتدارنی ئەو سەردەمە لە کەرکوکیان دابڕی و دانە پاڵ سلێمانی تا دواجار لە ساڵی ١٩٤٤ز جارێکی تر درایەوە پاڵ شاری کەرکوك"[٣]، ئیستاش دیسانەوە دوای چەندین ساڵ بە پیّ ی بەپیّ ی بڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٤، تەکییەی جەباری وەك مەڵبەندی ناحیەی جەباری ڕاگەیەنرا و ناحیەکە لە قادرکەرم جیاکرایەوە و بەسەرجەم بەڕێوبەرایەتیەکانی یەوە هێنرایەوە بۆ سەڵباتوو(تەکییە) یەکەمین شوێنی گەشەکردن و چەقی ناوچەی جەباری.[٤]

---

(١). عبدالجبار محەمەدالجباری، دیوانی مەلای جەباری، چاپی یەکەم/ کەرکوك ١٩٦٨ز.ل٩

(٢). چیمەن تەیب علی، ڕۆڵی هۆزی جەباری لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمودا، گۆڤاری سەنگاو، ژمارە (٩)ی ساڵی دووەمی ٢٠٠٨، ل١٢٠

(٣). سیسیل جۆن ئیدمۆندس، (کورد تورك عەرەب) وەرگێڕانی حامید گەوهەری، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٤ ل٢٨٢.

(٤). بەڕێوەبەرایەتی ناحیەیی تەکییەی جەباری ٢٠١٢/٤/١



پێگەی جوگرافی و شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەکەش دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی( ٢١،٣٥ ــ ٣٦،٣٥)باکوری هێڵی کەمەرەی زەوی و هێڵی درێژی(٤٤،٦٧ ــ ٤٤،٨٨)ی خۆرهەلاتی هێڵی گرنج"[١]

---

(١). سوودم لەم سایتە بینیوە.www. Fallingrain.com

## بەندی دووەم

١. تایبەتمەندیە سروشتیەکانی ناوچەی جەباری

٢. تایبەتمەندیە مرۆیەکانی ناوچەی جەباری.

٣. سنورەکانی خێڵ و کەلتووری ناوچەی جەباری.



### ١. تایبەتمەندیە سروشتیەکانی ناوچەی جەباری

تایبەتمەندیە سروشتیەکانی هەر ناوچەیەك، چەند رەگەزێکی گرنگ دەکرێتەوە کە سروشت زاڵی دەکات بەسەر ناوچەکەدا، دەبێتە رەنگدانەوەی بارودۆخی سروشتی لەو ناوچە، لە جوگرفیاشدا زۆرتر تیشك دەخرێتە سەر دوولایەنی زۆرگرنگ ئەویش لایەنی سروشتی مرۆیە کە هەریەکەیان بابەتێکی سەربەخۆیە وجیێ بایەخی جوگرافی زانە. هەرچی تایبەتمەندی سروشتیشە لەچەند رەگەزێك پێکهاتووە، کەخۆی لە(ئاوو هەوا، جیۆلۆجیا، بەرزونزمی(تۆبۆگرافیا)، خاك و ڕووەکی خۆرسك و سەرچاوەکانی ئاو.هتد) دادەبینێتەوە.

هەرچی ئاوو هەوای کوردستانە "لە دوو هەرێمی سەرەکی ئاوو هەوا پێکهاتووە، هێڵی پانی باکور ئەو دوو هەرێمە لە یەك جیادەکاتەوە، ئەویش هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەراستە لە باکوری بازنەی(٣٥) کە هاوینی گەرم و وشکە و زستانی بە بارانە، لە باشوری بازنەی (٣٥) هەرێمی ئاو هەوای نیمچە ووشك(گەرمەسێر) دەبینرێت"[١].

لەبەرئەوەی "مەڵبەندی ناوچەی جەباری و ناوەندی ناحیەکە لەنێوان هێڵی پانی و درێژی و ٣٥،٣٠٥٨باکور و ٤٤،٤٧٨٠رۆژئاوا"دایە.[٢]

(١). شاکرخصباك، العراق الشمالي، دراسةلنوراحي الطبيعةوالبشرية، مطبعة شفيق، الطبيق الاولي، بغدا، ١٩٧٣ص٤٧.

(٢). کاروپرۆژە خزمەتگوزاریەکانی ئیدارەی گەرمیان، ئامادەکردنی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی ئیدارەی گەرمیان بۆ ٢٠١١. ل٣٠

بەمەش بازنەکانی پانی و درێژی ڕۆڵ دەبینن لە جۆراوجۆری ئاووهەوا و جۆری ڕووەکی سروشتی لەهەرناوچەیەك، ناوچەی جەباریش "دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی(٢١،٣٥_٣٦،٣٥)پلەی باکور. هێڵی درێژی (٤٤،٦٦_٤٤،٨٨) خۆرهەڵاتی هێڵی گرینج"[(١)].

ئەوەی کە دەردەکەوێت ناوچەکە دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاویەوە ئەمە وای کردووە کە لە رووی ئاووهەواوە سەربە هەرێمی ئاوو هەوای گەرمەسێربێت و ئاوو هەواکەی نیمچە ووشك بێت." هەرێمی گەرمەسێر فراوانترین هەرێمی ئاووهەوایە لە لە باشوری کوردستان، تێکڕای پلەکانی گەرما لەوەرزی هاویندا بۆ٣٠پلەی سانتیگراد بەرزدەبێتەوە، تێکڕاییەکە لە زستانیشدا بۆ٥پلەی سانتیگراد لەهەندێك ناوچەشدا بۆژێرسفر نزم دەبێتەوە زۆربەی بارانی سالانەی لەوەرزی زستان دەبارێت، هاوینی ووشکە"[(٢)]

بۆیە دەبینین ئەم ناوچە دەکەوێتە هەرێمی ئاوو هەوای نامسۆگەر وەرزی بارانەکەی کەمە لە(٦٧)ڕۆژتێ نا پەڕێت.ڕێژەی بارانی سالانەی لە(٥٠٠)ملم تێپەڕناکات.[(٣)]

لەڕوی جیلۆجیاوە دەتوانین بڵێین خاکی باشوری کوردستان پێکهاتەی گشت قۆناغە جیۆلۆجیەکانی تێدا هەیە هەندێك لە هەندێکیان،

---

(١). سودم لەم مالپەرە وەرگرتوو.www.fallingrain.com

(٢). د.عبدوڵلا غەفور، جوگرافیای باشوری کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر٢٠١٢ ل٧٩.

(٣). کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، سەنتەری برایەتی ساڵی ١٩٩٩ ل٢٥٣.



چین و شوێن و تەمەن و ئەستوربیەکانیان باشتر لەوی دی لێ ی کۆڵراوەتەوە..لە لێکۆڵینەوەکانیشدا ئەوە بەدەردەکەوێت کە جیۆلۆجیای ناوچەی جەباری نزیکە لە پێکهاتەی بەختیاری ئەمەش لە ئەستانی کەرکوك بە تایبەت قەزای کفری و ناحیەکانی قادرکەرەم و قەرەحەسەن دا بەدەردەکەویت"[(١)]

تۆبۆگرافیای کوردستان لەڕوی بەرزونزمیەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، ئەو ناوچانەی باکور و ڕۆژهەلات بە چیای بەرز داپۆشراون، بەڵام ناوچەکانی باشورو ڕۆژئاوا ناوچەیەکی نزمن و بەزۆری لە دەشتایی پێکهاتوون"[(٢)]

بەگشتی تۆبۆگۆافیای ناوچەی جەباری پێك هاتووە، "لە گرد(بان) و گردۆڵکە و چەم و شیو(دۆڵ)، بە ناوبانگە بە چیای سەڵباتوودەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانیەوە"[(٣)] بەدیوی" کەرکوکیشدا ئاراستەکەی لە باشورەوە بۆ باکور لە ئەنجامی جوڵەی پێچاو پێچی چەماوە دروست بووە بەرزاییەکەی نزیکەی (٥٠٠_١٠٠٠)م، لە ئاستی رووی دەریا.[(٤)] بەمەش ناوچەکە دەکەوێتە "بانی کەرکوکەوە، کەلە باشوری ڕۆژئاواوە لە سنوری عێراق و ئێرانەوە دەستپێدەکات تا وەکو دەشتی

---

(١). د.عبدوڵلا غەفور، جوگرافیایی باشوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠بۆ٣٢.

(٢). عەبدوڵا غفور، جوگرافیای کوردستان ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

(٣). کاروپرۆژە خزمەتگوزاریەکانی ئیدارەی گەرمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٤). هاشم یاسین حمەامین و سردار محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٩

هـەولێر"[1]. لـەرووی تۆبۆگرافیـەوە بەگشتی بـەرزایی بانـەکانی ناوچـەی جەباری بەم شێوەیە خۆی پیشان دەدات "لەو پـەڕی بـاکوری خۆرهـەڵات (٧٠٠بـۆ١٠٠٠)م، لــە ئاســتی ڕووی دەریــاوە بــەرزە، بانــەکانی بەشــی ناوەراسـتی نزیکـەی (٦٠٠)م. بـەرزە لـە ئاسـتی ڕووی دەریـا، بەشـەکانی باشـوری ڕۆژئـاوای نـزمترە و بەرزاییەکـەیان نزیکـەی(٤٠٠)م، دەبێـت لـە ئاستی ڕووی دەریا، بەڵام ناوچە دەشتاییەکەی لە گرد و گردۆڵکەی بچوك بچوك و چەم و جۆگەلە و چەند ڕوبەرێکی بچوك لە دەشتایی پێکدێت. کە بەرزییان (٣٠٠_٤٠٠)م، دەبێت لە ئاستی ڕووی دەریـاوە، تـا لەبەشـەکانی خۆرهەڵاتــەوە بــەرەو خۆرئــاوا بــڕۆین بــەرزایی ئــەم ناوچــەیە بــەرەو کەمبوونەوە دەچێت بەشێوەیەکی پلەپلەیی".[2]

سەبارەت بە خاکی ناوچەی جەباری وەك یەکێك لە تایبەتمەندیـە سروشـتیەکانی ناوچـەکە دەبیـنـین "خـاك(گـڵ)، لـە هەرناوچـەیەکی سـەر ڕووی زەوییــدابێت، خەســڵەتی تایبــەتی خــۆی هەیــە پەیوەندیــەکی ڕاسـتەوخۆی بـە و فاکتەرانـەوە هەیـە کـە بونەتـە هـۆی دروسـتبوونی، بەتایبەت ئاووهەوا و جۆری بەردەکان"(٢). ئەگەر سەیری خاکی ناوچـەی جەباری بکەین، دەبنین لەو جۆرە خاکە دەچێت کە پێ ی دەڵێن خـاکی قـاوەیی سـۆرك(reddish brown soil) "دەکەوێتـە ناوچـەکانی باشوری ناوچەی نیمچە شاخاوی، بەتایبەت لە خواروی کەرکوك.

(١). خەبات عەبدوڵلا، بنـەما تیۆرییـەکانی جوگرافیـای عەسکەری کوردسـتانی باشور، چـاپخانەی ڕوون چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٥، ل١٥٤.

(٢). ئارام ڕەزا عەزەدین و بەهرۆز ساڵح حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.



لەژێر ڕووەکەیدا کلس و گەچ بە پتەو یان بەشێوەی فشەڵ هەنە ڕێژەی مادەی عەزوی تێدا لە(٠,٥٪) زیتری تێدانی یە".[1]

هەرچی ڕووەکی سروشتی یە بریتی یە لەو ڕووەکانەی کە خۆرسکن و لە خۆیانەوە دەڕوێن و بێ ئەوەی مرۆڤ دەستی لە ڕواندنیان هەبێت، پشت بە کەش و هـەوای سروشـت دەبەسـتن. بـەو پـێ یـەیی ناوچـەی جـەباری دەکەوێتە هەرێمی ئاوو هەوای گەرمەسێر، دەبینین "ڕووەکەکانی زۆرتر لـە شێوەی ڕووەکی (ستێپس) کژوگیای کورتە بۆ ئاژەڵ بـەخێوکردن سـودی لێ وەردەگیرێت، ئـەم ناوچـەیە لـە ناوەراسـتی پـایزەوە تـاوەکو کۆتـایی بەهار دەوڵەمەندە بە ڕووەکی سروشتی، بەڵام لە هاوینـدا هـەژارە لـە ڕووی ڕووەکی سروشتیەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕووەکەکانی وەرزین".[2] جگەلە کورتە گیا چەندین ڕووەکی تر هەیە لـە ناوچـەکە وەك "داری بـی و چـنار و گوێـژ و ڕووەکـی وەکـو گسك و زەل وتـووڕك و قـامیش و تـەرو و گوزەڵە و ڕەیحانە(پوینگە) ...هتد هەیە لە نزیك چەمەکان.[3]

هەرچی سەرچاوەکانی ئاوە یەکێکی ترە لە بابەتە تەواوکاریەکانی ئادگارە سروشتیەکانی ناوچەی جەباری هەروەك لـە هـەرێمی کوردسـتاندا زۆرتر دەرامەتی ئاو بە سێ شـێوە هەیـە "کـە بـریتین لـە بـەفر و بـاران و ئاوی ژێرزەوی و سەرزەوی، بڕی باران و بەفری تواوە کارلە سروشتی

(١). د.عبدوڵلا غەفور، جوگرافیای باشوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

(٢). کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥

(٣). جـەزا تۆفیـق تالیـب، ڕووەکـی خۆڕسـك، جوگرافیـای هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر١٩٩٩، ل١١٦ بۆ ١١٧.

(٤). مەنیجە محەمەدعارف، چاوپێکەوتن، چەمچەماڵ، بەرواری ١٧/٤/٢٠١٢.

ئاوەڕۆی سەرزەوی و ژێرزەوی ئاو دەکات، کەپشتی بەستووە بە جیاوازی کات و شوێنی کەژی و ساڵانەیان .. هەرێمی کوردستان لە زستاندا پشت بە ئاوی باران دەبەستێت هەروەها لە هاویندا پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەستێت". [1]

لەدوای پرۆسەی ئازادی(٩/٤/٢٠٠٣)کاتێك ناوچەکە ئاوەدان دەبێتەوە، خەڵکی بەشێك لەگوندەکان، زێدی خۆیان ئاوەدان دەکەنەوە تاماوەیەك بەتەنکەر شارەوانی تەکییەی جەباری ئاوی بەسەر گوندەکانی ئەو ناوچانەدا دابەشکردوە، بەڵام دوابەدوای چەند پرۆژەیەکی وەك هەڵکەندنی بیری ئیتیوازی چ لەلایەن شاروانی تەکییەی جەباری یان خەڵکی گوندەکان خۆیان کێشەی کەم ئاوی تاڕادەیەك لە ناوچەکە چارەسەرکراوە، ئەمەجگەلەوەی"زۆربەی سەرچاوەکانی ئاوی ناوچەی جەباری بریتین لە ئاوی سەرزەوی ، چەم وچۆگە ئەمانەش بە شێکیان وەرزین واتا کاتین بەتایبەت لە وەرزی هاوین و پاییزدا وشك دەکەن، تەنها لەوەرزی زستان و سەرەتاکانی وەرزی بەهار بەرگەی وشك بوون دەگرن.دیارترین ئەو چەمانەش کە ئاویان بەردەوامە. وەکو چەمی کونجیلی لە هەنارە و چەمی گویژ لە کوڵەبان و چەمی دوخران و چەمی دارخورما لە ناوەندی ناوچەی جەباری و...هتد، ئەوەی کەدەمێنێتەوە ئاوی ژێرزەویە ئەوانیش لە شێوەی کانی و کارێز و بیر و بیری ئیتیوازی و بیری سوری...هتد. کە خەڵکی ناوچەکە بەکاری دەهێنن بۆ ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری "[2].

(١). ئازاد جەلال شەریف، سەرچاوە و دەرامەتی ئاو، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر١٩٩٩، ل١٢٢.

(٢). ئەم زانیاریانەم لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ناحیەی تەکییەی جەباری وەرگرت لە بەرواری١٨/٤/٢٠١٢.



بڕوانە لیستی زانیاریەکانی بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی ناحیەی تەکییەی جەباری سەبارەت بە تایبەتمەندیە سروشتی و مرۆیەکانی ناوچەکە.

لیستی زانیاری ناحیەی تەکیەی جەباری وگوندەکانی

| ژ | ناوی گوند | سەرچاوەی ئاو | ژمارەی خێزان | پێکهاتەی دانیشتوان | ڕێگاوبان | گواستنەوە | دام ودەزگا | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەرکەزی ناحیە | بیری ئیرتوازی و کانی | ٧٥ | کورد | ڕێگای سەرەکی قیرتاوە | ئوتومبیل | (ناحیەی تەکیەوشارەوانی وئاو و پولیس وکشتوکاڵ وکارەبا وبنکەی تەندروستی -خوێندنگا) تەکیەی جەباری | |
| ٢ | تاوێر بەرز | بیری ئیرتوازی | ٥ | کورد | لەسەر ڕێگای کرکوك قیرکراو | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ٣ | چیمەن | بیری ئیرتوازی | ٤ | کورد | نزیکەی لەڕێگای کرکوك قیرکراو | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ٤ | زەردە | بیری سوری | ٣ | کورد | لەڕێگای کرکوك قیرکراو | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ٥ | سۆران | بیری ئیرتوازی | ٢ | کورد | خولە دوورە لە ڕێگای سەرەکیەوە | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ٦ | محمود پەریزە | بیری سوری | ٩ | کورد | لەڕێگای چەمچەماڵ قیرکراو | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ٧ | بان گوڵ | کاریزوبیرکانی | ٥ | کورد | خولە دوورە لە ڕێگای سەرەکی | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ٨ | بوزڵ | بیری ئیرتوازی | ٧ | کورد | خولە دوورە لە ڕێگای سەرەکی | ئوتومبیل | قوتابخانە | |
| ٩ | کانی بایز | بیری ئیرتوازی | ٢ | کورد | خولە دوورە لە ڕێگای سەرەکی | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ١٠ | شیخ محمد | کانی | ٤ | کورد | ڕێگای خولە | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ١١ | قوچەلی | بیری سوری | ٥ | کورد | نزیکە لەڕێگای چەمچەماڵ قیرکراو | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ١٢ | جانی | بیری ئیرتوازی | ٦ | کورد | نزیکە لەڕێگای چەمچەماڵ قیرکراو | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ١٣ | مزدانە | بیری ئیرتوازی | ٦ | کورد | ڕێگای خولە | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ١٤ | زلە خوێ | کاریز | چوڵە | کورد | ڕێگای خولە | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ١٥ | هناری حمە امین | بیر | ١ | کورد | ڕێگای خولە | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ١٦ | هناری حمە سعید | کانی وچەم | ١ | کورد | ڕێگای خولە | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ١٧ | هناری حمە شریف | | چوڵە | کورد | ڕێگای نیتە نیە | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ١٨ | کولە بان | بیری ئیرتوازی | ٩ | کورد | نزیکە لە ڕێگای چەمچەماڵ تەکیەی جەباری | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ١٩ | گوران | کاریز | ٣ | کورد | خولە دورە لە ڕێگای سەرەکی | ئوتومبیل | قوتابخانە | |
| ٢٠ | زەوج | بیری ئیرتوازی | ٦ | کورد | نزیکە لەڕێگای تەکیەی جەباری قیرکراو | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ٢١ | قەلاویز | | چوڵە | کورد | خولە دورە لە ڕێگای سەرەکی | ئوتومبیل | هیچ جوری دام ودەزگای نیە | |
| ٢٢ | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | |

## ٢. تایبەتمەندیە مرۆییەکانی ناوچەی جەباری.

لەم لێتوێژینەوەدا، هەوڵدەدەین لە چەند لایەنێکی گرنگی تایبەتمەندیە مرۆیەکانی ناوچەکە بدوێین کە جێکەوتی هەیە بەسەر ناوچەکەوە. لە ڕوی ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەکەیی و ئاینزا و ڕێگاوبان(ڕێگاکانی گواستنەوە) و یەکەئیداریەکان و ئەو دام و دەزگایانەی کەلە ناوچەکەدا بونیان هەیە.

هەرچی "لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی دانیشتوانە، گرنگیەکی گەورەی هەیە لە لێکۆڵینەوەدانیشتوانیەکاندا، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم لێکۆڵینەوانە، جیاوازیە جۆریەکان، ڕون دەکاتەوە بۆ زانیاریە چەندایەتیەکان، کە ئاماری دانیشتوان دابینی کردووە، بۆ ئەوەی سود لەم بارە ببینرێت بۆ پلاندانان، لە بوارە جیاوازەکانی لایەنی ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کە گرنگە بۆ ژیانی دانیشتوان، بۆیە دەتوانین بڵێین پێکهاتەی دانیشتوان پێناسە دەکرێت بەوەی، لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندیەتی کۆمەڵە دانیشتوانێکانە، کە دانیشتوانی کۆمەڵگە پێکیان هێناوە."[١].

ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی جەباری، "بە پێ ی ئەو لێکۆڵینەوە مەیدانیانەی کەلەسەر ئەم ناوچانە کراوە (٢٤٨١)کەس بووە، لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩٨٨). ئەم ژمارەش بەسەر گوندەکانی ناوچەی جەباریدا دابەشبووە.

(١). عبد علي حسن الخفاف، عبد منحور الريحاني، جغرافية السكان، مطبعةجامعةالبصرة، ١٩٨٦، ل٣٢١.



هەندێك گوند ژمارەیان زۆرترە لە گوندەکانی تر"[١]. کەم و زۆری دانیشتوانی گوندەکان و جیاوازی لە نیوان ژمارەکانیان پەیوەندی بە تایبەتمەندیە سروشتی و مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی ناوچەکەوە هەبووە، هەرچەندە ئەم ژمارەیەش کەوەرگیراوە ورد و دەقیق نی یە زۆرتر خەملێنراوە. لەبەر ئەوەی "لەلایەك بە هۆی هەڵهاتنی لاوانی کورد و بەشێکی کەم لە نەتەوەکانی تر لە شارەکانی کەرکوك و چەمچەماڵ لەترسی نەبونیان بە سەرباز ڕویان کردۆتە گوندەکان ئەمەش بوەتە هۆی زیاد بوونی دانیشتوان، لەلایەکی تر بە هۆی بەردەوامی تۆپباران و نەبوونی ئاسایش و ئارامی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە ڕوویان لەو شوێنانە کردووە کە تۆبۆگرافیاکەی سەختترە، بە شێکی کەمیشیان ڕویان لە شارەکان کردووە کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدابووە، "[٢]. دوابەدوای ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە "لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی (٢٠٠٣)وە تائێستا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە خۆی دەدات لە(٧٢٥) کەس لە لەکۆی (١٥٤) خێزان.ئەمەش بەو پێ یەیی گوندەکانی ناوچەکە بە (٢٢)گوند دانراوە و لەم ژمارەیەش (١٧) گوندیان ئاوەدانە و (٥) گوندیان چۆڵە و سیمای ئاوەدانی پێوەدیار نی یە"[٣].

پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچەی جەباری بە تێکڕا کوردن و لە ڕووی ئاینزاوە موسڵمانی سونی مەزهەبن و خۆیان بەسەید دەزانن و بە کوردی قسەدەکەن بەو شێوەزارەی کە پێ ی دەڵێن"زاراوەی کرمانجی باشور،

(١). ئارام رەزا و بەهرۆز سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

(٢). هەمان سەرچاوی پێشوو، ل٢٩.

(٣). کاروپرۆژە خزمەتگوزاریەکانی ئیدارەی گەرمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

ئەم مەڵبەندانە دەیانگرێتەوە، (سنە، مەیوان، جوانرۆ، سەقز، سابلاخ، بانە، سەردەشت، بۆکان، میاندواو، شنۆ، سین قەلا، هاوشار لە ئێران، ڕەواندوز، حەریر، هەولێر، پشدەر، کەرکوك، سلێمانی، پێنجوێن، لە عێراق. ئەم زاراوانەش بریتیە لە شێوەکانی سۆرانی، بابانی، موکریانی، ئەردەلانی"(١).

سەبارەت بەرێگاوبانی ناوچەکە وەك بەشێك لە لایەنە مرۆیەکانی ناوچەی جەباری، "ناوچەکە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی کەرکوك سلێمانی کە چەند کیلۆمەترێك بەلای ڕۆژهەلاتدا، لەپشت بەرزاییەکانی بانی مەقانەوە درێژدەبێتەوە بە جادەی کەرکوك قادرکەرەم ناسراوە ئەم جادەیە بە ناو ناوچەی جەباریدا دەکشێت بۆ قادرکەرەم، بەناو چەند گوندێکدا تێ پەڕدەبێت لە گوندی کوڵەبانەوە دەست پێدەکات لە گوندی ئالیاوە سنوری جەباری کۆتایی پێ دێت. بەرەو قادرکەرەم درێژ دەبێتەوە. ئەم ڕێگایە ڕێگای سەرەکی ناوچەکەیە و قیرتاوە"(٢)، ئەوەش زانراوە"هاتووچۆ لە ناوچەی جەباری بە ئاژەڵ بووە تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کە ئۆتۆمبێل هاتۆتە ناوچەکە ، جادەی قیر نەبوو تا ساڵی (١٩٧٧)ز جادەی مەقان بە زەردە و قادرکەرەم دروستکراوە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە"(٣)


---

(١). سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، بلاوکراوەی ئاراس، چاپی دووەم هەولێر٢٠٠٨، ل٢٦.

(٢). چاوپێکەوتن لەگەڵ ستار شەمسەدین ئەنجومەنی گوندی کوڵەبان. بەرواری ١٨/٤/٢٠١٢.

(٣). چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ڕحمان عومەر، تەکیەی جەباری ٢٤/٤/٢٠١٢.





هەروەك لەو خشتەیەشدا دەردەكەوێت كەلەلایەن شارەوانی تەكییەیی جەبارییەوە بەردەستمان كەتووە "جگەلە ڕێگای سەرەكی كەقیرتاو كراوە، تائێستاش بەشێك لە گوندەكان بەتایبەت ئەو گوندانەی كەلە ڕێگای سەرەكییەوە دورە، هێشتا هەرخۆڵە و هاتوچۆتیدا قورسە".[(١)]

گواستنەوە لە كۆندا زۆرتر بە گوێدرێژ و ئەسپ بووە، "سەرچاوە مێژووییەكانیش بۆمان ڕوون دەكەنەوە كە لە سەردەمە كۆنەكاندا هۆیەكانی گواستەنەوە سادە و ساكاربوون، بەتایبەتی ئاژەڵ بەكارهێنراوە بۆ گواستنەوەو شتومەك و كاڵای بازرگانی. بەگوێرەی زانیارییەكانی ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی ساڵی (١٨٩٢ز) هۆیەكانی گواستنەوە لە سەنجەقی كەركوك هێستر و بارگیر و گوێدرێژ(كەر) بوون. لەگەڵووشتر، گوێدرێ یەكێك بووە لەو جۆرە ئاژەڵانەی لەلایەن خەڵكی ناوچەكانەوە بەكارهێنراوە بۆ گواستنەوەی شتومەك و كەل و پەلەكان"[(٢)]. گواستنەوە لە ناوچەی جەباریش "بەزۆری بریتی بووە لە گواستنەوەی دانەوێڵە و میوە بۆ كەركوك و چەمچەماڵ بە كەر و بار، ساغ كردنەوەی بەربومەكان، لە بازەڕەكانی ئەو شوێنانە و دواتر لەوێوە هەرچیان پێویست بێت لە شەكر و چایی و ڕۆن و..هتد، لەوێ بە پارەی شتومەكە فرۆشراوەكانیان كڕیویانە و هەربەهەمان ڕێگە بەرەو ناوچەكانیان گەڕاونەتەوە."[(٣)] بەڵام گواستنەوە لە ئێستادا زیاتر

---

(١). ئەم زانیاریانەم لە شارەوانی تەكییەی جەباری وەرگرتووە، بەرواری ٢٠١٢/٤/١٨.

(٢). پ.ی.د.سەعدی عوسمان هەروتی ، م.ی. بەختیارشوانی، گۆڤاری ئەكادیمی، چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر ٢٠٠٩، ل٢٠.

(٣). مەنیجە محەمەدعارف، چاوپێكەوتن، چەمچەماڵ، بەرواری ٢٠١٢/٤/١٧.



"بە ئۆتۆمۆبێل گواستنەوە و هاتوچۆ ئەنجام دەدرێت، بەهۆی بوونی كۆمپانیای داناغاز لە ناوچەكانی قادركەرەم، ناوچەكە بەناوچەیەكی گرنگی گواستنەوەی نەوت و موشتەقاتەكانی دادەنرێت، لە ڕێگەی گواستنەوە بەتەنكەر".[(١)]

ئەمەوناوچەی جەباری لەمێژووی خۆیدا "دووجاركراوە بەناحیە، لەپێش ساڵەكانی(١٩٣٠)ز ناحیە بووە. دیارترین مدیرناحیەكانی ئەوكاتە (یونس ئەفەندی و سیدمحەمەدی جەباری)بووە، لەدوای ساڵی(١٩٣٢)ز ئینگلیزەكان ئەوناحیەیەی هەڵوەشاندەوە، ڕاستەوخۆبەستیەوە بەناحیەیی قادركەرەم. بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی (٢٠٠٣)ز جارێكی ترحكومەتی هەرێم تەكییەی جەباری كرد بەناحیە لە ساڵی (٢٠٠٤)ز "[(٢)].


ئێستاش لەڕوی ئیدارییەوە ناحیەكە لە چەند دام و دەزگایەك پێكهاتووە كە سەرجەمیان دەكەونە یەكەی ئیداری ناوچەكەوە كە تەكییەی جەباریە و بە مەڵبەندی ناحیەكە دێتە ئەژمار، كە ئەم دام و دەزگایانەی تێدایە "هەریەك لە شارەوەانی تەكییەیی جەباری و بەڕێوبەرایەتی كشتوكاڵ، ئاودێری، كارەبا، نەخۆشخانە، بەرگری شارستانی، پۆلیس، ئاسایش،..هتد. كۆمیتەیەكی حزبی (ی، ن، ك). تێدایە بەناوی كۆمیتەی تەكییەی جەباری (ی.ن.ك)، ناحیەكە ٢ مزگەوت و خوێندنگایەكی بنەڕەتی تێدا یە، هولێكی بۆنەكانیشی بۆكراوە. سەرجەمی ئەم دام و دەزگایانەش لەناو تەكییەیی جەباریدان. كە مەڵبەندی ناحیەكەیە".[(٣)]

---

(١). ستار خەلیفە شەمسەدین ئەنجومەنی گوندی كوڵەبان.چاوپێكەوتن، چەمچەماڵ بەرواری ٢٠١٢/٤/١٨.

(٢). چاوپێكەوتن لەگەڵ محەمەد ڕەحمان عومەر بەرواری ٢٠١٢/٤/٢٤.

(٣). چاوپێكەوتن لەگەڵ وریا حوسێن، بەڕێوەبەری ناحیەیی تەكییەی جەباری، بەرواری ٢٠١٢/٤/١٨.



سەرچاوە / ئەتلەسی سیاسی هەرێمی کوردستان، فەریدون بەرزنجی، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی کوردستان ٢٠١٠ ل ١٣٥   ٦٨







**وێنەی قوتابخانەی تەکییەی جەباری بنەڕەتی**
**لە مەڵبەندی ناحییەی جەباری**

## ٣. سنورەکانی خێڵ و کەلتووری ناوچەی جەباری

"ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لە خانوویەرە و شار و ناوماڵ و جلوبەرگ و ئاهەنگی ژن هێنان و خەتەنەسورانە و پرسە و شتی تر، کۆمەڵە داب و نەریت و خورەوشتێکە بەدرێژایی ڕۆژگار لەسەردەمە هەرە کۆنەکانی مێژووەوە تا ئێستا دروست بووە، ئەمە جەوهەری بنەماڵە و عەشیرەت و هۆز و تیرە و نەتەوە و ئایینی تێدایە".[1]. بۆیە باسکردنی کەلتوور وەك کۆکراوەیەك بۆ ئەو چەمکە جۆراو جۆرانەی کە پەیوەندە بە نەریت(فەرهەنگ) و ئاین و مێژوو و ئەدەب و جۆری ژیان، لە چوارچێوەی چەمکێکی گشگیری وەك کەلتوور، کاڵایەکە بۆ باڵایەك، بەمەش دەتوانین ڕوی مەبەست جوانتر ووێنابکەین بەوەی"مێژوو و داب و نەریت و شێوەی ژیان و بیروباوەڕی(ئێل، هۆز، تیرە، خێڵ)ە کوردەکان بە(نیشتەجێبون و کۆچەر)یانەوە، وێناکردنێکی ئەتنۆگرافییانەی کۆمەڵی کوردەوارییە. بۆیە پێویستە لە گەڕان و ئەوداڵبوون بەدوای کۆکردنەوەی کەلەپوری نەتەوایەتیمان بایەخی خۆیان بدرێتێ"[2].

خێڵ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەمانە و خۆهێشتنەوە بەوەی"خێڵ کاریگەری هەیە لە ژیانی سیستەمی خێڵەکیدا، خێڵەکان بۆ ئەوەی لەناو نەجن و مانەوەی خۆیان بپارێزن هەستاون بە دروستکردنی سیستەمێکی

---

(١). د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس چاپی دووەم ٢٠١٠، ل٧٢.

(٢). ئەیوب ڕۆستەم، هۆزی وەلَیّ لە ڕابردوو لە ئێستادا، چاپخانەی بابان، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، ل٦.



داخراوی تۆکمە بۆ ناوکەکانی خێڵ و پاراستنی ناوخۆیی کۆمەڵ لە هەڕەشەی دەرەوە ئەویش بەهۆی پاراستنی داب و نەریت و کەلتوور"[1] بەمەش "لە ژیانی ڕۆژانەی خێڵدا، عورف و ترادسیۆن، و دابونەریتەکان جێی یاسا و سیستەمە نوێ یەکان دەگرنەوە. پەیوەندی خزمایەتی و خوێن حێی پەیوەندییە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکان دەگرنەوە"[2]

بەو پێ یەیی لە ڕوی سۆسیۆلۆژیەوە کۆمەڵگەبریتی یە لە (پرنسیپی گردبونەوە)، خێڵیش"لە کۆندا یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی بووە، هەستی بەجۆشی دەمارگیری (تعصب) بۆ خێڵ تاکەکانی خێڵ پێکەوە گرێ داوە...خێڵ لە کۆمەڵە خەڵکانێك پێك دێت کە پەیوەندی خوێن، واتە خزمایەتی لەگەڵ یەك کۆی کردونەتەوە، بەردەوام بەهۆی هاوسەرگیری لە نێوان خۆیاندا ئەم خزمایەتیە نوێ پتەوتر دەبێت، ئەمانە لە بنچەدا باپیرە گەورەیان هەبووە و هەموو لەوە کەوتونەتەوە پاشان لقیان لێ جودا بووەتەوە"[3] کەواتا کورد وەك نەتەوەیەك بەرهەمی کۆکراوەی ئەو خێڵانەیە کە پێکی هێناون وەك ئەوەی "گەلی کورد پێکهاتووە لەچەند خێڵ، هۆز، بنەماڵە و چین وتوێژی جۆراوجۆر محەمەد مەردۆخی کوردستانی پێ ی وایە گەلی کورد نزیکەی (٥٠٠) هۆز و تیرە و بەشە بە کوردستان و دەوروبەریدا بلاوبۆتەوە"[4]

---

(١). ڕەحیم سابیر، کۆردۆلۆژی، چاپەمەنی ڕەنج، چاپی دووەم، سلێمانی٢٠٠٥، ل١٤٣.

(٢). محەمەد فەریق حەسەن، مێنتەڵێتی خێڵ، بلاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل٢٨.

(٣). محەمەد فەریق حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢ بۆ ١٣.

(٤). ئیبراهیم میکە عەلی، کۆمەڵگەی کوردەواری، چاپەمەنی پەیڤ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، ل٩.

ناوچەی جەباری بەوشوێنەجوگرافیە دەوترێت، کەوشەنی* نیشتەجێ بوونی عەشیرەتێکە بەناوی جەباری بەمەش جەباری وەك یەکێك لە هۆز(خێڵ)ە کوردیەکان، "دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری کەرکوکەوە پێکهاتووە لە(٢٤) گوند, یان (٢٢)گوند،جەباری لەپێشساڵانی١٧٠٠ ز، ناسرابوو بەناوچەی سەڵباتوو بەڵام لە دەوروبەری ساڵی١٧٠٠ ز، باپیرە گەورەی جەباریەکان کە ناوی (شێخ شرافالدین)ە، هاتووەتە تەکییەی جەباری و نیشتەجێبووە، باوکی شێخ شرافالدین ناوی (شێخ عبدالجبار ) بووە، بۆیە ناوی لێنراوە ناوچەی جەباری ".[1] کەواتا "ئەم عەشیرەتە وەك عەشیرەتەکانی تری کوردستان خاوەن تایبەتمەندی کەلتووری و داب و نەریت و شێوازەکانی ژیانی خۆیان بووە و تایبەتمەندی خۆیان پاراستووە".[2]

---

*کەوشەن: ووشەیەکی کوردیەواتای (سنور، جدود، سەرحەد، مەرز)دەگەیەنێت، بڕوانە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە) لە نوسینی م.هەژاری موکریانی.

(١). چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ڕحمان عومەر، تەکییەی جەباری ٢٠١٢/٤/٢٤.

(٢). چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ سەردار شێخ تایر، سلێمانی بەرواری ٢٠١٢/٤/١٩.



# بەندی سێ یەم

## تایبە تمەندی ( توخمە ) کەلتووریەکانی ناوچەی جەباری.

١. ئایین.

٢. زمان.

٣. داب و نەریت (کەلەپور).

. ئەدەب و هونەر.

## تایبەتمەندی (توخمە) کەلتووریەکانی ناوچەی جەباری

### ١. ئایین:

زۆربەی کورد موسلمانن لەسەر مەزهەبی سونین و پەیڕەوی لە ئیمامی شافیعی دەکەن بەشەکەی تری کوردی موسلمان پەیڕەوی لە سەر مەزهەبی شیعەی دوازدو ئیمامی دەکەن... هەرچی خەڵکە ساکارە نەخوێندەوارەکەی تریشە بە تایبەتی دەشتەکی و دێهاتی، ئەمان بە بیروباوەڕێکی خاوێن و دوور لە ڕەچاوکردنی هیچ چاکەیەکی کەسی تایبەتی پەیڕەوی دەستورەکانی ئاینی موسلمانیان دەکرد لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیان و خەبات لە پێناوژیانیاندا گونجاندویانە"[1]

هەرچی دەربارەی ئاینە لە ناوچەی جەباری ئەوە زانراوە کە دروست بوونی ناوچەکە بۆخۆی بوعدێکی دینی هەبووە، کاتێك بناغەدانەرەکەی "سیدعبدوالجبار باپیرە گەورەی جەباریەکان خۆی پیاوێکی ئاین و خانەدان و خاوەن تەکییە بووە"[2]. وەك لەسەرچاوەکاندا هاتوە و مێژوو وامان بۆ دەگێڕێتەوە کە"چواردەسەدە پێش ئیستا لە شاری حەمما لەووڵاتی شام (سید عبدالجبار) هاتووە بۆ کوردستان،

(١). د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣ بۆ ٦٤.

(٢). سەید مراد سید ئەمین هەنارەیی، چاوپێکەوتن، کەرکوك ٢٠١٢/٤/١



لەگوندی (تەکییەی) ی جەباری لەڕۆژهەڵاتی کەرکوك و لە نێوان چەمچەماڵ و قادرکەرەم نیشتەجێ بووە، پاشای عوسمانی ئەو سەردەمە چەند پارچە زەویەکی پێ دەبەخشێت تالەنزیکەوە بتوانێ خزمەتی (ئاینی پیرۆزی ئیسلامی پێ بکات)، خەڵکی ناوچەکەش خزمەتێکی زۆری ئەم پیاوەئاینیەیان کردووە"[1]. جەباریەکان کە خۆیان بەسەید دەزانن سەرباری ئەوەی کە"سونی مەزهەبن، پەیڕەوی لە ڕێچکەکەی ئیمامی شافیعی دەکەن(شافیعی مەزهەب)ن، لەناوچەکەدا بارەگای سەرەکیان تەکییەیی جەباری بووە، تەکییەش وەکو مەقامی ڕابەری ئاینی هەژمارکراوە، لە شێوەی مەدرەسەیەك بۆ پێگەیاندن و تێگەیاندنی خەڵك"[2].

بەو پێ یەیی تەکییەش شوینی خواپەرستی زیکر و تەکبیر بووە هەندێك جار لە ڕوی وەزیفەوە تەکییە بەواتایەکی نزیك لە حوجرە هاتووە، چوون"ژووری مەلای مزگەوت کە حوجرەیان پێ دەووت بوویە پۆلی وانەووتنەوە، حوجرەش(تەکییە) وەکو زاراوەیەك بەرامبەر بە قوتابخانەی میری ئیستا بەکاردەهێنرا"[3] یەکەم کەسێکیش کە "تەکییەیی داهێناشێخ عەبدولقادری گەیلانی بوو"[4].

(١). ئەسعەد جەباری، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

(٢). شێخ سەردار شێخ تایر، چاوپێکەوتن، سلێمانی بەرواری ٢٠١٢/٤/١٩.

(١). د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

(٢). جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەشی دووەم، چاپخانەی دارالحریە، ١٩٩٨، ل٢٠٠.

بەشێوەیەکی گشتی تەکیە لە ڕێبازی تەریقەتی قادریدا، "شوێنی حەلەقاتی زیکرکردنی دەروێش و شێخەکانە لە ڕێبازی قادریدا، بەراورد بە خانەقا، کەشوێنی کۆبونەوە و حەلەقاتی زیکری نهێنیە لە ڕێبازی نەقشبەندیدا"[(١)] لە کوردستانی باشور "بە موریدی تەریقەتی قادری دەڵێن دەروێش و موریدی تەریقەتی نەقشبەندی بە سۆفی دەناسرێن"[(٢)] بەڵام بەپێ ی تێپەڕ بوونی زەمەن ئەم جیاکاریانە نەما ئەم تێکەڵکاری و ئاوێتە بوونەش لەکاتێکدا هاتەکایەوە، بەتایبەت لەدوای ئەوەی لەو دووسەدەیەی ڕابردوودا لەکوردستان "سۆفیزمی تێوری نەما بووبە دەروێشیزمی پراکتیکی (تەریقەت)، ئیتر شەریعەت و تەریقەت، مەلا، مزگەوت، تەکیە، خانەقا، قوتابی ئاین، دەروێش، سۆفی چوونەناویەکەوە لەڕووی پراکتیکیەوەئامانجیان هەریەك بووە لەبەرئەوەدەبینین زۆربەی هەرەزۆری پیاوی ئاینی موسلمان لەکوردستاندا هەم شێخ بووە، هەم مەلا"[(٣)] جەباریەکانیش زۆرتر پەیڕەوی (ڕێبازی قادری)ان کردووە*

---

(١). صلاح عیسا، چەمچەماڵ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆژی. بەحسی بەکالۆریۆس، زانکۆی صلاحەدین، ٢٠٠٤ بۆ٢٠٠٥، ل١٣٤_١٣٦

(٢). سیسل جۆن ئیدمۆندس، کورد، تورك، عەرەب، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٤.ل ٩٦.

(٣). هەمان سەرچاوەی ژمارە(١). ل٧٨

*. ڕێبازی قادری: دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە دەگەڕێتەوە بۆ شێخ عەبدول قادری گەیلانی، کە لەشاری گەیلان لە ساڵی١٠٧٧ لەدایك بووە، لە تەمەنی لاوێتیدا هاتۆتە شاری بەغداد لە وێدا وانەکانی فیقهی ئیسلامی خوێندووە، ئامۆژگاری و ئیرشادی خەڵکی کردووە، بە پیاوێکی زاناو خواناس ناوبانگی دەرکردووە، تەسەوف بە قورئان و سونەتەوە گرێداوە، (٤٠) ساڵ وانەی وتۆتەوە. کۆمەڵێك قوتابی پێگەیاندووە.



"دیارترین تەکیەشیان، جگەلە تەکیەیی جەباری تەکیەی سەید نەجیبە* لە سەرقەڵای کەرکوك کەتائیستاش شوێنەوارەکەی هەرماوە"[(١)] ئەم تەکیەیەش "لە سەرەتاکانی (١٨٠٠)ز، بەشێك لە بنەماڵەی جەباریەکان، بەشێك (لق)ێك لەو تەکیەیەیی کە لە ناوچەکەیان هەبوو دەیبەن بۆ کەرکوك لەسەر قەڵای کەرکوك، بەناوی تەکیەیی سەیدنەجیب ٢٥٠ بۆ ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستا ئەم تەکێیە دادەمەزرێنن"[(٢)].

---

ئەمانیش هەڵساون بەبڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەی بەناوی ڕێبازی قادری، لە جیهانی ئیسلامیدا، سەرباری ئەوەی کە وڵاتی عێراق مەڵبەندی گەشەسەندنی ڕێبازەکەی بوو لەوڵاتانی وەك یەمەن وسوریا و تورکیا و ئەفەریقا و هندستان، ئەم ڕێبازە بڵاوەی پێکرا. شیخ عەبولقادریش لە ساڵی ١١٦٥کۆچی دوایی کرد و لە بەغدا، مەرقەدەکەشی بەمەرقەدی (حەزرەتی گەیلانی) یان حەزرەتی حەوز ناوبانگی دەرکرد، ئیستاشی پێوە بێت ڕێبازی قادری لە عێراق و میصر و سودان و مەغریبی عەرەبی و زۆرێك لەووڵاتانی ئاسیا و ئەفەریقاش بەدی دەکرێت، لە کوردستانیش ئەم ڕێبازە زۆربڵاوەو گەشتۆتە زۆربەی شوێنەکان و شێخەکانی کەسنەزان و بەرزنجە و تالەبانی یەکان لە هەڵگران و پەیڕەوانی ئەم ڕێبازەن، هەر ئەمانیش ڕێبازەکەیان لەکوردستاندا بڵاوکردۆتەوە، لە ناودارترینیشیان شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزانی کە ئیستا ئەو لە ژیاندا نەماوە و کورەکەی شێخ موحەمەد کەسنەزانی کوڕی جێگەی گرتۆتەوە.شێخ جەمیل تاڵەبانی و شێخ نەجیب جەباری لە کەرکوك و شێخ مەعروفی نۆدێ و کاك ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی، ئەم ناوانەش کەهێنامان هەریکەیان تەکیەیی تایبەت بە خۆیان هەبووە، لەوانە تەکیەیی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزانی لە

گوندی کربچنەی ناحیەیی سەنگاوی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، کە بە ناوبانگترین تەکیە دەژمێرێت لە کوردستان و تەکییەیی شێخ جەمیل تاڵەبانی و تەکییەیی سید نەجیبی جەباری لە کەرکوك، تەکییەیی شێخ حەسەنی قەرەچێوار لە ناحیەیی قادرکەرەم سەربە قەزای توزخورماتوو، تەکییەیی شۆریجە لەکەرکوك، تەکییەیی شێخ سالح بەرزنجی لە هەولێر، تەکییەیی کاك ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی. لەم تەکییەیانەش جگە لە کۆڕی زیکر و شەوانی پێنج شەمە و دووشەمە لە پاش نوێژی عیشا حەلەقاتی زیکر دەست پێدەکات کە بریتی یە لە بازنەیەکی خر تێیدا شێخەکان و موریدەکان ئەڵقە ئەگرن و ئالایەکی سەوز کەوێنەیەکی لەپی دەستی تێدایە هەڵدەدەن و لەگەڵ ناڵەی دەف و زرمەی تەپڵ دەست دەکەن بە ویردەکانیان بەووتنی (حەی اللە، دایم اللە)، دواتر پرۆسەی لە خۆدان دەست پێدەکات بە بەکارهێنانی ئالەتی وەك شیر، شمشێر و زرك و هەندێکجاریش بەرد و شوشە دەخۆن و لە خۆیان دەدەن. هەرچەندە ناوچەی جەباری کە پەیرەوی ڕێبازی قادری دەکەن، پیاو چاك و دەروێشەکانیان کەمتر حاڵەتی لە خۆدان و سروتی شێخایەتیان جێبەجێ دەکرد زۆرتر لە شێوەی مەخفی ڕاز و نیاز و زیکریان دەکرد بەتایبەت لە شەواندا.

بروانە (صلاح عیسا، چەمچەماڵ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆژی. بەحسی بەکالۆریۆس، زانکۆی صلاحەدین، ٢٠٠٤ بۆ٢٠٠٥)

(١). سەید مراد سید ئەمین هەنارەیی، چاوپێکەوتن کەرکوك، بەرواری ٢٠١٢/٤/١.

*. سید نەجیب کوڕی سەید حسیب کوڕی سەید هادیە. ئەم زادە . تەکییەیی کەرکوکی بەڕێوەبردووە.

(٢). شێخ سەردار شێخ تایر، چاوپێکەوتن، سلێمان بەرواری ٢٠١٢/٤/١٩.



بەناوبانگترین، کەسایەتی ئاینی و صۆفی و مورید "مامۆستا (سەید عەبدولرەحمانی عەلی کەریم جەباری) یە کە لە ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی (کوڵەبان)، سەربە ناوچەی جەباری، پارێزگای کەرکوك لەبنەماڵەیەکی ئاینی و خواترس چاوی بەدونیا هەڵهێناوە، لەتەمەنی شەش ساڵیدا دەخرێتە بەر خویندن لە جوجرە تاتەمەنی (٢٠) ساڵی هەموو کتێبە ئاینی پیرۆزەکانی ئەو سەردەمەی زانستی ئاینی پیرۆزی ئیسلام تەواو دەکات و وەك(مەنتق، نەحو، شەریع، مەزاهب..هتد) هەڵگری تەریقەتی قادری، کەسنەزانی بووە"[(١)] یەکێکی تر لەو پیاوە ئاینی سۆفیانە کە هەموو قورئانی لەبەربوو، "سەید ئەمین سەید علی سید حسنی جانی یە کە لە ساڵی ١٩٠٧ز لە گوندی جانی سەربە ناوچەی جەباری لەدایك بووە و لەوێ ژیاوە بە حافظی(نابینا)یی (٣٠)جزمەی قورئانی لەبەرکردووە لە چەمچەماڵ لە ساڵی ١٩٩٩ز کۆچی دوایی کردوە"[(٢)] ئەمە جگە لە "صەدرەدین محەمەد عارف کە خەڵکی گوندی (کوڵەبان)ە و بە (خەلیفە صدرەدین) ناسرابوو، یەکێك بوو لەو سۆفی و دەروێشانەی کە شەو ڕۆژی تەرخانکردبوو بۆ خواپەرستی، بەشێوەیەك کە پرچێکی درێژی هێشتبووە و هەمیشە خەریکی ڕاز و نیازی دەروێشانەی خۆی بوو لەگەڵ خالقەکەیدا، سەربەتەکییەیی شێخ حەسەنی قەرەچێوار بووە هەتا مردیش هەربەدەم تەکبیر و تەهلیلەوە مرد. ئەو لە سەرەتای نۆسەدەکاندا لە گوندی ناوبراوی سەربەناوچەی جەباری لەدایك بووە.

(١). ئەسعد جەباری، گۆڤاری باباگوڕگوڕ. ژمارە (٧). کوردستان، کەرکوك، ساڵی ٢٠٠٥. ل١٦.


(٢). سید محەمەد سید ئەمین سید عەلی جانی، چاوپێکەوتن، کەرکوك، بەرواری١/٤/٢٠١٢

له ساڵی ١٩٩٥ له قـەزای چەمـچەماڵ کۆچـی دوایکـرد"[١]، جگەلەچـەندین مەلاوپیاوی خواناسی ئاینی ترکەبەشێك لەمێژووەکەیان تائیـستاش وونـە، جـێ ی ئاماژەبۆکردنــە جگەلــە تەکییــەیی جــەباری ناوچــەکە چــەندین مزگــەوتی تێــدابووە بــە جۆرێــك هەرگونــدە و مزگــەوتێك یــان چــەند "مزگەوتێکی تێدابووە بۆ خواپەرستی"[٢].

(١). مەنیجە محەمەدعارف، چاوپێکەوتن، چەمچەماڵ، بەرواری ٢٠١٢/٤/١٧.

(٢). ئەسعەد جەباری، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٣٠٨)، بەرواری٢٠١٠/١٠/١٨، ل١٤.





وێنەی سۆفی و کەسایەتی ئایینی ناوچەی جەباری سەید عەبدولڕەحمان عەلی



وێنەی دەروێشێکی سەر بە ڕێبازی قادری ئەو ڕێبازەی کە لە ناوچەی جەباریدا باوبووە

### ٢.زمان:

بێگومان زمان بە بەیەك لە ئامرازە گرنگەكانی هاتنەگۆی مرۆڤ دادەنرێت و ڕۆڵ دەبینێت لە پرۆسەی پەیوەندی كردن، ئاماژەكان پێمان دەڵێن "زمان وەك، دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵ(كۆمەڵگە)دا، كاردەكات، بە پێی ئەو هۆكارانەی كاریگەریان لەسەر كۆمەڵ دەبێت، زمانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، جۆر و چەشنی جیاجیای لێ دەستنیشان دەكرێت، دیاردە و هۆكارە جوگرافیەكان ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەیان، لەسەر كایە، جیاجیاكانی كۆمەڵ و مرۆڤایەتی و خودی مرۆیش دەبێت. تەنانەت زانایانی بواری مرۆڤناسی لەوباوڕەدان، ئاو و هەوا و دیاردەسروشتیەكان كاریگەریان لەسەر جۆری پێكهاتەی لەشی مرۆڤیش هەیە. زمانیش لە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتن، كە بەشێكی پێكهاتەی لەشی مرۆڤن، كاردەكات. ئەم جیاوازیانە تێیدا ڕەنگ دەداتەوە" [1]

ڕەنگەیەكێك لەبایەخە تێورییەكانی چەمكی ئەنسرۆپۆلۆژیایی زمان وردبونەوە بێت لە ستراكتۆر(پێكهات)ە كەلتوورییەكانی زمان، چونكە دورنمای ئەم چەمكە"دەكەوێتە پشت مەودا زمانەوانیی و ستراكتۆرە كلاسیكیەكان و شیكردنەوە زمانەوانیە سەر پێیی و سادەكانەوە، بەواتایەكی تر تیشكۆی focus ئەنسرۆپۆلۆژیایی زمان و چەقەكەی وردبونەوەیە لە ستراكتۆری كەلتووریی زمان...

(١).شیروان حسێن خۆشناو. دیاڵكتی جوگرافی، گۆڤاری گزنگ، ژمارە، (٩٤). كانونی دووەمی ٢٠١٢، ل٨٥.



میتۆدی ئەنسرپۆلۆژیایی زمانیش لەهەموو مەودا كەلتووریی و سیاسی و داتا زمانەوانیەكانی هەموو ئاستەكانی زمان دەكۆڵێتەوە ئەو داتایانەش بریتی یە لە. (ئایدێنتیتی identity، ئایدۆلۆژیا، كۆمەڵایەتی بوون، جێگە و ڕێگەی كۆمەڵایەتی زمان)" [1]. بە پێ ی سەرچاوە یەزدانیەكانیش، "زمان سەرچاوەیەكی ئاسمانی هەیە، دیاریەكە لە لایەن خواوە بە مرۆڤ بەخشراوە. هیندەكی تر سەرچاوەگرتنی زمان دەبەستن بە دەنگە سروشتیەكانەوە، هەروەك تیورێكی دیكە پێ ی وایە سەرچاوەی زمان ئاوڕ لە پەیوەندی نێوان جوڵان و بزاوتی جەستەیی و دەنگەكانی زار دەداتەوە" [2]، زانستی جوگرافیایی زمانیش كەلەڕوانگەی جوگرافیەوە لەزمان دەكۆڵێتەوە كاریگەری لەسەر پەیدابوونی دیلێكتی جوگرافی دانابێت. هەرچی دیالێكت(شێوەزار)ە بەو بەشە لێك نزیكانەی زمان یان بەوشێوەزارە بچوكە لۆكاڵیانە:

دەوترێت كە ڕۆڵ دەبینن، لە پێكهێنانی زمانێكی گشتی، هەروەك هەموو زمانێكیش لە چەند لق و شێوەزار و زاراوەیەك پێكهاتووە، شارەزایانی بواری زمانیش بەشێوەیەكی گشتی زمانی كوردی "لە پێنج زارەوە (شێوەزار)ی گەورە، دا دەبیننەوە.

(١). كامیار سابیر، ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی كوردیی و پرۆسێسی ستاندەربوونی، چاپخانەی ئاوێنە، چاپی یەكەم، سلیمانی ٢٠١١.ل١٧.

(٢). حسێن یەعقووبی، زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی كولتورەكان.و: ئیسماعیل زارعی، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەكەم ٢٠٠٧، ل٣بۆ٤

١. زارەوەی کرمانجی باکور: کە ئەم مەڵبەندانە دەگرێتەوە، ماکۆ، ورمێ، خوێ، سەڵماس، هەندێك دێ ی هاوشار، قووچان، بجنورد، کەلات، دەرەگەز، شیران، فاراب، رووبار، دەماوەند لە ئێران، بادینان، دهۆك، ئاکرێ، بارزان لە عێراق، ئیرەوان و بەشێك لە ئەرمەنستانی روسیە و قارس و یدیاربەکر، ئەرزرۆم، وان، بتلیس،

ئەخلات سعر لە تورکیا، بەشێك لە سوریە و لوبنان دەگرێتەوە ئەم شێوەزارە، بریتی یە لە شێوەکانی بۆتانی، بادینانی، بایەزیدی، شەمدینانی، زازایی و قۆچانی.

٢. زاروەی کرمانجی باشوور: ئەم مەڵبەندانە دەگرێتەوە: سنە، سابلاخ/ مەریوان، جوانرۆ، سەقز، بانە، سەردەشت، بۆکان، میاندواو، شنۆ، ساینقەلا، هەوشار، لە ئێران، رەوەندز، حەریر، هەولێر، پشدەر، کەرکوك، سلێمانی، پێنجوێن، لە عێراق، ئەم زاراوانەش بریتی یە لەشێوەکانی: سۆرانی، بابانی، موکریانی، ئەردەلانی.

٣. زاراوەی کرمانجی باشوور: کە ئەم مەڵبەندانە دەگرێتەوە، ژاوەرۆ، هەورامانی بەتەخت و نەوسود، پاوە لە ئێران، تەوێڵە، بیارە، ئیلان پێ لەعێراق، وەهەندێك لە هۆزەکانی گۆران، هەوشار، خانەقین، زەنگەنە، سیامەنسوور لە ئێران، و عێراقدا بەم زاراوە دەدوێن. ئەم زاراوە بریتی یە لە شێوەکانی هەورامانی تەخت، لهۆنی، ژاوە رۆیی.

٤. لەکی: ئەم مەڵبەندانەدەگرێتەوە، کرماشان، مایدەشت، کولیاوەیی، دینەوەر، قەسرشیرین، بیجار، نەیریز، لەئێران. خانەقین، مەندەلی،



بەدرە، کووت لەعێراق، ئەم زاراوانەش بریتییە لەشێوەکانی: کەڵهوڕی، ئیلامی، کوودەشتی، شیروانی.

٥. لوڕی: بریتی یە لە شێوەکانی، فەیلی، بەختیاری، هەفتگلی، سوسەنگردی، ئەم زاراوانە لە بنەڕەتدا، بەدوو شێوە دابەشدەکرێت، یەکەم شێوەی لوڕی بەختیاری، کە مەڵبەندەکانی، دزفوول، شاری کورد، چوار مەحاڵ، پشتکۆ و ناوچەکانی تری بەختیاری، دەگرێتەوە، دووەم شێوەی لوڕیی، فەیلییە. ئەم مەڵبەندانەدا وتووێژی پێ دەکرێ: خورەماوا، ئەلشتەر و ناوچەکانیان.[1]

بە پێی ئەم دابەشکارییەیی سدیق بۆرەکەیی، کەبۆ شێوەزارەوەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی کردووە کە ڕۆڵ دەبینن، لە زمانی کوردیدا. شێوە زاری ناوچەکانی کەرکوك کە ناوچەکانی دەوروبەری دەگرێتەوە. دەچێتە ئەو چوارچێوەوە. "ئەو ناوچانەی کە کاتی خۆی ئەردەلانیەکانی تێدا باڵادەست بوون کەرکوکیشی گرتەوە، کە هۆزەکانی دەوروبەری کەرکوك و کفری و خانەقین و قەراغ ڕوباری سیروان. وەك زەنگەنە و جەباری و شوان و بیبانی و تاڵەبانی، سەربە عەشیرەتەکانی گۆران بوون ئەمان ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری کلاسیکی و نوسراوی خۆیان هەبووە. کە بەدیالێکتی گۆران بووە"[2] .

(١). سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی. بەرگی یەکەم. چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر٢٠٠٨، ل٢٦ بۆ ٢٧.

(٢). د.محەمەد ئەحمەد سەعید(کەساس جەباری)، کەرکوك و بزاڤ شیعری کوردی، چاپخانەی پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم ٢٠٠٨، ل١١٠.

ئەمە لە ڕووی ئەدەب و نوسینەوە سەربە گۆرانن نەك زمانی قسەکردن. چونکە ئەو شێوەزارە زارەکییەیی "خەڵکی ناوچەکە قسەی پێ دەکەن سۆرانییە. هەمان ئەو شێوەزارە (ئێژم و بێژمە)یە کە لە ناوچەکانی گەرمیان قسەی پێ دەکرێت"[1]. لەڕووی قسەکردن و وتووێژی ئاسایی خەڵکی ناوچەکە ئەوەهاتووە "دانیشتوانی ناوچەی جەباریش بە دیالێکتی کرمانجی خواروو(سلێمانی) قسەدەکەن، لە ڕووی ناوچەی جوگرافییەوە لە ناوچەی گۆرانەوە لەیەکەوە دوورن، لەو دەمەشدا هاتوچۆ و پەیوەندی لە هەموو ڕووەکانی(بوارەکانی) ئابوریی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەوە لەشاری سلێمانیەوە نزیکتر بووە وەك لەگۆران و ئەردەڵان"[2].

سەبارەت بەوەی بەشێکی زۆری ئەدەبی نوسراوی ناوچەی جەباری بەتایبەت شێعر بە شێوەزاری گۆرانی نوسراوەتەوە، ڕەنگە ئەم دۆخە بۆ کۆمەڵە هۆکارێکی بابەتی بگەڕێتەوە بەوەی لەو سەردەمەدا "شێعر ووتن بەو دیالێکتە، باوە بە باو، هاوکات لەگەڵ گەشەی کرمانجی خوارووداو، هەرلە سنوری ئەمەشدا کۆمەڵێك شاعیر بەبنچە هەورامی نەبوون، کەچی زۆرینەی شێعرەکانیان بە دیالێکتی گۆران بوون، بۆماوەیەکی زۆریش لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەسنوری کەرکوکدا دیالێکتی گۆران بەردەوامیەکەی لەدەست نەدا،چونکە پێشترئەم دیالێکتەڕەگ و ڕیشەی خۆی داکوتابوو.زەمینەشی بۆلەباربوو"[3].لەڕووی ئەدەبیەوە


---

(١). سەید مراد سید ئەمین هەنارەیی، چاوپێکەوتن کەرکوك، بەرواری ٢٠١٢/٤/١.

(٢). د. محەمەد ئەحمەد سەعید(کەساس جەباری)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی، چاپخانەی ڕۆمان، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، ل٣٨.

(٣)د.محەمەد ئەحمەد سەعید(کەساس جەباری)،کەرکوك و بزاڤی شێعری کوردی،سەرچاوەی، ل١٢٥.





هەرچی دەربارەی ئەو شاعیرانەی کە گۆرانی نەبوون کەچی شێعرەکانیان بەو شێوەزارەبووە، ئەوا نمونەکان پێمان دەڵێن "چەندین شاعیر کە نە بەبنەچە و نەبە شێوەی ئاخاوتن قسەکردنیان گۆرانی نەبوون. کەچی شێعریان بە دیالێکتی گۆران وتووە. لەوانە مەولەوی کە خەڵکی تاوەگۆزییە، مەلای جەباری وەك شاعیر و خاوەن بەرهەمی شێعری بەو دیالێکتە شێعریان ووتووە. نەك بە کرمانجی خواروو"[1] سەرەڕای ئەوەی کە لەو سەردەمەدا وەك باسمانکرد، شێوەزاری گۆرانی زمانی شێعری بووە بەڵام یەکێکی تر لە هۆکارە بابەتیەکەکان. ئاماژە بۆ بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکات لەگەڵ خزمانی زەنگەنە " یەکێك لەو هۆکارانەی کە بونەتە هۆی هاتنە ناوەوەی شێوەزاری گۆرانی بۆ ناو ئەدەبیاتی ناوچەی جەباری، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی لەگەڵ زەنگەنە ئەویش بە هۆی ژن و ژنخوازی، و نزیکایەتی سنوری جوگرافی لەگەڵ زەنگەنەییەکان، ئەم دۆخەش لە بواری ئەدەبدا ڕەنگدانەوەیەکی دیاری هەبووە"[2].

کەواتا لێرەوە ئەوە ڕون دەبێتەوە کە خەڵکی ناوچەی جەباری ئێستاشی پێوەبێت بەهەمان ئەو شێوەزارە سۆرانیە قسەیان کردووە کە لە ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی و گەرمیان باوبووە. دەشێت خەڵکی تریش هەبێت لە ناوچەکە شێوەزاری گۆرانیان زانیبێت. ئەویش وەك لە پێشدا ووتمان ڕەنگە بە هۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتیەوە هاتبێتە ناو ئەدەبیاتی ناوچەکەوە. یان نزیکی سنورە جوگرافیەکە. کەوایە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە زمان لەم ناوچەیە هەمان شێوەزاری گۆرانی بێت.

---

(١). د. محەمەد ئەحمەد سەعید(کەساس جەباری)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

(٢). شێخ سەردار شێخ تایر، چاوپێکەوتن، سلێمانی بەرواری ٢٠١٢/٤/١٩.



**٣.داب و نەریت(کەلەپور).**

بێگومان بەجیاوازی دیدگا و دونیابینی بیرمەندان و شارەزایانی بواری کەلتوور ناسی خوێندنەوەی جیاجیا بۆ چەمکی داب و نەریت، یان کەلەپورکراوە. هەندێك ئەم چەمکە بە رابردوو لە ناو ژیارێکی باودا دەناسێن بەوەی "هەموو ئەوەی پێمان گەیشتووە، کە لە ڕابردووەوە لەناو ژیارێکی باودا، هەروەها کێشەی پاشماوەیە، لەهەمانکاتدا کێشەی دەرهاویشتەی ئێستایە لەسەرچەندین ئاست"[1]. کەواتا ئەگەر بمانەوێت قسەلەسەر دابونەریت بکەین دەبێت بگەڕێنەوە بۆ مێژوو، کە ڕابردووی لەناو هەمبانەکەی خۆیدا ئەرشیف کردووە. بەمەش بیرمان نەچێت هەرگیز ناکرێت"بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز، مامەڵە لەگەڵ چەمکی کەلەپوردا بکەین، چون کەلەپور دەستنیشانکەری شوناسی مێژوویی و کۆمەڵایەتی میللەتانە"[2].

کاتێك دەڵێن کەلەپور ڕۆڵ دەبینێت لە پەروەردەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیماندا موتوربە کراوە بە ژینگە و ئیمکانیاتە مادیی و مرۆییەکانمان، بەشێکیشەلەشوناسی خودی و نەتەوەییمان. کەوایە ئەوکات کەلە پور مانا وەردەگرێت کە لە بۆتەیەکی کەلتوورییەوە بۆی بڕوانین بە"کردەیەکی مرۆیی دەرهاویشتەی ڕەنج و خەباتی مرۆڤە بۆشرۆڤەکردنی دەنگ و ڕەنگەکانی ڕابردوو، لەپێناو بەخشینی واتایەکی بابەتی بەوڕەنگ و دەنگانە" [3].

---

(١). لیبراهیم العیبادي، جدلیات الفكر الاسلامي المعاصر، مؤسسة الاعراف، قم. ١٩٩٩، ص١٥١.

(٢). د.محةمةدخاتمي، الدین والتراث والحداثة و التنمیة و الحریة، دارنهضة، القاهرة، ١٩٩٩، ٦٥.

(٣). عەلی کەریم محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

هەرچـی سـەبارەت بـە کـوردە بـە پـێ ی سەرچـاوە مێژووییـەکان "وادەردەکەوێت کە نەتەوەی کورد خاوەن و شارستانیەتێکی بـەرزی هـەبووە، هەرلە مێژەوە خەت و نوسین و فەرهەنگی هەبووە شان بـە شـانی نەتـەوەکانی تـر بـۆ پێشخـستنی زانـست و فەرهـەنگ هـەنگاوی هـەلگرتووە، بـەلام زۆربـەی شوێنەوارەکانی بـەهۆی تێپـەڕینی زەمـان و پـشێوی و ئـاژاوەی جیهانـەوە لـە ناوچوون، ئەو نوسۆاوانەش کەماونەتەوە گرنگترین بەڵگەن بۆ پیـشاندانی شـان و شکۆ و فەڕی نەتەوەی زانستپەروەری کورد"[1]. هەربۆیە لە ڕوی خوڕەوشـت و کەسایەتیەوە، هەندێك کورد (بە سوارچاکی ڕۆژهەلات) ناودەبـەن، واوەسـفی کورد دەکەن"لە یەکەمین بینیندا، دەتـوانین کـورد بناسـین بـە سـەر و سیمای پڕلە پیـاوەتی و مەردایـەتی و بـەژن و قیافـەتی قـۆز و هەیکـەلی ئەنـدام گالتـە بەترس دەکا، سەرەڕای ئەمـە ڕوخـساری کـورد، چـاوێکی گـەورە و بریقـەدار و ئاگرینی پێوەیە، برۆی چڕ و نێوچەوانی بەرز و لـوتی درێـژی چـەماوە و هـەنگا وی بـە هێـز، یـان بـە شـێوەیەکی تـر سـیفەتی قارەمانـانی کـۆنی بـۆ ماوەتەوە"[2]. ڕەنگە بەشێکی گرنگ لە داب و نـەریتی کـوردا لـە تایبەتمەنـدێتی ژیانی کۆمەلایەتیدا ڕەنگی دابێتەوە وەك ئەوەی "ژیـانی کۆمەلایـەتی کـورد لـە خانووبەرە و شار و ناومالّ و جلوبەرگ و ئاهەنگی ژن هێنان و خەتەنەسورانە و پرسـە و شـتی تـر، کۆمەلـە داب و نـەریت و خوڕەوشـتێکە بەدرێـژایی ڕۆژگـار لەسەردەمە هەرە کۆنەکانی مێژووەوە تا ئێستا دروست بووە، ئەمە جەوهـەری بنەمالّە و عەشیرەت و هۆز و تیرە و نەتەوە و ئاییني تێدایە".[3]

(١). سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی. بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥
(٢). د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.
(٣). د. مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.





وێنەی تەشی ڕستن بەشێك لە نەریتی کۆنی ناوچەی جەباری و کورد بەگشتی



ووێنەی کاری دەست، کە پێی دەلێن (گلێم)

هەرچی سەبارەت بە کەلە پور و داب و تەریتی ناوچەی جەبارییە، ئەوا لە زۆر رووەوە بەدەرنیە لەو کەلە پور و ژیانە سادەیەیی کە لە ناوچەکانی تری کوردستاندا تەبەنی کراوە، بۆیە ئێمەکاتێك باسی کەلەپور دەکەین پێوستە باسی شێوازەکانی ژیان و ژن و ژنخوازی و جۆری جل وبەرگ و خانوبەرە و کەرەستەی بژێوی و ..هتد ئەو نەریتانەبکەین کە لەناوچەکەدا بەجێ ماوە. هەرچەندە لە رووی تۆبۆگرافیەوە "ناوچەی جەباری لای رۆژئاوای نەبێ زەوی تەختی کەمە و کەمتر بەکەڵکی کشتوکاڵ دێت، زۆرتر ناوچەکە شاخاوییە، بەڵام شیوی قوڵ و کانیاو و چەمی زۆرن"[(١)]

بەڵام لەبەر ئەوەی "هۆزێکی جێگیربوون زیاتر بە کشتوکاڵەوە خەریك بوون،[(٢)] هەروەها جگە لە کشتوکاڵکردن بە شێکی تر لە خەڵکەکەی بە ئاژەڵدارییەوە خەریکن بەهۆی ئەوەی "کە هۆزێکی جێگیربوون، خەڵکەکەی خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین"[(٣)]. کەوتا لە رووی ئابورییەوە خەڵکی ناوچەکە زۆرتر لەسەر ئەو بەرهەمەکشتوکاڵیانە ژیاون کە خۆیان تۆویان کردوە و چاندویانە، لەم پرۆسەیەشدا چەندین ئامێری سادە بەکارهێنراوە. "وەك گا و جوت (یان کەر و هێستر) کە زەویان پێ دەکێڵا و بە (جەنجەر)*یش خەرمانیانیان دەکوتا لە زستاندا زەویان دەکێڵا و هەندێك جاریش لە بەهاردا وەردیان دەکێڵا لە وەرزی هاویندا دەیان دوریەوە لە کاتی کێڵانی زەوی و دورینەوەی بە گیانی هەرەوەزی کارەکان بەڕێوەدەچوو"[(٣)].

(١). زاهیر رۆژبەیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

(٢). محەمەد امین زگی بەگ، خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٠، ل٢٤١.

(٣). ئي جي ئار، عشائرالكردية، ترجمة: فواد حمةخورشيد، مطبعةحوادث، بغداد ١٩٧٩، ص٧٥.

*جەنجەر: بریتی یە لە لە ئامێرێك کە لە داردروست دەکرا، باڵتەی ئاسنی پێوەدەکرا و دەخرایە مل گاکان یان دەخرایە مل هێسترەکان. لە شێوەی عارەبانەی ئیستا، سواری دەبوون خەرمانیان پێ دەکوتا و دواتر بە ئامێرێکی سادەی وەك شەن، گەنم یان جۆ پاکەکە لە بەشەکانی تر جیادەکاتەوە.



سەرباری بەخێوکردنی ئاژەڵ و ڕانداری، بەهۆی بوونی لەوەڕگا، "ئەو ئاژەڵانەی لە ناوچەکە بەخێو دەکرا زۆرتر (بزن و مەڕ و مانگا و کەر و هێستر و ماین) بوو، کە لە کاروبارەکانی رۆژانەی خۆیاندا سودیان لێدەبینی. سەبارەت بە ئەو بەربوومانەی کە چاندویانە زۆرتر (گەنم و جۆ و پاقلە و نیسك و نۆك و مەرەزەی برنج ..هتد)، هەرچی میوەهاتیشە زۆرتر(هەنجیر، تەماتە بامێ، قۆخ ، قەیسی، هەنار، گوێژ)"[(١)]

سیستەمی خانووبەرە لەناوچەی جەباری لەسەرئەو نەریتەکۆنەدەرۆیشت، کەلەکوردستاندا باوبوو.خانووەکانی ناوچەی جەباری زۆرتر لە قوڕ(گڵ) دروستکراوە، لە "لە دروستکردنەکەیدا خشت بەکارهێنراوە، سەر خانووە قوڕەکان بە (دنگز)*، داپۆشراوە، یان دارەڕاکراوە. بەزۆری خانوەکان لە دوو ژوور و هەیوان(دالان)ێك پێهاتوون، خانووی دوونهۆمی و سێ نهۆمی کەمبووە تەنها هەندێك خانوو نەبێت کە لە سەرەوە تەنها یەك ژورێك دروست دەکرا و پێیان دەوت، (باڵەخانە).بە قاڵدرمە(نەردەوان)* دەچونە سەرەوە."[(٢)]

(١). شێخ سەردار شێخ تایر، چاوپێکەوتن، سلێمانی بەرواری ١٩/٤/٢٠١٢

(٢). سید محەمەد سید ئەمین سید عەلی جانی، چاوپێکەوتن، کەرکوك، بەرواری١/٤/٢٠١٢

*. دنگز: بریتی یە لە قوبەی قامیش و دار و پوش، زەل دەکرا، بۆ داپۆشینی ژورەکان، خۆپاراستن لە سەرما و گەرما.

*نەردەوان: بریتی یە لە نووداری تاڕادەیەك درێژ، کە تەنیشتەکانی داری کورت کورتی لێدراوە و بەودارانە هەرنوو دارە درێژەکە گەیەنراوەتە یەك، بە بزمار تا پلە پلە کراوە، لە کۆندا بەکارهێنراوە بۆ چونە سەربان یان باڵەخانە.

شەچەرەی شەوانی گوندەکانی ناوچەی جەباری، وەك نەریتێك لە بەر ئاگردان، بۆ گەرمکردنی کەژاوەی شەوی دێوەخان و دوای وچان و ماڵئاوایی کردن لە ماندووبوون، خۆئامادەکردن بۆ چیرۆکەکانی بەر ئاگردان لە دوای یاریە فۆلکلۆریەکان، وادەردەکەوێت ئەم دۆخە "لێوانلێوبووە، لە گەمە و یاری فۆلکلۆری و کۆڕ و کۆبونەوەی یاران، هەمووکاتێ بەیانان و ئێواران کورگەلی گوند.. لە ئەوجی جوانی و میهرەبانی پاکبوونەوەی ڕوحیان بوون بۆ پێشوازی لە ڕۆژێکی نوێ ، هەروەکو هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازە بەڕووی ژیاندا ئەو ژیانەی ئەوان بەنیازبوون، بۆ هۆنینەوەی کاروانێکی دوور و درێژ دەیانڕوانیە، کازێوەی هەتاوی سەرکەل، ئێوارانیش هێدی هێدی لەگەڵ ئاوابوونی هەتاودا، لە چاوەڕوانی شەوە پڕاوپڕەکانی بەر گوێ ی ئاگردان و چیرۆکە نەبیستراوەکانی نەتەوەیەك بوون"[1].

هەرچی سەبارەت بە ژن و ژنخوازی و نەریتەکانی هاوسەرگیری و خزمایەتییە لەم ناوچە، ئەوە بەدەردەکەوێت،کە"خزمایەتی لەم ناوچە تونـدوتۆڵ بووە، خزمایەتیش دوو جۆرە جۆریەکیان هاوپشت و خزمە نزیکەکانە، وەك ئەوانەی کەلەیەك بنەماڵەن، لەسەربنەمای خوێن و ڕەچەڵەك جۆرەکەی تریان بە هۆی ژن و ژنخوازیەوە خزمی نوێ دروست دەبێت لەگەڵ ماڵی بوك، لەبەر ئەوەی خەڵکی ناوچەی جەباری هەموویان

(١). شێخ سەردار شێخ تایر، چاوپێکەوتن، سلێمانی بەرواری ١٩/٤/٢٠١٢

(٢). ئەسعەد جەباری، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٥٦٢)، بەرواری ١٩/٨/٢٠١١. ل١٧.



یەك پشت بوون بۆیە پەیوەندیەکی تۆکمە لە نێوانیاندا بووە، هەمیشە لە خۆشی و ناخۆشیدا پشت یەکیان گرتووە"[1]

هەروەك خزمایەتی لەڕووی سۆسیۆلۆژیەوە وەصف دەکرێت بە "ئەو پەیوەندیە دانەبڕاوەی ئێمە دەکات، کەلەگەڵ دایك و باوك و خوشك و براکانمان دا هەمانە، وەیان تۆڕێکی فراوانتری خزمایەتی واتە مام و پور و کوڕەمام(ئامۆزا) و ...هتد "[2].

خەڵکی لە گوندا بایەخی زۆری بە خوازبێنی و ژنهێنان و دروستکردنی بنە ماڵە و خێزانی تازەداوە کەئەمەش جۆرێکی ترە لە خزمایەتی لە ڕێگەی ژن و ژنخوازیەوە، بە پێ ی دەستورێکی کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەچێت. ژن و ژنخوازی لەناوچەی جەباری." زۆرتر خزمایەتیەکان، لەناوخۆدابوو، کەمتر ژنیان دەدا بە هۆزەکانی تر لەهۆزەکانی تریشەوە کەمتر ژنیان دەهێنا، زۆرتر خزمایەتیەکان لە ناویەکدا بووە بە شێوەی ژن بەژن، شێوازی داواکردنیش بەم شێوەیەبوو، چوارپیاوی ڕیش سپی یان زۆرتر لە کەسەنزیکەکانی کوڕەکە لەگەڵ مەلایەکدا دەچوون بۆماڵی کچەکە تاخوازبێنی کچ بکەن بۆکوڕەکەیان، دوای چەندڕۆژێك لەوەڵامدانەوەی ماڵی کچەکە پرۆسەی ژنمارەبڕین دەستپێدەکردا بەئامادەبوونی چەندرپیشسپی لەخزمان کەژمارەیان چەندکەسێ دەبوولەگەڵ مەلاکەدامارەی کچەکەیان دەبڕی لەکوڕەکە"[3].

(١). سەید مراد سەید ئەمین هەنارەیی، چاوپێکەوتن، کەرکوك، بەرواری ١/٤/٢٠١٢.

(٢). مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی، ڕێبوار سوهیلی، دەزگای موکریان، هەولێر٢٠٠٢، ل٣٨١.

(٣). سید محەمەد سید ئەمین سید عەلی جانی، چاوپێکەوتن، کەرکوك، بەرواری١/٤/٢٠١٢

ڕێ و ڕەسمـــی بــوك گواســـتنەوەش لـــە ئاهـــەنگێکی ئاشـــکرادا، بەبەشداری خەڵکانی گوند و گوندەکانی درهاوسێ ئەنجام دەدرا، پێیان دەووت (شـایی)، " سـێ ڕۆژ پـێش گواسـتنەوە دەسـتیان دەکـرد بـە زەماوەنـد(هەڵپـەڕکێ)، بـەزۆری لـە ڕۆژی سـێ شـەمەوە بـۆ پێنج شـەمە بەدرێژای ئەو سێ ڕۆژە، هەڵپەڕکێ و خۆشیان دەکرد، ئەو کات نەریت وابوو لەبەر نوێژی جومعە خەڵکی هەربەپێنچ شەممان بوکی دەگواستەوە، بووك گواستنەوەش، بە زۆری بەماین یان ئەسپ بوو، زاوا و بوك جلی کوردیان لەبەردەکرد و سوار ماین دەبوون، بە چەپڵە ڕێزان لەلایەن خزمانی زاواوە پێشوازیان لێ دەکرا، بۆ نانی نیوەڕۆش خواردنی باشیان دروست دەکرد و دەدرا بە ئامادەبوان، خواردنی شای بەزۆری شلە و برنج و گۆشت بوو، لەسەر مەقاڵەی قورین(گڵ)، جێشتیان لێئەنا"(١).

یەکێك لەسیماکانی تاکی کورد و نەریتە دیرینەکانی کورد بریتی یە لە جل و بەرگ، "جل و بەرگی نەریتی ناوچەیی زۆرتر لە پەرانپەر(سەرانسەر)ی نەریتی کوردستان، واتا کۆمەڵگای گوند نشین لە بەر دەکرێن.. تەنها لە جلی کوردیدا کەرەسەی نەریتی کوردی بەراستی بەکار دەهێنرێت، ڕیشەی نەقشەی جلوبەرگی نەریتی کوردی، دیار نی یە بەڵام بەراستی بێ ووێنەیە. جلی قۆڵ درێژ، جگەلە کوردستان، لە نێو عەرەبەدەشتەکییەکان و فەلەستینیەکانیش دەپۆشرێت، پاڵتۆی درێژ وەبیرهێنەری عەبا درێژەکانی سەردەمی عوسمانییە. شەرواڵی پان و پۆڕ لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەر دەکرێت، بەڵام پیاوانی کورد

(١). سەید مراد سەید ئەمین هەنارەیی، چاوپێکەوتن، کەرکوك، بەرواری ١/٤/٢٠١٢.



لە پیاوانی عەرەب جیاوازن، لەبەر ئەوەی شەرواڵی پان و پۆڕ لە بەر دەکەن، لە بەشە جوداکانی کوردستاندا"(١).

هەرچی بەشەکانی جلی کوردییە "بەزۆری پێك دێت لە (جل، یاریدەدەری جل، خشڵ). بەناوبانگترین جۆرەکانی جل و بەرگی کوردی پیاوان بریتیە لە:

١. کورتەك و شەرواڵ و لانك و چۆغە. ئەمەش جۆرەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك دەگۆڕێ بۆ نمونە، (شێوەی موورادخانی، ستارخانی، هەورامی، دزەییاتی..هتد).

٢. شەرواڵ و شەپکی ئاکرەیی، شەرواڵ و شەپکی شێخانی، شەرواڵ و شەپکی زاخۆیی، هەکاری، جزیری، بۆتانی، تیاری).

٣. ئێلەگ و شەڕواڵی (جزیرە و بۆتان ئاڤرینی، ئورفەیی، دیلۆگی، قارسی، دیاربەکری، زازایی)

٤. شەرواڵ و ئێلەگی لوڕی بەختیاری، مەمسانی، کیوەگلۆ).

هەروەك گرنگترین یاریدەدەرەکانی جل و بەرگی کوردیش ئەمانەن، (مێزەری هەجیجی، کڵاوی لبادی ئێزیدیانی چیای شەنگال، کلێتە، کڵاو و دەسماڵ، فێس و دەسرۆك، کڵاو و جەمەدانی، مشکی، پوزەوانە، (زەنگاڵ)، فەرەنجی (کوڵەباڵ)، پەستەك و کەپەنك و قابوت،

(١). فلیپ کرینبروك و کریستییەن ئالیسۆن، کولتور و ناسنامەی کورد، وەرگێڕانی وریا ڕەحمانی، چاپخانەی خانی(دهۆك)، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، ل٢٠٦.

کڵاش، کاڵە و خامینە، ئەمانە بۆ پیاوان. سەرکڵاو، پێچ و کڵاو، هەوری و کڵاو، شەدەو کڵاو، تاسی خۆشناوان، لەچك و سەرپۆش، سەرەوسەروین و کۆچکە، هەوری و پڕدێن(پشتێن) شاڵ و کۆڵوانە سەرشانی، چارۆکە، چارۆگ، بەرهەڵبێنە و پوزەڵە و گۆرەوی و خشڵی کوردی وەك خشڵی ژنانە و گێلگێلە، گوڵەنگ، پوولەکە، لاگیرە، دەرزی، کۆترۆکە، لاسەرە، ژێرچەنە، لوتەوانە و خەزێم، گوارە، ملوانکە، نوشتووی بالاژن، بازن، پاموورە، ئەنگزستیلە، تاکەتارانی و قەران و ئەشرفی لیرە بۆ ئافرەتان"(١).

ئەوەی باس دەکرێت سەبارەت بە جل و بەرگی ناوچەی جەباری وادەردەکەوێت کە جیاوازی ئەوتۆی یە لەگەڵ جل و بەرگی ناوچەکانی تری کوردستان نەبووبێت بەتایبەت کەرکوكو گەرمیان،جلوبەرگی ئەوکات بەزۆری.

" کەواوسەڵتە* بوو. زۆرتر جامانەی ڕەش، یان مشکی لەسەر دەکرا، و کڵاش یان پێڵاو چەرم لە پێ دەکرا، ئەمە بۆ پیاو، بۆ ئافرەتیش، جلی کوردی دەپۆشی، شەرواڵ و کراس و کەوا و سەڵتەی فاسونی ڕەش، کۆڵوانە هەبوو، پشتەماڵ هەبوو ئافرەت دەیدا بە لایەکی قەبرغەیا، پشوین هەبوو کە ڕەش بوو گوڵەنی پێوەبوو ئافرەت دەیبەست بە سەریەوە ، ئەمەجگە لە مشکی و بۆیەمە..هتد"(٢).

---

(١). عەباس سلێمان سمایل، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٨٦_٨٧)، ساڵی نۆیەم، ئابی ٢٠٠٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل١٥٧.

(٢). سید محەمەد سید ئەمین سید عەلی جانی، چاوپێکەوتن، کەرکوك، بەرواری١/٤/٢٠١٢.

*. کەولو سەڵتە: بریتی بوو لە سێ پارچە یان دووپارچە، شەرواڵێکی سپی بلوری پان و پۆڕ، لە ژێرەوە، کراسێکی سپی لەسەری ، کەوایەکیش کەدەدرابەسەر کراس و شەرواڵەکەدا. لەسەر کەواکەشەوە سەڵتە کە لە بەر دەکرا، کەلە شێوەی جاکەت بوو. پشتێونیشیان لەپشت دەبەست. لە قۆڵەکانی سەڵتەکەوە فەقیانەی سپی لەگەڵدا شۆڕدەکرایەوە.



ئەمانە بەشێك بوون لەو داب و نەریتانەی کە لە ناوچەی جەباریدا باوبوون. وەك نەریت نەوە لەدوای نەوە لە شێوەی دەستوریەکی کۆمەڵایەتی، پێوەی پابەندبوونە وەك بەشێکیش لە ڕەوشت وکەلەپور و دەستوری کوردەواری بوونەبە پێکهێنەری بەشێك لە ڕەگەزەگرنگەکانی کەلتووری ناوچەی جەباری.

## ١. ئەدەب و هونەر.

ئەدەب و هونەر هەنوکە یەکێکە لە توخمانەی کەلتوور، کە ڕەهەندێکی ڕوحی و چێژێکی تایبەتی دەبەخشن بەژیانی مرۆڤ. بە بەشێکیش لە ناسنامەی گەل دینە هەژمار. میرات و سەروەتی هەرنەتەوەیەك خاڵی نی یە لە تێکستە ئەدەبی و سەمفۆنیاناوازەکانی میوزیك و دیوە واقیعیەکەی هونەر، لەبەر ئەوەی ئەم ڕوانینەی ئێمە لە توێژینەوەکەماندا ڕوانینێکی کەلتووریە، بۆیە دەتوانین لەم دیدگایەوە ئەدەب بنسێنین بە "ئەو قسە و بیروباوەڕە جوانانەی کە لە دەرونی هەرئەدیب و هونەرێکا پەیدابووە، بەووتەی جوان و ئاوازدار لە دوو لێوی ئەو ئەدیب و هۆنەرەوە دێتە دەرەوە، وەکو بڵێیت ئەو قسانەی ئەوان ئەبن، بە ئاوێنەی نەتەوەکەیان"[1]. ئەمە ڕێك ئەو پێناسا سادەی ئەدەبە کەلەگەڵ کەلتوور و داب و نەریتە لۆکاڵیەکاندا کەڵکی لێ وەردەگرین.

شان بە شانی ئەدەب. هونەریش وەك پێکهاتەیەکی بابەتی گرنگ، کە خۆی لە گۆرانی و میوزیك و شانۆ و سینەما و هەڵپەرکێ و ...هتد دابینێتەوە، ئاسان تێکەڵ بە نۆرمە کەلتووریەکان دەبن، "لەم دیدەوە، گەوهەری هونەر وەك کردەیەکی مرۆیی و چڤاکی لە ئاستێکی جوانناسییدا، هەڵگری پەرۆشیەکی ڕوحی و ئایدیالیە.هونەر سەرچاوەیەکە بۆ گەشەی رووحی بزاڤە جڤاکیەکان. ئەو هونەرە چێژ و تامی نوێ دەئافرێنێت، بەمەش ڕامانی نوێ، جوانیە نادیارەکان، ئاوەڵا دەکاتەوە. ڕەوشی نوێ و پەیوەندی نوێ بە ژیانی کەلتووریی



